
ئالان محەمەد

# ئاكورا

**ئالان محەمەد**

## پێڕست

1- پێش تەقینەوەکە

2- دوای تەقینەوەکە

3- بڕیارێکی چاوەڕوان کراو

4- برسییەتی

5- دیارییەکی شاراوە

6- مەشقێکی پێویست

7- یادەوەرییە کۆنەکان

8- دیدارێکی چاوەڕوان نەکراو

9- هەڵاتن لە دۆزەخ

10- دوو ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو

11- سەرەتایەکی تازە

12- بەهەشتێک لەناو دۆزەخدا

**لەسەر خەڵکی پێویستە کە شارەزای ڕێگای چوون بەرەو دۆزەخ بن تاکو بتوانن لە دەستی ڕاکەن.**

**"نیکۆلۆ ماکیاڤێللی"**

# بەشی یەکەم

## پێش تەقینەوەکە

لە لێواری بینایەکی بەرز بە تەنیا وەستا بوو، سەیری خوارەوەی کرد و زانی کە ئەمە کۆتاییەتی، بەڵام هەستی بە هیچ جۆرە ترسێک یان دڵتەنگییەک نەکرد. بەڵکو زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارانە کەوتە سەر لێوەکانی و لە دڵی خۆیدا گوتی: کەوایە کۆتاییەکەم بەم شێوەیەیە، ناتوانم بڵێم کە چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد. هەرچەندە حەزم دەکرد لەسەر جێگایەکی گەرم بە شێوەیەکی ئارام و بێ ئازار بمرم، حەزم دەکرد لە کۆتا ساتەکانی ژیانمدا دەستەکانی چاوان بگرم، حەزم دەکرد کۆتا شتێک چاوم پێی بکەوێت چاوە میهرەبانەکانی ئەو بێت. بەڵام ژیان هەرگیز ئەوەت پێ نابەخشێت کە دەتەوێت، بەڵکو هەمیشە ڕێگایەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی نائومێدت بکات.

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا جانتا کۆن بووەکەی دانا، دواتر دەمانچەکەی کە لە جۆری (گلۆک-19) بوو لەناو کیفەکەی دەرهێنا، مەخزەنەکەی کردەوە و دواتر تەواوی فیشەکەکانی دەرهێنا و تەنیا یەک دانەی تێدا هێشتەوە، دوای ئەمە، ئەوا فیشەکەکانی دانە بە دانە فڕێدایە سەر زەوی. بەم شێوەیە دەمانچەکەی تەنیا یەک فیشەکی تێدا مایەوە، فیشەکێک کە بۆ خۆی هەڵگرتبوو. دەمانچەکەی بەرز کردەوە و ئاڕاستەی بەشی لای ڕاستی سەری کرد، پێش ئەوەی پەلەپیتکەکە (پەلەپیتکەی دەمانچە) ڕابکێشێت، ئەوا بۆ ساتێک تەواوی ڕووداوەکانی ژیانی بە پێشیدا تێپەڕین، بۆ ساتێک بوونی ئێستای خۆی لەبیرکرد و کەوتە بیرکردنەوە لە ڕابردوو. هێشتا هەموو شتێکی بە باشی بیر بوو، هەروەکو ئەوەی کە دوێنێ ڕوویان دابێت. بیریەتی کە ئەو ڕۆژە چی ڕوویدا تاکو بەم حاڵەی گەیاند، بیریەتی کە ئەو ڕۆژە چۆن چارەنووسی

**مرۆڤایەتی بۆ هەتاهەتایە گۆڕا، بیریەتی کە چۆن ئەو ڕۆژە بوو بە دەستپێکی سەدەیەکی تاریک بۆ مرۆڤایەتی.**

## "پێش سێزدە ساڵ"

**کاژێرێک پێش ڕووداوەکە هاڤی لە کافتریای زانکۆ لەگەڵ ئێلا دانیشتبوو، چەند خوولەکێک بەسەر وانەی پێشووتریاندا ڕۆیشتبوو، بۆیە کاتێکی زۆریان لەبەردەستدا بوو تاکو وانەی داهاتوو پشوو بدەن و پێکەوە کات بەسەر ببەن. ئێلا بۆی باسی وانەکە دەکرد کە چەندە قورسە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام هاڤی گرنگی بە قسەکانی نەدەدا بەوەی کە بابەتی خوێندن سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا، ئەمە لە کاتێکدا هاڤی زیرەکترین قوتابی بەشەکەی بوو. خوێندن لای ئەو شتێکی بێ مانا و بێزارکەر بوو، بۆیە هەمیشە دەیویست خۆی لەم جۆرە گفتوگۆیانە بەدوور بگرێت. ئێلا ئەمەی دەزانی، بۆیە زۆرجار کە باسی شتێکی وەهای دەکرد، ئەوا خێرا کۆتایی پێ دەهێنا. بەهەرحاڵ دواتر بێدەنگ بوو، بەڵام پاش چەند ساتێکی کەم لەپڕ زەردەخەنەیەک لێوەکانی گرت، ئەمەش لای هاڤی سەیر بوو، بۆیە پرسی کە هۆکاری ئەو زەردەخەنەیەی چییە. ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: بیرم لە شتێک دەکردەوە ...**

**-بیرت لە چی دەکردەوە؟**

**-بیرم لەوە دەکردەوە چۆن سەیری ئەو کچە دەکەیت کە ناوی (ئاتێیا)یە. ئاشکرایە کە ماوەیەکی زۆرە حەزت پێی دێت، وە کچێکی جوانە، بۆیە بۆچی ناچیت تاکو قسەی لەگەڵدا بکەیت؟**

**هاڤی دوای بیستنی ئەمە ڕەنگی سووڕهەڵگەڕا و شەرم دایگرت، دوای ساتێک بێدەنگی، ئەوا هاڤی بە شەرمەوە گوتی: نازانم مەبەستت چییە !**

-هەوڵ مەدە فێڵ لە من بکەیت.

-نەخێر، هەڵەیت، شتی وا نییە !

-بەڵێ بەڵێ ! ئاشکرایە ! (ئێلا بە پێکەنینەوە ئەمەی گوت)

-باشە، دیارە کە ناتوانم بیشارمەوە. بەڵێ، سەرنجی ڕاکێشاوم.

-کەوایە بوێربە و قسەی لەگەڵدا بکە، خۆ هیچی تێناچێت.

-ئەمە بۆ تۆ ئاسانە بەوەی کە کچێکی جوانیت، کەسانی وەکو تۆ هەرچی بیانەوێت و کێیان بوێت دەتوانن بەدەستی بێنن. بەڵام بۆ کەسانی وەکو من ئەمە درووست نییە، من سەرنجڕاکێش نیم و بوێریش نیم، شتێک نییە تاکو لە مندا حەزی پێ بێت، کەوایە بۆچی خۆم بکەمە گاڵتەجار؟ شتێکی بێ مانایە.

-کێشەی تۆ ئەوەیە کە زۆر بیر دەکەیتەوە، بزانە کە لە ژیاندا پێویستە جار جار کۆتی مێشکت بشکێنیت و بەدوای دڵت بکەویت، ئەگینا هەمیشە تەنیا دەبیت، وەکو حاڵی ئێستات.

-من تەنیا نیم، ئەوەتا تۆم هەیە.

-دەزانم گیانەکەم، بەڵام ئەمەیان جیاوازە، تۆ حەزت بەو دێت، دەتوانم بڵێم کە خۆشیشت دەوێت. تێبینیم کردوویت کە چۆن سەیری دەکەیت، وە هەر کاتێک ئەو دەبینیت، ئەوا ڕوومەتت سوور هەڵدەگەڕێت و باش هەناسەت بۆ نایەت. بزانە کە ئەگەر یەکێک هەستێکی لەو شێوەیەی بۆ من هەبووبا، ئەوا دڵخۆشییەکی بێ کۆتا دایدەگرتم، بۆیە دڵنیام کە ئەویش هەمان هەستی دەبێت.

-نەخێر، ئەمە کارێکی بیرسایانە (مەنتیقی) نییە، شتی وا ناکەم !

-لەم ترسنۆکییەت بێزار بووم، بۆیە خۆم دەچمە لای و هەستی تۆی پێ دەڵێم.

**لەگەڵ ئەم قسەیەی لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەرەو لای کچەکە ڕۆیشت. لە کاتێکدا کە لەو مێزەیە نزیک دەبۆوە کە ئاتێیا و هاوڕێیەکانی دانیشت بوون، ئەوا هاڤی لە دوورەوە ئاماژەی گەڕانەوەی پێ دەدا و دەیگوت کاری وا نەکەیت !**

**بەڵام ئێلا پشتگوێی خست و ڕۆیشتە لایان. سڵاوی لە هەمووان کرد و دواتر ڕووی لە ئاتێیا کرد، گوتی: سڵاو ئاتێیا، وابزانم دەمناسیت، ناوم (ئێلا)یە. دەمەوێت بە تەنیا قسەت لەگەڵدا بکەم.**

**(ئاتێیا)ش ڕووی لە ئێلا کرد و بە شێوەیەکی لووتبەرزانە گوتی: هەرچی دەتەوێت بیڵێیت، ئەوا لێرە بیڵێ.**

**ئێلا بەم شێوازی وەڵامدانەوەی کەمێک ناڕەحەت بوو و گوتی: بەڵام بابەتەکە تایبەتە، ناکرێت...**

**ئاتێیا بە شێوەیەکی بێ ڕێزانە قسەی پێ بڕی و گوتی: بابەتی تایبەتی لای ئێمە بوونی نییە، هەرچی دەتەوێت بیڵێیت، ئەوا لێرە بیڵێ تاکو هەمووان گوێیان لێ بێت.**

**ئێلا بەم هەڵسوکەوتە بە تەواوی توڕە بوو بوو، بەڵام پاش چەند ساتێک هاتەوە سەر خۆی و گوتی: لەبیریکە، هاتم تاکو وەکو دوو مرۆڤی تێگەیشتوو گفتوگۆ بکەین، بەڵام ئاشکرایە کە دووریت لە تێگەیشتوویەوە.**

**ئاتێیا بەم قسەیە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە کەوتە سەر لێوەکانی و دواتر گوتی: سەیرکەن کێ قسە دەکات ! سۆزانییەک کە بە لەش و لارەکەی سەرنجی تەواوی کوڕانی زانکۆی ڕاکێشاوە. نەوەکو هەر ئەمە، بەڵکو سەرنجی ئەو کوڕە زیرەکە نامۆیەشی ڕاکێشاوە کە ناوی... ناوی... ناوی هەرچییەک بێت (دواتر خۆی و هاوڕێیەکانی کردیان بە قاقای پێکەنین). هێشتا لەم سووکایەتییەی تەواو نەبووبوو کاتێک گوتی: بیستوومە کە پێکەوەش دەژین، دڵنیام کە کاری سەرجێیشی لەگەڵدا**

**دەکەیت. هەرچەندە دڵنیام کە ناتوانێت خۆشی تەواوت پێ ببەخشێت بەوەی کە دڵنیام چووکێکی (ئەندامی نێرینەی پیاو) بچووکی هەیە!**

**ئێلا بەم قسانەی لە توڕەییان ڕەنگی سوورهەڵگەڕابوو و دەمارەکانی دەرکەوت بوون، خەریک بوو سەری ئەو بگرێت و لە مێزەکەی بدات. بەڵام خۆی کۆنترۆڵ کرد و بە بێدەنگی لەوێ ڕۆیشت، لە کاتێکدا ئاتێیا و هاوڕێیەکانی هەر پێی پێدەکەنین.**

**دواتر ئێلا گەڕایەوە بۆ لای هاڤی و بە بێدەنگی دانیشت، تێبینی کرد کە توڕە دیارە، بۆیە پرسی: ئەوە چی بووە، باسی چیتان دەکرد؟**

**ئێلا هێشتا زۆر توڕە بوو، بە ڕادەیەک توڕە بوو کە نەیدەتوانی قسە بکات. هاڤی پێشووتر بەو شێوەیەی بینی بوو، دەیزانی کە لە کاتی توڕەییدا بێدەنگی دەنوێنێت، بۆیە وازی لێ هێنا و هیچی تری نەگوت.**

**دوای چەند خوولەکێک لە بێدەنگی، هاڤی سەیری کاتژمێرەکەی کرد، زانی کات نەماوە و پێویستە بڕۆن بۆ وانەی داهاتوو. بۆیە هەردووکیان هەستان و بەرەو پۆلەکەیان بەڕێکەوتن، بەڵام لە ڕێگادا هاڤی وەستا و گوتی: وزەی وانەیەکی ترم نەماوە، با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.**

**ئێلا ئەم پێشنیارەی بەدڵ بوو بەوەی کە ئەویش دوای ئەو سووکایەتییە توانای وانەیەکی تری نەبوو، بۆیە ڕازی بوو.**

**وەکو باسکرا، ئەوا ئەو دوو هاوڕێیە پێکەوە دەژیان، هیچ خانەوادەیەک یان خزمێکیان نەبوو. دایکی ئێلا لە کاتی لەدایک بوونی ئەودا مرد، وە باوکیشی کە فەرمانبەرێکی باڵای حکوومەت بوو بە نەخۆشی شەکرە مردبوو، ئێلا لەسەر ئەو بڕە مووچەیە دەژیا کە لە حکوومەتی وەردەگرت وەکو قەرەبوویەک بۆ مەرگی باوکی. هەرچەندە بڕە پارەیەکی کەم بوو، بەڵام بەشی ژیانی دەکرد، هەندێک جاریش لێشی زیاد بوو.**

**سەبارەت بە (هاڤی)ش، ئەوا ئەویش دایک و باوکی لەدەستدا بوو، هەڵبەتە نەیاندەناسی بەوەی کە هەر لە ساواییەوە لە هەتیوگە گەورە بوو بوو. کاتێک تازە لەدایک بووبوو، ئەوا دایک و باوکی دووچاری ڕووداوێکی نەخوازراو بوون کە بوو بە هۆکاری مەرگیان، بە شێوەیەک لە شێوەکانیش تەنیا ئەو ڕزگاری بوو، ئەمەش بەڕاستی پەرجوو (موعجیزە) بوو. بەهەرحاڵ کاتێک پۆلیس ئەوانیان دۆزییەوە، ئەوا لاشە مردووەکانیان ڕەوانەی پزیشکی یاسایی کرد و منداڵەکەشیان ڕەوانەی هەتیوگەیەک کرد، بۆیە هەر لەو کاتەوە لەوێ پەروەردەکرا. کاتێکیش گەیشتە تەمەنێک کە تێیدا توانستی کارکردنی هەبوو، ئەوا لەوێ ڕۆیشت و لە چێشتخانەیەک وەکو شاگردێک کاری دۆزییەوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە کاری دەکرد، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لە خوێندنەکەی، لە ڕاستیدا لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنیدا توانی پلەیەکی نایاب بەدەست بهێنێت، هەر ئەمەش وایکرد بتوانێت بچێت بۆ زانکۆیەکی باش تاکو بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات. ئەو لە زانکۆ وەکو بلیمەتێک ناوی دەرکردبوو، لە هەمان کاتیشدا وەکو خۆپەرستێکیش ناوی دەرکردبوو بەوەی کە یارمەتی هیچ کەسێکی نەدەدا و لەگەڵیان تێکەڵ نەدەبوو، بۆیە هەمیشە خۆیان لێ بەدوور دەگرت. بەڵام ئێلا بە پێچەوانەی ئەو کەسێکی ڕووخۆش بوو کە هەمووان خۆشیان دەویست، هەمیشە میهرەبانی بە ڕووی هەمووواندا دەنواند، هەرچەندە لە زانکۆ زیرەک نەبوو، بەڵام ئەو لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا زیرەک بوو. کاتێک بیر لەوە دەکەینەوە، ئەوا پێمان سەیرە کە دوو کەسی وەها پێچەوانە بوون بە هاوڕێی یەکتری.**

وەکو ئاماژەی پێیدرا، ئەوا ئێلا لە زانکۆ زیرەک نەبوو، بۆیە پێویستی بە یارمەتی بوو. کاتێکیش بینی کە هاڤی چەندە زیرەکە، ئەوا ویستی داوای یارمەتی لێ بکات، بەڵام هاوڕێیەکانی گوتیان ئەم کارەی بێ سوودە بەوەی کە ئەو یارمەتی هیچ کەسێک نادات. ئەو گرنگی بە قسەکانی ئەوان نەدا، بۆیە ڕۆژێکیان لە کافتریا ڕۆیشتە لای. لەسەر کورسی کافتریایەکە لای دانیشت و سڵاوی لێ کرد، هاڤی وەڵامی نەدایەوە و سەری خۆی دانواند، ئێلا ئەوەی لەدڵ نەگرت بەوەی کە چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەم شێوەیەی دەکرد. بەهەرحاڵ دواتر گوتی: ئاشکرایە کە تۆ بلیمەتترین قوتابی بەشەکەمانیت، وە ئاشکراشە هیچ کام لە ئێمە لە ئاستی تۆدا نییە، بۆیە پێویستم بە یارمەتی تۆیە. هاڤی دووبارە هیچی نەگوت، وە بۆ ساتێکیش سەری بەرز نەکردەوە، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و گوتی: دەزانم کە ناتەوێت لەگەڵ من یان هیچ کەسێک تێکەڵ بیت، لەوە تێدەگەم، بەڵام بەڕاستی پێویستم بە یارمەتی تۆیە ! ئای کە منیش وەکو تۆ زیرەک دەبووم، دڵنیام منیش وا ڕووم لە خەڵک وەردەگێڕا (ئەمەی بە پێکەنینەوە گوت)، دڵنیام کە دایک و باوکیشت بلیمەتن، هەڵبەتە ئاشکرایە بەوەی کە کوڕێکی وەکو تۆیان هەیە!

هاڤی کە گوێی لەمە بوو، ئەوا سەری بەرز کردەوە و بە دەنگێکی هێمن و نزم گوتی: دایک و باوکم مردوون، بۆیە نازانم کە ئایا بلیمەت بوون یان نا.

ئێلا بەمە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و لەم قسەیەی پەشیمان بۆوە، دوای ساتێک لە بێدەنگی گوتی: داوای لێبووردن دەکەم، ئەوەم نەدەزانی. لەوانەیە ئەمەی دەیڵێم گرنگ نەبێت، بەڵام منیش دایک و باوکم لەدەستداون، بۆیە دەزانم کە ئەم هەستە چەندە بە ئازارە. هاڤی کە گوێی لەمە بوو، ئەوا سۆزێکی تایبەتی بۆ درووست بوو. ئەو هیچ کەسێک ناناسێت کە لە ئازاری بێ دایک و باوکایەتی تێبگات، بەڵام ئەوەتا بۆ یەکەمین جار کەسێک پەیدا بوو کە لەو هەستە کوشندەیە تێبگات. ئێلا دوای ئەوە داوای لێبووردنی کرد و هەستا تاکو بڕوات، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا هاڤی بە دەنگێکی

**میهرەبانەوە گوتی: تکایە مەڕۆ، دیارە کە لە وانەکاندا کێشەت هەیە، خۆشحاڵم دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتیت بدەم.**

**ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو دووانە تێکەڵی یەکتری بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر یەکتریان دەناسی. ئێلا بۆی دەرکەوت کە هاڤی ئەو خۆپەرستە نییە کە خەڵک باسی دەکات، بەڵکو تەنیا شەرم دەکات کە قسە لەگەڵ خەڵکدا بکات. وە هەر یەکێک بەڕاستی بیناسێت، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە چەندە کەسێکی میهرەبان و ڕووخۆشە، وە کە کەسێکە کە لە تاریکترین و ناخۆشترین ساتەکاندا دەتوانێت کەسی بەرامبەری بخاتە پێکەنین. (هاڤی)ش بۆی دەرکەوت کە هاوڕێیەتی کردنی کەسێک بەو ڕاددەیە قورس نییە کە بیری لێ دەکردەوە.**

**دوای دوو ساڵ لە هاوڕێیەتییان بڕیاریاندا پێکەوە خانوویەک (پێکهاتبوو لە دوو ژووری نووستن، ژوورێکی میوان، چێشتخانە، شۆرگەیەکی بچووک، وە حەوشەی نەبوو، بۆیە خانوویەکی تاکو ڕاددەیەک داخراو بوو) لە نزیک زانکۆ بەکرێ بگرن و پێکەوە بژین، بەم شێوەیە هەردووکیان دەتوانن خەرجی ژیان و خوێندنیان دابین بکەن.**

**کاتێک گەڕانەوە ماڵەوە، ئەوا ئێلا ڕۆیشتە ژوورەکەی تاکو جلوبەرگی دەرەوەی دابکەنێت و جلوبەرگی ماڵەوەی بپۆشێت، (هاڤی)ش ڕۆیشتە سەر قەنەفەکەی و دانیشت، دواتر کۆنترۆڵی تەلەفیزیۆنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە سەر (ئێچ بی ئۆو ماکس) تاکو سەیری زنجیرەی "فرێندز" بکات. ئەو زنجیرەیە بە لای ئەوەوە خۆشترین زنجیرە بوو، هەمیشە ئەوی دەخستە پێکەنین. دوای چەند خوولەکێک ئێلا لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، کە هاتەوە دەرەوە، ئەوا کەمێک ئارام بووبۆوە. بەهەرحاڵ کە هاتە دەرەوە، ئەوا جلوبەرگی ماڵەوەی پۆشی بوو کە بریتی بوو لە بیجامەیەکی تەسکی ڕەنگ ڕەش و کراسێکی فراوانی قۆڵ کورتی ڕەنگ خۆڵەمێشی. دواتر ڕۆیشتە لای هاڤی و دانیشت، کاتێک سەیری تەلەفیزیۆنی کرد، بینی کە دووبارە**

سەیری هەمان زنجیرە دەکاتەوە. کاتێک ئەوەی بینی، ئەوا گوتی: باشە ئەوە هەرگیز لەم زنجیرەیە...

ڕێک لەو ساتەدا دەنگی تەقینەوەیەک لە دەرەوە هات کە ناخی زەوی هەژاند، دەنگێک کە خەریک بوو تەواوی جیهان بڕووخێنێت. ڕێک لەگەڵ هاتنی دەنگەکە، ئەوا هەردووکیان لەهۆش خۆیان چوون.

## بەشی دووەم

## دوای تەقینەوەکە

هاڤی چاوەکانی کردەوە، بۆ ساتێک نەیزانی کێیە و لە کوێیە، یاخود چی ڕوویداوە. بەڵام پاش چەند چرکەیەک لە هەستانەوەی هەموو شتێکی بیر هاتەوە، ئەو دەنگە سامناکەی بیر هاتەوە کە بوو بە هۆکاری لەهۆش چوونی، دەنگێک کە خەریک بوو پەردەی گوێی بتەقێنێت. لەگەڵ هەستانەوەی، ئەوا هەستی بە ئازارێکی زۆر لە سەریدا کرد، هۆکاری ئەو ئازارەش بریتی بوو لە بریندار بوونی سەری. دەنگەکە بە ڕاددەیەک بەهێز بوو کە شاشەی تەلەفیزیۆنەکەی تەقاند و وردیلەکانی بەر سەری کەوتن. کاتێک دەستی لە سەری دا، ئەوا هەستی بە برینێک کرد کە خوێنی لێ دێت، بۆیە خێرا ئەو کراسەی کە لەبەریدا بوو دڕاند (بەشی قۆڵی لای ڕاستی دڕاند) و لە سەری بەست. دواتر سەیری دەوروبەری کرد و بینی کە تەواوی ژوورەکە پشێو بووە، دیارە کە ئەو تەقینەوەیە بووە بە هۆی بوومەلەرزەیەک، ئەمەش وایکردووە ماڵەکەیان وا پشێواو بێت. بەهەرحاڵ دواتر بینی کە ئێلا بە بێ هۆشی کەوتۆتە سەر زەوی، هاڤی بەم دیمەنە تۆقینێکی هەناسەبڕ دایگرت. خێرا ڕۆیشتە لای تاکو بە هۆشی بهێنێتەوە، شانەکانی جووڵاند، سەری جووڵاند، بە دەنگێکی بەرز هاواری بەسەردا کرد، کەچی هەر بەهۆش خۆی نەهاتەوە. لێی نزیک بۆوە تاکو بزانێت ئایا هەناسە دەدات یان نا، هەر کە بۆی دەرکەوت هەناسە نادات، ئەوا فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ئەنجامدا. لەسەر زەوییەکە لەسەر پشتی ڕاکشاند و بە هەردوو دەستەکانی بە ڕێژەی قووڵی 5.8 سم پەستانی خستە سەر دڵی، لەگەڵ هەر پازدە پەستانێک دەوەستا تاکو لە ڕێگەی دەمییەوە هەناسەی پێ بدات، دواتر پەستانەکەی دووبارە دەکردەوە و دووبارە هەناسەی پێ دەدایەوە، ئەمەی ئەنجامدا تاکو لە کۆتاییدا ئێلا

چاوەکانی کردەوە و خێرا هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. هەرکە بینی بەهۆش خۆی هاتۆتەوە و سەلامەتە، ئەوا گریانی خۆشی دایگرت و باوەشێکی میهرەبانی لێ دا. ئەوەی جێی خۆشی بوو ئەوە بوو کە ئێلا دووچاری هیچ برینێکی قووڵ نەبوو، تەنیا کۆمەڵە برینێکی ڕووکەشی لەسەر ڕووخساری بوون. هاڤی یارمەتیدا تاکو هەڵیبستێنێت و بیباتە سەر قەنەفەکە، بۆ ساتێک جێی هێشت تاکو ئاوی بۆ بهێنێت، (ئێلا)ش ئاوەکەی خواردەوە و کەمێک هاتەوە سەر باری ئاسایی .

-ئەوە چی ڕوویدا هاڤی؟ بۆچی ئێرە وا... هاڤی ! سەرت خوێنی پێدا دێت، ئایا سەلامەتیت؟ !

-شتێکی وا نییە ئازیزەکەم، برینێکی بچووکە، خەم مەخۆ.

-سەرم ژان دەکات و هەست بە گێژبوون دەکەم، ئەوە چی ڕوویدا، ئەو دەنگە لە کوێوە هات؟

-نازانم، بەڵام دەڕۆمە دەرەوە تاکو بزانم چی ڕوویداوە، تۆ لێرە بمێنەوە تاکو دەگەڕێمەوە.

-نەخێر، ڕێگەت پێ نادەم بە تەنیا بڕۆیت، منیش دێم.

-نەخێر، هێشتا نەگەڕاویتەتەوە سەر باری ئاسایی خۆت، پێویستت بە پشوویە.

-دەمەقاڵێم لەگەڵ مەکە، پێکەوە دەڕۆین و تەواو !

هاڤی دەیزانی کە ناتوانێت ڕای بگۆڕێت، بۆیە ڕازی بوو کە پێکەوە بڕۆن، بەڵام بەو مەرجەی کە هەمیشە لە نزیک ئەو بێت و دوورنەکەوێتەوە. کە چوونە دەرەوە هیچ کەسێکیان نەبینی، بێدەنگییەکی سامناک هەموو شوێنێکی گرتبوو. سەیری دەوروبەریان کرد و تێبینیان کرد کە پەنجەرەی تەواوی خانووەکان شکاون، هۆکاری ئەمەش دیارە دەنگی ئەو تەقینەوەیە بووە. دواتر ڕۆیشتنە سەر شەقامەکە و دوای

**ماوەیەک دوو کۆڵانیان بڕی، لە کاتێکدا کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، ئەوا تێبینیان کرد کە لە دووری دووسەد مەترەوە دووکەڵێکی گەورە بەرز دەبێتەوە، ئەمەش سەرنجی ئەوانیان ڕاکێشا، بۆیە بە هەنگاوی ترسەوە بەرەو ئاڕاستەی دووکەڵەکە ڕۆیشتن. لە ڕێگای چوونیان بەرەو دووکەڵەکە، ئەوا کۆمەڵە شتێکی سەیریان بینی. لەوانە ڕەنگی هەوا بووبوو بە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی، ئۆتۆمبێلی جێهێڵدراو، چەند دووکانێکی بچووکی کراوە کە هیچ کەسێکی تێدا نەبوو، لە هەمووشی سامناکتر لاشەی مردووی کۆمەڵە خەڵکێک لەسەر شۆستە و ڕێگایەکان ! ئێلا ویستی بپرسێت کە ئەوانە بە چی مردوون، بەڵام بە ڕاددەیەک ترسابوو کە وشە لە دەمی نەدەهاتە دەرەوە، بۆیە بێدەنگ بوو، ئەگەر توانستی پرسیارەکەشی هەبووبا، ئەوا هاڤی نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە بەوەی کە خۆشی بە هۆی ترسەوە دەمی گیرابوو. ئەم دیمەنە ترسی خستە ناو قوڵایی دڵی هەردووکیانەوە، ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام ویستی زانینی ڕووداوەکان بەسەریاندا زاڵتر بوو، بۆیە هەر بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن. دووکەڵەکە لەو باخچەیەوە دەهات کە زۆرجار هاڤی و ئێلا پیاسەیان تێدا دەکرد، زۆربەی کات شوێنێکی قەرەباڵغ بوو، ئەمەش سەیر نەبوو بەوەی کە سەوزاییەکی جوانی هەبوو (باخچەکە پێکهاتبوو لە چەندین درەختی بەرز و ڕووەکی جوان، دوو دەروازەی سەرەکی هەبوو کە تێیدا گەشتیاران پێیاندا تێدەپەڕین. ڕێڕەوەکانی باخچەکە بە خشتی سپی داپۆشرا بوون و لە ناوەندیشیدا بە نافورەیەکی سپی ڕازێندرابۆوە کە هەمیشە ئاوی هەڵدەدا).**

**بەڵام چیتر سەوزایی یاخود جوانی بە باخچەکەوە نەدەبینرا بەوەی کە بە تەواوی خاپوور بوو بوو، ڕەنگی درەختەکان بوو بوو بە ڕەنگێکی ڕەشی سووتاو و نافورەکەش تێکشکابوو، ڕووەک و گیایەکانی سەر زەویش بە هەمان شێوە ڕەنگێکی مردوویان گرتبوو. چیتر بوونی ژیان لەوێ نەدەبینرا. هۆکاری ئەم خاپووری و لەناوچوونەش نەیزەکێکی گەورە بوو کە لە ناوەندی باخچەکەدا کەوتبوو، قەبارەی لە قەبارەی**

خانوویەکی یەک نهۆمییەوە نزیک بوو، بەو ڕاددەیە گەورە بوو. هەڵبەتە وا مەزندە دەکرا ئەگەر لەسەر شێوەی خۆی مابایەوە، چونکە لەگەڵ کەوتنی بەر زەوی، ئەوا ورد و خاش بوو بوو.

بۆیە وا مەزندەش دەکرا چونکە قەبارەی بەردە تێکشاوەکانی ئێجگار گەورە بوون، وە زەمینێکی بەربڵاویان داگیر کردبوو. نەیزەکە تێکشکاوەکە ڕەنگێکی خۆڵەمێشکی مەیلەو ڕەشی هەبوو، وە کە لێی نزیک دەبوونەوە، ئەوا هەستیان بە گەرمی پارچە تێکشکاوەکانی دەکرد. هاڤی و ئێلا بە بوونی ئەو نەیزەکە بە تەواوی سەرسام بووبوون، چونکە تاکو ئێستا نەیزەکێکی ڕاستەقینەیان بەو قەبارە گەورەیە نەبینی بوو. بە ڕاددەیەک سەرسامی نەیزەکەکە بوون کە سەرنجیان لەسەر دەوروبەر نەمابوو. دواتر ئێلا سەرنجی لەسەر نەیزەکەکە لابرد و سەیری دەوروبەری باخچەکەی کرد، لەگەڵ سەیرکردنی، ئەوا لەپڕ هاواری کرد و کەوتە سەر زەوی ! کاتێک هاڤی گوێی لەوە بوو، ئەوا زۆر ترسا، بۆیە خێرا ڕووی کردە لای ئەو و پرسی: چی بووە؟!

ئێلا تەواوی گیانی کەوتبوو لەرزین، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، ویستی قسە بکات، بەڵام نەیتوانی. بۆیە بە پەنجەی شایەتومانی ئاماژەی بە لای ڕاستی باخچەکە دا، هاڤی سەیری ئەو ئاڕاستەیەی کرد کە ئێلا ئاماژەی پێدا، کە بینی مەبەستی چییە، ئەوا ڕەنگی پێستی سپی هەڵگەڕا ! ترسێک دایگرت کە هەرگیز لەبیری ناکات!

کاتێک سەیری شوێنی ئاماژەپێدراوی کرد، ئەوا کۆمەڵە لاشەیەکی مردووی بینی کە هەڵدەستنە سەر پێیەکانیان و بەرەو ئەوان دێن. بۆ چەند چرکەیەک هاڤی نەیتوانی بجووڵێت، وەکو دار لە شوێنی خۆی ڕەق بووبوو. لە ڕاستیدا هەر بیریشی لە جووڵان نەدەکردەوە بەوەی کە تەواوی سەرنجی لەسەر ئەو لاشە مردووانە بوو کە وا بەرەو ئەوان دێن، کۆمەڵە لاشەیەکی ڕەنگ سەوزی تۆخی چاو سوور!

**دوای چەند چرکەیەک بوێری بە خۆیدا و هاتەوە سەر باری ئاسایی، ڕوویکردە ئێلا و پێی گوت کە پێویستە بە زووترین کات لەوێ ڕاکەن. بەڵام ئێلا نەیتوانی هەستێت، بە تەواوی ملکەچی ترس بوو بوو و دواتر لەهۆش خۆی چوو. بۆیە کاتێک هاڤی بینی کە لەهۆش خۆی چووە، ئەوا خۆی هەڵیگرت و خستییە سەر شانی (پێیەکانی لە پێشەوە بوون و سەریشی لە دواوە بوو). هەر کە کە هەڵیگرت، ئەوا هاڤی بەوپەڕی خێراییەوە ڕایکرد، چەند جارێک خەریک بوو بکەوێت، بەڵام توانی ئێلا بە سەلامەتی بگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە. دواتر قوفڵی دەرگای ماڵەکەی داخست و ڕۆیشتە ناو ژووری نووستنی (ئێلا)وە، لەوێ (ئێلا)ی لەسەر جێگایەکەی ڕاکشاند و دواتر خێرا ڕۆیشتە چێشتخانەکە، دەبەیەک ئاوی لە بەفرەخەری کارەبایەکە دەرهێنا و خێرا ڕایکردە ژووری ئێلا. لە ئێلا نزیک بۆوە و سەری دەبەکەی کردەوە، ئاوی ڕژاندە سەر دەستی و پڕیچکە ئاوەکانی بە ڕووخساری ئەودا کرد، بەمە ئێلا بەهۆش هاتەوە.**

## بەشی سێیەم

## بڕیارێکی چاوەڕوانکراو

کاتێک هاڤی بینی کە بەهۆش هاتۆتەوە، ئەوا دڵخۆشییەکی بێ کۆتا دایگرت، بۆیە خێرا لەسەر جێگایەکەی لە تەنیشتی دانیشت. دواتر بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە گوتی: زۆر نیگەرانت بووم، ئێستاش کە دەبینم بەهۆش هاتوویتەوە، ئەوا باوەڕ ناکەیت کە چەندە ئاسوودەم.

ئێلا کە گوێی لەمە بوو، ئەوا زەردەخەنەیەکی بێ هێز کەوتە سەر لێوەکانی، ویستی شتێک بڵێت، بەڵام هیچی نەگوت و بە بێدەنگی باوەشی پێدا کرد، باوەشێکی وەها گەرم کە کاری لە هاڤی کرد. دوای چەند خوولەکێک ئێلا کەمێک گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی، ویستی هەستێتە سەر پێیەکانی، بەڵام هێزێکی زۆری نەبوو، بۆیە تەنیا لەسەر جێگایەکەی دانیشت. دواتر ڕوویکردە هاڤی و گوتی: پێویستە دەربارەی ئەوە قسە بکەین کە بینیمان.

(هاڤی)ش بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: ئێستا کاتی ئەم جۆرە شتانە نییە، تاکو ئەو کاتەی چاک دەبیتەوە و هێزت بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوا هەموو شتێکی تر لاوەکی و بێ نرخە. بۆیە لە ئێستادا تەنیا پشوو بدە، دوای چەند کاژێرێکیش ئەگەر گەڕایتەوە سەر باری ئاسایی و توانای هەستانەوەت هەبوو، ئەوا باسی ئەم بابەتە دەکەین.

ئێلا دەیزانی کە ڕاست دەکات، بۆیە ڕاکشایەوە سەر جێگایەکەی و دواتر خەوی لێکەوت، (هاڤی)ش ڕۆیشتە دەرەوەی ژوورەکە و دواتر بەرەو شۆرگەکە (حەمام) ڕۆیشت. یەکەم کاریش کە لە شۆرگەکە ئەنجامی دا بریتی بوو لە سەیرکردنی برینەکەی، بۆیە ڕۆیشتە بەردەم ئاوێنەکە تاکو سەیری خۆی بکات. دوای ئەمە سەیری

سەری کرد و بینی کە چیتر خوێن بە سەریدا نایەت، بۆیە سەرپێچەکەی لێ کردەوە و بە قوماشێکی تەڕکراو کە لەناو دۆلابێکدا دەری هێنابوو شوێنی برینەکەی پاک کردەوە، دوای ئەمە لە نزیک سینکی شۆرگەکە چەسپێکی برینی هەڵگرت و لە شوێنی برینەکەی چەسپاند. دواتر لە شۆرگەکە ڕۆیشتە دەرەوە و بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت، لای سینکەکە چاوی بە کۆمەڵێک قاپ و چەقۆ و کەوچک کەوت، دواتر چەقۆیەکی قەبارە گەورەی هەڵگرت. دوای ئەمە ڕۆیشتە سەر کەونتەرەکە و لە بەشی سەرەوە دارێکی بەیسبۆڵی هێنایە خوارەوە، ئەو دارەی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هەبوو، زۆرجار بە تەنیا یاری پێ دەکرد. کاتێکیش گەورە بوو، ئەوا نەیویست فڕێی بدات بەوەی کە یادگاری خۆشی لەگەڵدا هەبوو، بۆیە بۆ ساڵەها لە بەشی سەرەوەی کەوەنتەرەکەی جێهێشت تاکو تۆزی لەسەر نیشت. بۆیە ئەم کارانەی ئەنجامدا چونکە دوای ئەوەی کە ئەو لاشە مردووانەیان بینی، ئەوا دڵنیا بوو کە پێویستیان بە جۆرە چەکێک دەبێت تاکو لە ڕێیەوە پارێزگاری لە خۆیان بکەن. هەرچەندە چەقۆیەکی چێشتلێنان و دارێکی بەیسبۆڵ چەکێکی وەها نین، بەڵام تاکە شتانێک بوون کە هەیانبوو.

دوای چەند کاژێرێک لە هاتن و چوون بەناو ماڵەکەدا، ئەوا هاڤی گەڕایەوە بۆ ژووری ئێلا، ڕێک لەو ساتەدا ئەویش لەسەر جێگایەکەی هەستا، هاڤی بەو دیمەنە دڵخۆش بوو، دواتر بە پێکەنینەوە گوتی: سەیرکەن، شازادە خەوتووەکە لە کۆتاییدا خەبەری هاتەوە!

ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: تاکە شتێک کە تێیدا ئازا بیت بریتییە لە گاڵتەکردن.

دوای ئەمە ئێلا گوتی: واز لەوە بێنە، ئێستا باشترم، بۆیە با باسی ئەوە بکەین کە بینیمان.

-بەڵێ بەڵێ، دەزانم (ئەمەی بە ڕوویەکی غەمگینەوە گوت). ڕاستی خۆشم نازانم چیمان بینی، نازانم دەربارەی چی قسە بکەین، چونکە ئەوەی بینیمان شتێکی سرووشتی نەبوو.

-بەڕاستی دیمەنێکی سامناک بوو، هێشتا کە بیری لێ دەکەمەوە ترس دامدەگرێت، ئەی چۆن ترس دامنەگرێت؟! ئەوانە کۆمەڵە لاشەیەکی مردوو بوون کە هەستانەوە سەر پێیەکانیان ! چۆن دەکرێت کەسێکی مردوو زیندوو ببێتەوە؟! نەخێر، ئەوانە زیندوو نەبوون، بەڵکو مردوو بوون، بەڵام چۆن هەستانەوە سەر پێیەکانیان؟! ئەمە مەحاڵە!

ئەگەر تۆم لەگەڵ نەبووبایت، ئەوا باوەڕم بەوە نەدەکرد کە بینیم، باوەڕم بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد، بەڵام تۆشم لەگەڵدا بوویت، تۆش ئەوەت بینی کە من بینیم !

-هێمنبەوە و هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە، ئەمە چیتە؟!

-ڕاست دەکەیت، ببوورە، بەڵام تانەم لێ مەدە، چۆن دەکرێت بە شتێکی وەها هەڵنەچم؟!

-تانەت لێ نادەم گیانەکەم، دەزانم کە ئەو دیمەنە چ کاریگەرییەکی لەسەرت هەبووە، تەنیا تۆش نا، بەڵکو منیشی شپرزە کردووە! بەڵام باشترین کارێک لە ئێستادا بیکەین ئەوەیە کە هێمنی خۆمان بپارێزین و بۆ هەموو شتێک ئامادە بین.

لەگەڵ ئەم قسەیەی ئەو چەقۆیەی دەرهێنا کە لە چێشتخانەکە هەڵیگرتبوو، دواتر بە (ئێلا)ی گوت: ئەمە بگرە، با هەمیشە لات بێت.

ئێلا بە نیگەرانییەوە پرسی: چی لەمە بکەم؟

هاڤی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: پیازی پێ پاک بکەوە!

**ئەو بەم گاڵتەپێکردنە زۆر تووڕە بوو و گوتی: ئێستا کەی کاتی گاڵتەیە؟! نازانیت کە بە هۆی ترسەوە خەریکە گیانم دەردەچێت؟! واز لە گاڵتەکردن بێنە و کەمێک جددیبە !**

**هاڤی لە پێکەنینەکەی وەستا، بەڵام هێشتا زەردەخەنە بەسەر لێوەکانییەوە بوو، دواتر گوتی: باشە باشە، ببوورە. بۆیە ئەم چەقۆیەم پێدایت تاکو بەرگری لە خۆت بکەیت، منیش ئەم داری بەیسبۆڵە هەڵدەگرم، چونکە دڵنیام کە بەمزووانە تووشی ئەم "ئاکورا"یانە دەبینەوە.**

**ئێلا لەم قسەیە تێنەگەیشت، بۆیە پرسی: ئاکورا؟ ئەوە چییە؟**

**-مەبەستم ئەو لاشە مردووانەن کە بەرەو ڕوومان دەهاتن.**

**-لەوە تێگەیشتم، بەڵام بۆچی ناوت ناون ئاکورا؟ ئەوە بە مانای چی دێت؟**

**-بەڕاستیتە؟ نازانیت ئاکورا چییە؟! (دووبارە پێکەنین دایگرت)**

**-ئەگەر جارێکی تر پێبکەنیتەوە، ئەوا بەم چەقۆیە چووکت دەبڕم و دەیخەمە ناو دەمتەوە!**

**-باشە باشە، چیتر پێناکەنم. بەهەرحاڵ... ئاکورا خوداوەندێکە لەسەر شێوەی مار. لە بیروباوەڕی دانیشتووە ڕەسەنەکانی باشووری ئوستراڵیا، ئەوا ئاکورا خوداوەندێکە کە پەیوەستە بە ئاو و باران. ئەگەر سەرنجت دابێت، ئەوا ڕەنگی پێستی ئەو مردووانە سەوزێکی تۆخ بوو، وە چاویشیان سوور بوو. ڕەنگی سەوزیش هەمیشە مارم بیر دێنێتەوە، وە ماریش خوداوەند "ئاکورا"م بیردێنێتەوە، بۆیە بڕیارم دا کە ناویان بنێم ئاکورا.**

**-وا خۆم نیشان دەدەم کە لە قسەکانت تێگەیشتم.**

**-دەزانم کە تێنەگەیشتیت، بەھەرحاڵ با واز لەوە بێنین، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزانین چۆن خۆمان بپارێزین. یەکەمین ھەنگاویش بۆ ئەم کارە ئەم چەکانەن کە پێمانن، ھەنگاوی دواتریش بریتییە لە مانەوە لێرە تاکو لە بارودۆخی دەرەوە تێدەگەین. واتا بە ھیچ شێوەیەک ھیچ کاممان ناچینە دەرەوە و دەرگایەکەش ھەر بە قوفڵکراوی دەمێنێتەوە.**

**ئێلا بەم پلانە ڕازی بوو، بەڵام لەپڕ خەمێک دایگرت و گوتی: دەبێت چی بەسەر ھاوڕێکانماندا ھاتبێت؟**

**" -ھاوڕێکانم"... ئەوان ھاوڕێی تۆن، نەوەکو ھی من .**

**-دەبێت چی بەسەر "ھاوڕێکانمدا" ھاتبێت؟ ھانێ، بەمە ڕازیت؟! بەھەرحاڵ بەڕاستیمە، خەمی ئەوانمە. نەوەکو تەنیا ئەوان، بەڵکو خەڵکانی تریش، چونکە مادام ئێمە نەمردووین و نەبووین بەو بوونەوەرانە، ئەوا دڵنیام ھی تریش ھەن کە نەمردوون.**

**-ئەوەی ژیر بێت دەزانێت چۆن خۆی و ئازیزەکانی بپارێزێت، بۆیە خەم لە شتانێک مەخۆ کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.**

**-ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەم بارودۆخە تاکو کەی بەردەوام دەبێت؟ دەبێت تاکو کەی لێرە بمێنینەوە؟**

**-وەکو گوتم، تاکو ئەو کاتەی کە لە بارودۆخی دەرەوە تێدەگەین .**

**-زۆر باشە. دەزانیت... توانستی مامەڵەکردنت لەگەڵ بارودۆخی مەترسیداردا ھەیە، بەڵام توانستی قسەکردنت لەگەڵ بێگانەیەکدا نییە (لەگەڵ گوتنی ئەمە پێکەنین دایگرت).**

**-سەیرکەن کێ فێری گاڵتەکردن بووە !**

**-مەبەستم ئەوەیە کە قسەکانت بیرساییین (مەنتیقین)، وە هاوڕاتم. منیش پێم باشە لێرە بمێنینەوە تاکو بە تەواوی لە بارودۆخەکە تێدەگەین .**

**-هیوادارم ئەم بارودۆخە زوو تێپەڕێت، چونکە هیچ شتێک نەمکوژێت، ئەوا بێزاری ناو ماڵ دەمکوژێت.**

**دوای ئەم قسەیە بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، دواتر چاوێکی لە ئێلا داگرت و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە گوتی: هەڵبەتە چەند ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی بێزاری بەرۆکمان نەگرێت.**

**ئێلا لە مەبەستی تێگەیشت، بۆیە بە پێکەنینەوە گوتی: بێ ئەدەب!**

# بەشی چوارەم

## برسییەتی

وەکو بڕیاردرا، ئەوا چەند ڕۆژێکی سەرەتا بێ کێشە توانیان لە ماڵەوە بمێننەوە، بەڵام بە پێی کات خۆراکیان بەرەو کەمی دەچوو، تاکو لە کۆتاییدا هیچ خۆراکێکیان نەما. ئەم بێ خۆراکییە حاڵی ئەوانیان لە خراپەوە بۆ خراپتر گۆڕی، ئەمەش وایکرد کە هەردووکیان بڕیارێکی بەپەلە بدەن تاکو بە هۆی برسییەتییەوە نەمردوون. هەرچەندە حەزیان نەدەکرد بڕۆنە دەرەوە، بەڵام ناچار بوون بەوەی کە برسییەتی بە تەواوی بەرۆکیان گرتبوو، بۆیە هەردووکیان کەوتنە گفتوگۆکردن.

هاڤی گوتی: ئاشکرایە کە خۆراکمان تەواو بووە، چیتر ناتوانین بەم شێوەیە بەردەوام بین. بۆیە دەڕۆمە دەرەوە و خۆراک پەیدا دەکەم، تاکو دەگەڕێمەوە، ئەوا لێرە بمێنەوە.

ئێلا بە نیگەرانییەوە گوتی: بەڵام دەرەوە مەترسیدارە، کێ ناڵێت ئێستا ژمارەی ئەو مردووانە زیادی نەکردووە؟!

" -ئاکورا ".

-کێ گرنگی بەوە دەدات کە ناویان چییە؟!

-توڕە مەبە، تەنیا گاڵتە دەکەم. بەهەرحاڵ هیچ پلانێکی ترمان نییە، ئەگەرنا لە برسا دەمرین. وە بێ خەمبە، داری بەیسبۆڵەکەم پێیە، بۆیە ئەگەر یەکێک لەو بوونەوەرانە لێم نزیک بێتەوە، ئەوا بەمە سەری دەهاڕم.

-باشە، بە لایەنی کەمەوە با منیش لەگەڵتدا بێم، بەم شێوەیە دەتوانین پشتی یەکتری بگرین و یەکتری بپارێزین.

-ئەمە بیرۆکەیەکی باش نییە بەوەی کە ئەم کارە مەترسیدارە، وە ئەگەر مەرگ لەسەر رێگا بێت، ئەوا حەز دەکەم بە تەنیا بەرەو ڕووی بڕۆم. هەرچییەک ڕوودات، ئەوا دەبێت تۆ بە سەلامەتی بهێڵمەوە، ئەوە تاکە خەمی منە!

ئەم قسەیە کارێکی تایبەتی لە ئێلا کرد، وە وایکرد سۆزێکی تازەی بۆ هاڤی دروست بێت، بۆیە بە بڕیارەکەی ڕازی بوو. دوای ئەمە هاڤی خۆی ئامادە کرد و دوای کاژێرێک بەرەو دەرگا قوفڵدراوەکە ڕۆیشت، قوفڵەکەی کردەوە و بە هەنگاوی ترسەوە بەرەو دەرەوە بەڕێکەوت لە کاتێکدا بە هەردوو دەستەکانی داری بەیسبۆڵەکەی گرتبوو. چەند ڕۆژێک بوو هاڤی دەرەوەی نەبینی بوو، بەڵام کاتێک دیمەنی دەرەوەی بینی، ئەوا کەمێک پەشۆکا. لای سەیر بوو کە چەند ڕۆژێکی کەم چەندە بارودۆخی شتەکانی گۆڕیوە، لای سەیر بوو کە خانووەکان چەندە بەتاڵ دیارن، یان ڕێگا و شەقامەکان چەندە ئاڵۆز بوون، یاخود کە چۆن لاشەی مردووی سەگ و پشیلەکان لەسەر ڕێگا کەوتبوون. بە هۆی ئەوەی کە هیچ کەسێک لاشەکانیان لانەبردبوو، ئەوا بۆگەنیان کردبوو. بۆیە کاتێک هاڤی بە نزیک ئەواندا دەڕۆیشت، ئەوا بە توندی لووتی خۆی دەگرت تاکو ئەو بۆنە پیسەی بۆ نەیەت کە وا لە مرۆڤ دەکات هەڵنجی بێت. هەروەکو چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئەو ئۆتۆمبێلە جێهێڵدراوانەی بینی کە لەسەر ڕێگا بوون، ئەمەی بەلاوە سەیر بوو بەوەی کە لە دڵی خۆیدا پرسی کە ئایا خاوەنەکانیان لە کوێن، وە بۆچی ئەم ئۆتۆمبێلە گرانبەهانەیان جێهێشتووە؟

لەپڕ برسییەتییەکەی بیر هاتەوە، بۆیە سەرنجی لەسەر ئەوانە ڕۆیشت. دوکانێکی پێ دەزانی کە چەند کۆڵانێک دوور بوو، ئەو دوکانە هی پیاوێکی سەروو چل ساڵان بوو بە ناوی داریوس کە یەکەی خۆراکی دەفرۆشت. دەیزانی کە ئەگەر بڕوات بۆ ئەوێ، ئەوا دەتوانێت خۆراکێکی زۆر بدۆزێتەوە، بۆیە بێ دوودڵی و بە وریاییەوە بەرەو ئەوێ بەڕێکەوت.

هاڤی لە ماوەی چەند خوولەکێک چەند کۆڵانێکی بڕی، شایەنی باسە کە ئەو کۆڵانانە تەسک بوون، بە ڕاددەیەک تەسک بوون کە بە ئەستەم دوو ئۆتۆمبێل دەیانتوانی بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانە پێیدا بڕۆن. بەهەرحاڵ تەنیا یەک کۆڵانی مابوو تاکو بە دوکانەکە بگات، لە ڕێگای بڕینی کۆتا کۆڵان ئۆتۆمبێلێکی جێهێڵدراوی تری بینی، وایزانی کە ئەمیش وەکو ئۆتۆمبێلەکانی تر بەتاڵە. بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی بە نزیکیدا ڕۆیشت، هەر کە لە دەرگای شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە نزیک بۆوە، ئەوا "ئاکورا"یەک دەنگێکی دڕندانەی گەورەی نواند و سەری لە جامی ئۆتۆمبێلەکەدا. هاڤی بەمە ڕاچڵەکی و کەوتە سەر زەوی، بە ڕاددەیەک تۆقی بوو کە هەستی بە لێدانی دڵی دەکرد. دوای سی چرکە ورەی بە خۆی دایەوە و هەستایەوە سەر پێیەکانی، بینی کە کەسێک لەسەر کورسی شۆفێرە، پشتێنی سەلامەتی بەستبۆوە، وە تێبینی کرد کە سەری بە شێوەیەکی مەترسیدار برینداربووە. هەڵبەتە کە دەڵێین "کەسێک"، ئەوا مەبەستمان لەو بوونەوەرە مردوویەیە کە چیتر شوێنەواری ڕوحی پێوە دیار نەماوە. ئەو کاتەی کە بوونەوەرەکە هاڤی بینی، ئەوا ویستی بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری بدات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە جامی ئۆتۆمبێلەکە داخرابوو و پشتێنی سەلامەتیش ڕێگری لە جووڵەی کردبوو، ئەوا هیچی پێ نەکرا. تەنیا توانی سەری بە لای ئەو بجووڵێنێت و ئەو دەنگە سامناکە دەرکات. هاڤی ڕووخساری ئەوی بینی، ئەو چاوە سوور و پێستە سەوزەی بینی، ئەو پێستە شیبووەوەی بینی کە وەکو ئەوە وابوو ئاگری تێ بەربووە. هەرچەندە ئاشکرا بوو کە ئەو ناتوانێت ئازاری بدات، بەڵام هێشتا دەترسا، بۆیە خێرا داری بەیسبۆڵەکەی هەڵگرتەوە (کاتێک هاڤی ڕاچڵەکی و کەوتە سەر زەوی، ئەوا داری بەیسبۆڵەکەی لێ کەوت) و بە ڕاکردن لەوێ دوورکەوتەوە.

**کاتێک لەوێ دوورکەوتەوە، ئەوا بۆ ماوەی چەند خوولەکێک لە سووچی کۆڵانەکە دانیشت، ویستی هەناسەیەک هەڵمژێت و بێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی. پێویستی بەمە بوو بەوەی کە کاتێک گەیشتە ئەوێ، ئەوا بە هۆی ترسەوە تەواوی جەستەی کەوتبووە لەرزین. تاکە شتێک کە لەو ساتەدا بیری لێ دەکردەوە ئەو دیمەنە سامناکە بوو کە پێش چەند خوولەکێک بینی، بە ڕادەیەک ترسا بوو کە گومانی ئەوەی کرد ئێستا ئەو بوونەوەرە بە دواوەیەتی و بەمزووانە دەیکوژێت. بەڵام خێرا بەرپەرچی خۆی دایەوە و گوتی: نەخێر، ئەو لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا گیری خواردووە، مەحاڵە کە دەربازی بێت. ئاشکرایە کە ئەم جۆرە بوونەوەرانە زیرەک نین، بەڵکو هیچ جۆرە هزرێکیان نییە، بۆیە مەحاڵە کە بتوانێت لەو ئۆتۆمبێلە بێتە دەرەوە. بەڵێ، مەحاڵە ! بەڵام ئەی چی دەربارەی ئەوانی تر؟ دڵنیام کە تەنیا ئەو دانەیە نییە، دڵنیام کە چەندینی تر هەن دەیانەوێت پێستم لە لاشە جیابکەنەوە، دڵنیام کە لە تاریکیدا خۆیان شاردۆتەوە و بەمزووانە هێرشم دەکەنە سەر ! مادام ئەم ڕاستییە دەزانم، ئەوا بۆچی لێرە دانیشتووم، ئایا شێتم؟! ئەگەر چرکەیەکی تر لێرە بمێنمەوە، ئەوا دووچاری ئەو بوونەوەرانە دەبمەوە، دەبێت خێرا لێرە بڕۆم و بە خۆراکەوە بگەڕێمەوە بۆ لای ئێلا!**

**دوای ئەمە ڕێک هەستایەوە سەر پێیەکانی و بەرەو دوکانەکە بەڕێکەوت، بەڵام ئەم جارە بۆ ساتێک وریایی خۆی پشتگوێ نەخست. لە سووچی کۆڵانەکەوە دوکانەکەی لێوە دیار بوو، دوکانێک بوو کە لەناو زەوی خانووی بەڕێز (داریوس)دا بوو، واتا خانوو و دووکانەکەی لەسەر یەک زەوی بوون. دوکانێکی درێژی بچووک بوو کە تێیدا بەڕێز داریوس هەموو جۆرە یەیەکی خۆراکی دەفرۆشت. شیرینی، بەرهەمە شیرییەکان، بەرهەمە گەنمییەکان، برنج، خواردنەوە گازی و ئاساییەکان، هتد. بەڕێز داریوس هاوسەرێکی هەبوو، لەو هاوسەرەش کچێکی نۆزدە ساڵانی هەبوو بە ناوی شاجوان.**

**شاجوان کچێکی جوان و ڕووخۆش بوو، هەر کەسێک ئەوی بینیبا، ئەوا خۆشی دەویست. شایەنی باسە کە هەر کاتێک هاڤی بینیبا، ئەوا سڵاوی لێ دەکرد، هەڵبەتە ئەو وەڵامی نەدەدایەوە بەوەی کە هەمیشە خوێن سارد بوو. بەڵام ئەو کۆڵی نەدەدا، بۆیە هەمیشە سڵاوی لە هاڤی دەکرد و زەردەخەنەیەکی میهرەبانانەی بە ڕوودا دەنواند. بەڵام سەرارەی باشی و میهرەبانییەکەی، ئەوا خوویەکی خراپی هەبوو، ئەوە خووەش بریتی بوو لە خواردنەوەی کحول. ئەم خووەی لە هاوڕێکانی زانکۆی فێر بوو بوو، هەندێک جار بە ڕادەیەک دەیخواردەوە کە ماڵەوەی نیگەران دەکرد، بە تایبەتی باوکی. هەر بۆیە هەمیشە ئامۆژگاری دەکرد کە چیتر خواردنەوەی کحولی نەخواتەوە، ئەویش وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت ئەی بۆچی تۆ دەخۆیتەوە؟ باوکیشی کە گوێی لەمە دەبوو، ئەوا بێدەنگ دەبوو بەوەی کە نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە. شەوێکیان شاجوان لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆیشتە دەرەوە بۆ خواردنەوە، کاتێکیش ویستیان بگەڕێنەوە، ئەوا بە تەواوی سەرخۆش بووبوون. یەکێک لەوان کە ئۆتۆمبێلەکەی هی ئەو بوو ویستی شۆفێری بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، هەرچەندە ئەویش بە تەواوی سەرخۆش بوو بوو، بەڵام گرنگیان بەوە نەدا، بۆیە هەمووان سەرکەوتنە سەر ئۆتۆمبێلەکە. لە ڕێگای گەڕانەوەیان بە سەرخۆشییەکی تەواو گۆرانیان دەگوت، کردبوویان بە قاقای پێکەنین، بە ڕادەیەک سەرخۆش بوون کە خۆشیان نەیاندەزانی بە چی پێدەکەنن. دوای بڕینی کیلۆمەترێک یان دووان، ئەوا شۆفێرەکە گەیشتە سەر ڕێگای سەرەکی، بە هاندانی هاوڕێیەکانی خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی زیاد کرد، هەر زیادی کرد و زیادی کرد تاکو لە کۆتاییدا ئۆتۆمبێلەکەی لەژێر کۆنترۆڵ دەرچوو و خۆی لە بارهەڵگرێک دا کە بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە دەهات. ئەو شەوە چوار کەس مردن و یەکێک بریندار بوو، یەکێک لە مردووەکانیش کچی بەڕێز داریوس بوو، شاجوان. مەرگی ئەو بە تەواوی بەڕێز (داریوس)ی ڕووخاند، کاتێکیش بە دەستەکانی خۆی کچە بچووکەکەی ناشت، ئەوا کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی و وەکو کەسێک کە هەموو شتێکی لەدەست داوە هاوارێکی پڕ لە ئازاری کرد. پاش ماوەیەک لە مەرگی شاجوان**

هاوسەرەکەی جێی هێشت، بۆیە جێی هێشت چونکە دەیگوت کە هەر کاتێک سەیری تۆ دەکەم، ئەوا کچە بچووکەکەم دەبینم، بۆیە چیتر ناتوانم بەرگە بگرم!

ئیتر لەو کاتەوە بەڕێز داریوس هاوسەرەکەی نەبینییەوە. بەڕێز داریوس دەیزانی کە باشترین چارەسەر بۆ کەم کردنەوەی خەم و خەفەت بریتییە لە خۆ سەرقاڵکردن، بۆیە وەکو ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت، ئەوا ڕۆیشتەوە سەر دوکانەکەی و دەستی بە کارکردن کردەوە. لەو ڕۆژەوە ناوی شاجوان یان هاوسەرەکەی بەسەر دەمی هیچ کەسێکدا نەهات، وە خۆیشی هەرگیز باسی ئەوانی نەکردەوە. بۆیە باسی ئەوانی نەدەکرد چونکە نەیدەویست برینەکەی لەوە قووڵتر بکات. هەمووان لەوە تێگەیشتن، بۆیە وەکو ڕێزێک ئەوانیش بێدەنگییان نواند. هەرچەندە بەڕێز داریوس دووچاری خەم و ئازارێکی وەها قووڵ بوو، بەڵام ئەوە نەبوو بە ڕێگر لەوەی کە لەگەڵ خەڵکدا باش بێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەو ڕۆژەوەی کە هاتەوە سەر دوکانەکەی، ئەوا لەگەڵ کڕیاران و دراوسێیەکانی میهرەبانتر بوو. هەرچەندە هاڤی هەمیشە دەڕۆیشت بۆ دوکانی ئەو، ئەوا هەرگیز بە ڕوویەکی خۆش لەگەڵی نەدەدوا، بەڵکو هەمیشە سارد بوو. بەڵام کاتێک دەربارەی ڕووداوەکەی بیست، ئەوا سۆزی بۆ بەڕێز داریوس جووڵا، بۆیە هەر کاتێک سەری لەو دەدا، ئەوا بە خوێن گەرمییەکی زۆرەوە سڵاوی لێ دەکرد و لەگەڵی دەدوا. هەرچەندە جیاوازی تەمەن لە نێوانیاندا فراوان بوو، بەڵام توانیان ببن بە دوو هاوڕێی ئازیز. جگە لە ئێلا، ئەوا بەڕێز داریوس تاکە کەسێک بوو کە حەزی پێ بێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

کاتێک هاڤی گەیشتە لای دوکانەکە، ئەوا بینی کە دەرگایەکەی داخراوە. ناوەڕاستی دەرگایەکە جامێکی پلاستیکی پتەوی هەبوو، بۆیە سەری لە جامەکە نزیک کردەوە تاکو ببینێت چی لە ژوورەوەیە. دڵی خۆش بوو کاتێک ئەو هەموو یەکە خۆراکییەی لەسەر ڕەفەکانی ناو دوکانەکە بینی، بەڵام ئەم دڵخۆشییە خێرا بوو بە خەمێکی کوشندە. هۆکاری ئەم خەمە لەپڕەش بریتی بوو لە لاشەی مردووی بەڕێز داریوس کە لەسەر

کورسییەکەی دانیشت بوو و سەری ڕاکشاندبووە سەر مێزەکەی. هاڤی بۆ چەند ساتێک تەنیا بیری لای بەڕێز داریوس بوو و فرمێسکی بۆ دەڕشت، دوای ئەوەی فرمێسکەکانی سڕییەوە، ئەوا گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی. دوای ئەمە ویستی دەرگایەکە بکاتەوە، بەڵام قوفڵەکەی لە ناوەوە داخرابوو، بۆیە داری بەیسبۆڵەکەی بەرز کردەوە و بەوپەڕی هێزەوە جامی دەرگایەکەی شکاند، دواتر دەستی بردە ژوورەوە و قوفڵەکەی کردەوە. بەم شێوەیە دەرگایەکەی کردەوە و ڕۆیشتە ناو دوکانەکە.

یەکەم کاری بریتی بوو لە هەڵگرتنی زەرفێکی گەورە و پڕکردنی لە هەر شتێک کە چاوی پێ دەکەوێت، لەم کارەی بەردەوام بوو تاکو زەرفی یەکەمی پڕ کرد، دواتر زەرفێکی تری هێنا و ئەویشی پڕ کرد. ویستی زەرفی سێیەم بێنێت و پڕی بکات، بەڵام لەپڕ لە لای مێزەکەوە دەنگێک هات کە وای کرد ڕەنگی هاڤی سپی هەڵگەڕێت. کاتێک سەیری لای مێزەکەی کرد، ئەوا بینی کە لاشەی مردووی بەڕێز داریوس وا هەڵدەستێتە سەر پێیەکانی ! لاشەکە بە تەواوی سەوز بوو بوو و چاوەکانیشی سوور بوون، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ئەویش بووە بە ئاکورا، هاڤی درکی بەم ڕاستییە کرد، ڕاستییەک کە وای کرد دووبارە فرمێسکی خەم بڕێژێت. هەر کە بینی بەڕێز داریوس بەرەو لای ئەو دێت، ئەوا زەرفەکانی لەسەر زەوی دانان و داری بەیسبۆڵەکەی بەرز کردەوە. بەڕێز داریوس بە هێواشی بەرەو ڕووی ئەو دەهات، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشی، ئەوا هاڤی زیاتر و زیاتر ئامادە دەبوو تاکو هێرشی خۆی بکات. کاتێک لێی نزیک بۆوە، ئەوا هاڤی ساتێک پێش ئەوەی داری بەیسبۆڵەکە لەسەری بەڕێز داریوس بدات، ئەوا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە داوای لێبووردنی لێ کرد. لەگەڵ گوتنی ئەمە بەوپەڕی هێزەوە دارەکەی وەشاند و لەسەریدا، بەڕێز داریوس کەوتە سەر زەوی، بەڵام ئەم لێدانە نەیکوشت بەوەی کە هێشتا کەمێک دەجووڵا. بۆیە هاڤی بۆ جاری دووەم دارەکەی وەشاندەوە، بۆ جاری سێیەمیش، چوارەمیش، پێنجەمیش، شەشەمیش... وەکو شێتێک هەر بەردەوام بوو تاکو مێشکی

**بەڕێز (داریوس)ی پڕژاند. دوای ئەم هەڵچوونە توندەی، ئەوا سەرنجی خستە سەر زەمینی دوکانەکە کە وەکو دەریایەکی خوێنی لێ هاتبوو، وە بینی کە داری بەیسبۆڵەکەشی بە ڕادەیەک بە هۆی خوێنەوە سوور بوو بوو کە وەکو ئەوە وابوو نوقمی بۆیاغ کرابێت. لەو ساتەدا لە حاڵەتێکی دەروونی خراپدا بوو بەوەی کە ئەوە یەکەم جار بوو خوێنی کەسێک بڕژێژێت، بە تایبەتیش خوێنی هاوڕێیەکی. بۆیە دەستەکانی دەلەرزین و خەریک بوو بە گریانەوە بکەوێتە سەر چۆکەکانی. بەڵام ڕێگەی بە خۆی نەدا چونکە دەیزانی کە نابێت کات بەفیڕۆ بدات. بۆیە دوو زەرفەکەی هەڵگرت و بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو لایماڵەوە ڕایکرد. لە کاتێکدا کە ڕایدەکرد، ئەوا تێبینی چەند "ئاکورا"یەکی لەسەر شەقامەکان کرد، نەیزانی کە بۆچی وا لەپڕ دەرکەوتوون، بەڵام لاشی گرنگ نەبوو بەوەی کە لەو ساتەدا تاکە شتێک لای گرنگ بووبێت بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بە سەلامەتی، بۆیە هەر ڕایکرد و ڕایکرد تاکو لە کۆتاییدا گەڕایەوە ماڵەوە. بە ڕادەیەک هەناسەی لێ بڕا بوو کە خەریک بوو ببوورێتەوە، بۆیە خێرا و بە دەنگێکی بەرزەوە بانگی (ئێلا)ی کرد تاکو دەرگایەکەی بۆ بکاتەوە، دەرگایەکەی بۆ کرایەوە و ئەویش بە خێرایی ڕۆیشتە ژوورەوە.**

## بەشی پێنجەم

## دیارییەکی شاراوە

کاتێک هاڤی دەرگایەکەی بۆ کرایەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە چێشتخانەکە، زەرفەکانی دانا و خۆیشی ڕۆیشتە لای مێزی نانخواردنەکە تاکو لەسەر کورسییەک دانیشێت. هاڤی کە زانی لەماڵەوە سەلامەتە، ئەوا بۆ ساتێک ئاسوودە بوو. بەڵام ئەو ئاسوودەییە خێرا کۆتایی پێهات کاتێک لەپڕ دیمەنی کوشتنی بەڕێز (داریوس)ی بیر هاتەوە. لێوەکانی دەلەرزین و ئارەقێکی زۆری دەکرد، وەکو ئەوە وابوو کە تووشی تایەکی زۆر بووبێت. سەرەتا ئێلا بە گەڕانەوەی هاڤی خۆشحاڵ بوو، بەڵام کاتێک لە چێشتخانەکە ئەوی بەو شێوەیە بینی، ئەوا نیگەرانییەکی کوشندە دایگرت. بۆیە خێرا ڕۆیشتە لای تاکو قسەی لەگەڵدا بکات و بزانێت چی ڕوویداوە. لە کاتێکدا کە هاڤی ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانابوو و سەری خستبووە نێوان دەستەکانی، ئەوا ئێلا بە هێواشی لێی نزیک بۆوە و سەری بەرز کردەوە، دواتر بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: چی بووە هاڤی؟ چیت بینیوە کە وا دەلەرزیت؟ ئایا یەکێک لەو بوونەوەرانە... ئایا یەکێک لەو "ئاکورا"یانە هێرشی کردوویتە سەر؟

هاڤی ویستی وەڵامی بداتەوە، بەڵام گریان ڕێگەی لێ گرت، بۆیە نەیتوانی قسە بکات.

بەم گریانەی بۆی دەرکەوت کە شتێکی خراپ ڕوویداوە بەوەی کە دەیزانی ئەو بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک فرمێسک نارێژێت، ویستی بزانێت چییە، بەڵام پەستانی نەخستە سەر. بۆیە کورسییەکی لە خۆی نزیک کردەوە و لە تەنیشت (هاڤی)یەوە دانیشت، باوەشی لێدا و ئەویش سەری خستە سەر شانەکانی. بەم شێوەیە بۆ ماوەی چەند خوولەکێک هاڤی هەر سەری لەسەر شانەکانی ئێلا بوو و

دەلەرزی، بەڵام دوای ئەمە هاتەوە سەر خۆی بەوەی کە بوونی ئێلا لەو کاتەدا هەستی سەلامەتی و ئاسوودەیی پێ بەخشی. بۆیە کەمێک هاتەوە سەر خۆی، بەڵام هێشتا چاوەکانی هەر پڕ بوون لە فرمێسک. ئێلا زانی کە ئێستا توانستی قسەکردنی هەیە، بۆیە دووبارە پرسییەوە: چی ڕوویداوە هاڤی؟

-بەڕێز (داریوس)م کوشت!

ئێلا بەم قسەیە ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، ڕێک لەو ساتەدا لەسەر کورسییەکە هەستا و کەمێک دوورکەوتەوە، دواتر بە دەنگێکی پڕ لەرزینەوە گوتی: کو... کو... کوشتت؟!

-ناچار بووم، چونکە ئەگەر نەمکوشتبا، ئەوا منی دەکوشت! بوو بوو بە یەکێک لەو "ئاکورا"یانە، بۆیە کاتێک کوشتم، ئەوا خۆی لە ژیاندا نەمابوو، بەڵکو مردبوو.

ئێلا بەم هەواڵە بە تەواوی شۆک بوو، نەیزانی چی بڵێت، بۆیە بۆ چەند ساتێک بە ڕوویەکی پڕ لە خەمەوە بێدەنگ بوو. ئێلا بەڕێز (داریوس)ی زۆر خۆش دەویست، چونکە وەکو باسمان کرد کە بەڕێز داریوس هەمیشە لەگەڵ دەوروبەری میهرەبان بوو. بەڕێز (داریوس)یش ئەوی زۆر خۆش دەویست، لە ڕاستیدا خۆشەویسترین کرپاری ئەو بوو بەوەی کە کچێکی جوان و خوێن شیرین بوو. دوای ماوەیەک بێدەنگییەکەی شکاند، ڕووی لە هاڤی کرد و گوتی: دەزانم کە بە هۆی ئەمەوە ئازاری خۆت دەدەیت، بەڵام ئەوە بزانە کە هیچ چارەیەکی ترت نەبووە. وەکو گوتیشت، ئەو مردوو بوو کاتێک کوشتت، بۆیە ئەوەی ئەنجامت داوە بۆ پارێزگاریکردن بووە لە ژیانی خۆت. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە دەستمان بگات بە خوێن ڕشتنی کەسێک، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کە ئەو نەیزەکە کەوت، ئەوا هەموو شتێک گۆڕا. ژیانی ڕابروو کۆتایی پێهاتووە و ئێستا ژیانێکی تازە لە ئارادایە، ژیانێک لە ژێر سایەی مەترسی ئەو بوونەوەرە نەفرەتییانە ! بۆیە یان ئێمە یان ئەوان!

**دوای ئەمە دووبارە لە هاڤی نزیک بۆوە و سەری ئەوی لە سنگی خۆی نزیک کردەوە، دواتر بە دەنگێکی یەکلاییکەرەوە گوتی: بۆیە چیتر خۆت لەسەر شتێک ئازار مەدە کە ناچار بوویت ئەنجامی بدەیت، منیش لە جێی تۆ بووبام، ئەوا هەمان کارم ئەنجام دەدا.**

**هاڤی سەری لە سنگی ئەو دوورخستەوە و دواتر فرمێسکەکانی سڕییەوە. لەسەر کورسییەکەی هەستا و بە دەنگێکی پڕ لە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: دەزانیت چی، ڕاست دەکەیت ! هەرچەندە بەڕێز داریوس لای من ئازیز بوو، بەڵام ئەوەی ئەنجامم دا بۆ پارێزگاریکردن بوو لە ژیانی خۆم، ئەگەر بارودۆخەکە پێچەوانە بووبا، ئەوا ئەویش هەمان کاری منی ئەنجام دەدا.**

**دواتر لە ئێلا نزیک بۆوە، باوەشێکی گەرمی پێدا کرد و گوتی: سوپاس ئازیزەکەم، سوپاس بۆ ئەوەی کە بەرچاوت ڕوون کردمەوە. تۆ نەبووبایت، ئەوا بە هۆی خەمەوە تووشی جەڵتە دەبووم .**

**-پێویست بە سوپاس کردن ناکات، چونکە ئەوەی گوتم بەڕاستیم بوو.**

**-وە شتێکی تر ...**

**-چییە؟**

**-ویستم بڵێم کە سنگت بەڕاستی نەرم و خۆش بوو، بۆیە پێت چۆنە کە دووبارە سەرم بخەیتەوە ناو سنگت و دڵنەواییم بدەیتەوە؟**

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا پاڵی پێوەنا و لێی دوورکەوتەوە، دواتر هەردوو دەستەکانی خستە سەر سنگی و گوتی: بێ ئەدەب!**

**دواتر هەردووکیان کردیان بە قاقای پێکەنین.**

**پاش ئەمە ئێلا سەیری ئەو زەرفانەی کرد کە هاڤی هێنابوونی، سەری زەرفەکانی کردەوە و جۆرەها خواردنی بینی، وەکو گۆشتی قوتووکراو، پسکیتی سوێرکراو، کێکی بچووکی پارچەکراو، گۆشتی وشککراوە، وە لە بنکی زەرفەکانیش کۆمەڵە دەبەیەکی ئاوی تێدا بوو.**

**لە کاتێکدا سەیری خواردن و خواردنەوەکانی دەکرد، ئەوا گوتی: ئاشکرایە کە بەپەلە زەرفەکانت پڕ کردووە، بەڵام کێشە نییە بەوەی کە خۆراک و ئاوی پێویستت هێناوە.**

**هەردووکیان لەو ساتەدا برسی بوون، بۆیە ئێلا قوتوویەکی گۆشتی ماسی دەرهێنا و زەرفەکانیشی لە بەفرەخەری کارەبایەکە هاویشت. هەرچەندە لەو ڕۆژەوەی کە نەیزەکەکە کەوتە سەر زەوی، ئەوا کارەبا نەما، بەڵام شوێنی تری نەبوو تاکو زەرفەکانی تێ بهاوێت، بۆیە لەناو بەفرەخەری کارەبایەکەی هاویشت.**

**هاڤی پێی سەیر بوو کە تەنیا یەک قوتووی دەرهێناوە، بۆیە پرسی: تەنیا یەک قوتوو؟ بەڵام زۆرم برسییە، بەمەندە تێر نابم!**

**-پێویستە خۆراک زۆر سەرف نەکەین، ئەگینا زوو لێمان دەبڕێت، ئەمەش وا دەکات کە ناچار بین دووبارە بچینە دەرەوە و لەو بارودۆخە مەترسیدارەدا بە دوای خواردندا بگەڕێین. ئەگەر بە ئەندازەی پێویست خۆراک بخۆین، ئەوا بەشی چەند مانگێکمان دەکات، بۆیە خۆت لەسەر ئەمە ڕابێنە بەوەی کە شێوازی تازەی ژیانمانە!**

**ئەمە یەکەم جار بوو هاڤی ببینێت ئێلا بەم شێوەیە یەکلاییکەرەوە قسە بکات، بە شێوەیەک کاری تێکرد کە سەری ڕازی بوونی لەقاند و بێدەنگ بوو.**

**دواتر ماسی قوتووکراوەکەیان تەواو کرد و ڕۆیشتن بۆ ژووری میوانەکان، لەسەر قەنەفەکە دانیشتن و کەوتنە گفتوگۆ کردن. سەرەتا هاڤی دەستی بە قسەکردن کرد: دەزانیت پێویستە چەکانێکی تازە بدۆزینەوە، ئەم داری بەیسبۆڵەم باشە، بەڵام**

کاتێکی زۆرم لێ دەبات تاکو یەکێک لەو "ئاکورا"یانەی پێ بکوژم. کە هێرشم کردە سەر بەڕێز داریوس، ئەوا ناچار بووم چەندین جار لێدانەکانم بەوپەڕی هێزەوە دووبارە بکەمەوە، کارێکی ماندووکەرە. هاڤی هەر کە ناوی بەڕێز (داریوس)ی هێنا، ئەوا پەشیمانی دایگرت بەوەی کە بینی ئێلا کەمێک ناڕەحەت بوو. بۆیە خێرا ویستی ئەو لەبیری ئەو بباتە دەرەوە، بۆیە گوتی: بەهەرحاڵ پێویستە چەکی تر بدۆزینەوە، ئایا پێشنیاری هیچ شوێنێکت هەیە تاکو بۆی بڕۆین و چەکی باشتر بدۆزینەوە؟

-ئێستگەی پۆلیس، دڵنیام کە چەکی زۆر لەوێ بەدەست دەکەون.

-شوێنێکی دوور و مەترسیدارە، وە دڵنیام ژمارەیەکی "ئاکورا"ی زۆر لەوێن بەوەی کە ئێستگەکە هەمیشە پڕ بوو لە خەڵک، ئێستاش ئەو خەڵکە بوون بە ئاکورا.

-ڕاست دەکەیت، ئەوێ گونجاو نییە. بوەستە... ئەی چی دەربارەی ماڵی بەڕێز (ئێڤار)ی دراوسێمان؟

-چی دەربارەی ئەو؟

-دیارە کە ئاگادار نیت. بەهەرحاڵ... ساڵێک پێش ئێستا خاتوو (ئاسترێد)ی هاوسەری بۆی باسی ئەوە کردم کە بەڕێز ئێڤار پێشووتر ئەفسەرێکی باڵای سووپا بووە، وە کاتێکیش خانەنیشین بوو، ئەوا سوپا وەکو ڕێزێک جۆرە چەکێکی گرانبەهای پێ بەخشی. دڵنیام کە ئەگەر ماڵی ئەوان بگەڕێین، ئەوا ئەو چەکە دەدۆزینەوە.

-بیرۆکەیەکی باش دیارە، بەڵام وا خەریکە شەو دادێت، چوونە دەرەوە لە کاتی شەودا مەترسیدارە، بۆیە بەیانی لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی ڕووناکی خۆردا دەڕۆم بۆ ئەوێ .

" -دەڕۆم"؟ ئایا مەبەستت لەوە نییە کە پێکەوە "دەڕۆین"؟

-نەخێر، چونکە لەوانەیە مەترسیدار بێت.

**-لام گرنگ نییه، ئەم بیرۆکەیە هی منە، بۆیە پێکەوە دەچین، ئەم جارە ناهێڵم بە تەنیا ڕووبەڕووی مەترسی ببیتەوە.**

**-مرۆڤێکی کەللەڕەقیت، کەوایە باشە، سبەی بەیانی پێکەوە دەچین. بەڵام ئەوە شتێک... نەمدەزانی کە لەگەڵ دراوسێکانمان تێکەڵ بووین، باش بیرمە کە هەمیشە لەگەڵم سارد بوون .**

**-هۆکارەکەی ئەوەیە کە تۆش لەگەڵیان سارد بوویت، بەڵام من وەکو تۆ نەبووم و نیم. بە پێچەوانەی تۆ، ئەوا من توانستی درووستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیم هەیە .**

**-هێی، ئەوە ڕاست نی... باشە، ڕاست دەکەیت. بەهەرحاڵ سبەی ئەوێ دەگەڕێین، بەڵام چاوەڕێکە... ئەی ئەگەر خۆیان لە ماڵەوە بوون؟ لەوەش خراپتر، ئەی ئەگەر بووبن بە ئاکورا؟!**

**-هیچ کەسێک لە ماڵەوە نییە، دوو حەفتە پێش ئێستا بە بۆنەی سێیەمین ساڵیادی هاوسەرگیریان ڕۆیشتن بۆ گەشتێک، کلیلەکەشیان لای من جێهێشت تاکو چاودێری ماڵەکەیان بکەم.**

**-وەکو ئەوە وایە تازە بتناسم، نەمدەزانی کە لەگەڵ دراوسێکانمان بەو ڕاددەیە تێکەڵیت.**

**-ئەگەر کەمێک گرنگیت بە دەوروبەرت دابا، ئەوا سەرنجت دەدایە سەر ئەم جۆرە شتانە.**

**-بەهەرحاڵ با ئەمشەو پشوو بدەین، سبەی دەڕۆین تاکو ئەو چەکە بدۆزینەوە کە باسی دەکەیت. برۆ ژوورەکەت و منیش کەمێکی تر دێم.**

**-دەتەوێت بێیتە ژوورەکەم و لەگەڵم بخەویت؟!**

**- نازانم بۆچی کچان وا بە گومانن، مەبەستم ئەوە بوو کە بڕۆ بۆ سەر جێگایەکەت، منیش دێم و لەسەر زەمینەکە دەخەوم. ئەگەر پێکەوە لە ژوورێک بین، ئەوا بۆ من ئاسانتر دەبێت کە چاودێریت بکەم و بتپارێزم.**

**ئێلا کە گوێی لەمە بوو، ئەوا تەریق بۆوە و بێ گوتنی هیچ شتێک ڕۆیشتە ژوورەکەی، (هاڤی)ش پێڵاوەکانی و چاکەتە ڕەشە خوێناوییەکەی کە هەمیشە لە سەروو کراسە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەی لەبەر دەکرد دانا. دوای چەند خوولەکێک ڕۆیشتە ژووری ئێلا، تێبینی کرد کە لەسەر جێگایەکەی ڕاکشاوە و خەریکە دەخەوێت. لێی نزیک بۆوە و بەتانییەکەی بەسەردادا تاکو سەرمای نەبێت، خۆیشی ڕاکشایە سەر زەوی و چاوەکانی داخست.**

**بۆ بەیانی دواتر هاڤی زوو لە خەو هەستا و لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە، لە پەنجەرەی تەنیشت دەرگایەوە تێبینی کرد کە زۆر نابێت خۆر دەرکەوتووە. بە هۆی ئەوەی کە ئاویان لێ بڕا بوو، ئەوا ئاو بە سینکەکەدا نەدەهات، بۆیە ناچار بوو بچێت دەبەیەکی ئاو بێنێت. دواتر سەری دەبەکەی کردەوە و کەمێک ئاوی ڕژاندە سەر دەستەکانی تاکو ڕووخساری پێ بشوات. دوای ئەمە سەری دەبەکەی داخستەوە و خستییەوە ناو بەفرەخەری کارەبایەکە. دوای ئەوەی پێڵاوەکانی لەپێ کردەوە، ئەوا گەڕایەوە بۆ ژووری ئێلا، بینی کە هێشتا خەوتووە. تێبینی کرد کە بەتانییەکەی لەسەر خۆی لابردووە، کاتێک لێی نزیک بۆوە، ئەوا تووشی شۆک بوو بەوەی کە بینی ئێلا بە جلوبەرگی ناوەوە خەوتووە. دیارە شەوی ڕابردوو کاتێک کە هاڤی لە خەودا بووە، ئەوا هەستاوە تاکو جلەکانی داکەنێت تاکو بە شێوەیەکی ئارامتر بخەوێت. ئەوە یەکەمین جار هاڤی جەستەی بە نیمچە ڕووتی ببینێت، یەکەم جار بوو هەست بە جوانی ئەو بکات. هەڵبەتە پێشووتریش پێی جوان بوو، بەڵام ئێستا کە جەستەی بینی، ئەوا زیاتریشی بەلاوە جوان بوو. بینی کە پێستێکی ئێجگار جوان و نەرمی هەبوو، پێستێک کە وەکو ئاوریشم وابوو. دواتر سەیری سمتی کرد کە وەکو تۆپێکی پێستی**

توند بوو، دواتریش چاوی بە کەمەری کەوت کە باریک بوو، باریکییەک کە وایکردبوو قەدێکی جوانی پێ ببەخشێت. دوای ئەمانەش تێبینی جوانترین بەشی کرد کە بریتی بوو لە سنگە خڕە قەبارە مامناوەندەکەی، بە ڕادەیەک سەرنج ڕاکێش بوو کە وای کرد هاڤی بۆ ساتێک تێیان ڕامێنێت. دواتر لەپڕ ئێلا کەوتە سەر لای چەپی، کاتێکیش سەیری شانی ڕاستی کرد، ئەوا تێبینی کرد کە خاڵێکی ڕەش لەسەر شێوەیەک کە لە شێوەی دڵ دەچوو لەسەر شانی بوو، هاڤی ئەمەی بەلاوە جوان بوو. پاش ئەمە سەیری ڕووخساری پاکی کرد کە لە ئاوێنەیەکی ڕوون دەچوو، قژە ڕەشە خاوەکەشی وایکردبوو ڕووخساری بە ڕادەیەک بدرەوشێتەوە کە وایکردبوو سەرنجی هەموو کەسێک ڕاکێشێت. هەڵبەتە کاتێک هاڤی ئەوی بەو شێوەیە بینی، ئەوا بە لایەوە ئەوی لە جاران پێ جوانتر بوو. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، ئەوا هیچ جۆرە ئارەزوویەکی بۆ نەبوو بەوەی کە هەمیشە وەکو هاوڕێیەک سەیری دەکرد، بەڵکو باشترین هاوڕێی. بەهەرحاڵ نەیویست سەرمای بێت، بۆیە بەتانییەکەی بەسەر ئێلا دادا و نێوچاوانی ماچ کرد. پاش ئەمە، ئەوا دووبارە لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە و بۆ ماوەی دوو کاژێر چاوەڕێی کرد تاکو لە کۆتاییدا لە خەو هەستا. کە هاتە دەرەوە، ئەوا جلوبەرگەکەی پۆشی بوو. جلوبەرگەکەی بریتی بوو لە پانتۆڵێکی شینی کچانە لەگەڵ کراسێکی ڕەشی کاڵی نیمچە کورت، لە سەروو کراسەکەوەش چاکەتێکی تەنکی ڕەنگ زەیتوونی. کاتێک هاڤی ئەوی بینی، ئەوا خۆی تێک نەدا و باسی ئەو ڕووداوەی پێش چەند کاژێرێکی نەکرد. دوای ئەوەی کە ئەویش ڕووخساری شۆرد، ئەوا هاڤی گوتی: کاتی ڕۆیشتنە، بۆیە با بڕۆین.

ئەویش سەری ڕازی بوونی لەقاند و خۆی ئامادەکرد، پێڵاوەکانی لەپێ کرد و ئەو چەقۆیەشی هەڵگرت کە هاڤی پێیدا بوو. دواتر بەرەو ماڵی دراوسێیەکەیان بەڕێکەوتن. هاڤی لە پێشەوە داری بەیسبۆڵەکەی بە هەردوو دەستەکانی گرتبوو و (ئێلا)ش لە پشتەوە چەقۆیەکەی بەدەستەوە بوو، بە وریاییەکی زۆرەوە لە دەرگای

ماڵی دراوسێییەکان نزیک بوونەوە، دواتر ئێلا کلیلەکەی دەرهێنا و دەرگایەکەی پێ کردەوە، بەم شێوەیە هەردووکیان ڕۆیشتنە ژوورەوە. خانووەکە خانوویەک بوو کە پێکهاتبوو لە دوو نهۆم، چێشتخانەکە پێنج هەنگاو دوور بوو لە دەرگایەکەوە، وە لە لای ڕاستی ڕێڕەوەکە بوو، چەند هەنگاوێکی دوورتریش لە لای چەپی ڕێڕەوەکە بریتی بوو لە ژووری میوانەکان، لە کۆتایی ڕێڕەوەکە پلیکانەیەک هەبوو کە بەرەو نهۆمی سەرەوەی دەبردیت. لە نهۆمی سەرەوە دوو ژووری نووستن و شۆرگەیەک و ژوورێکی قوفڵدراوی لێ بوو. دوای ئەوەی کە چوونە ژوورەوە، ئەوا هاڤی گوتی: دیارە کە ئێرە هیچ کەسێکی لێ نییە، بۆیە بڕۆ بۆ چێشتخانەکە و هەرچییەکت بینی سوودی هەبوو، ئەوا هەڵیگرە. منیش دەڕۆم بۆ نهۆمی سەرەوە تاکو ئەو چەکە بدۆزمەوە. ئێلا بەم پلانە ڕازی بوو، بۆیە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە چێشتخانەکە، (هاڤی)ش بەرەو نهۆمی سەرەوە بەڕێکەوت. یەکەم ژوور کە بۆی چوو بریتی بوو لە ژووری نووستنی یەکەم، هیچی لەوێ نەدۆزییەوە جگە لە جێگایەکی خەوتنی دوو کەسی. ڕەنگی دیوارەکان بە کاغەزێکی زەرد کە وێنەی گوڵی تێدابوو داپۆشرابوو، مێزەیەکی بچووکیش لە تەنیشت جێگایەکە بوو بە لای ڕاستەوە.

بینی کە وێنەی ئەو دوو هاوسەرەی لەسەرە کە ئێلا باسی لێوە کرد، دوو هاوسەری دڵخۆش دیار بوون. بەهەرحاڵ لەوێ ڕۆیشت و دواتر دەرگای ژووری دووەمی کردەوە، بینی کە بەتاڵە و هیچی تێدا نییە، جگە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە لە سووچی دیوارەکان، ئەوا هیچی تر نەدەبینرا. ئەوێشی جێهێشت و دواتر ڕووی لە ژووری سێیەم کرد، بینی کە بە شێوەیەک باش قوفڵدرا بوو، دوو سێ جار بە توندی پاڵی بە دەرگایەکەوەنا، بەڵام سوودی نەبوو. دواتر بیرۆکەیەکی بۆ هات... داری بەیسبۆڵەکەی بەرزکردەوە و لە دەستگری دەرگایەکەی دا، قوفڵەکەی شکاند و دواتر دەرگایەکەی کردەوە. کە ڕۆیشتە ژوورەوە، ئەوا لەسەر دیوارەکان چەندین وێنەی جەنگی بینی.

لە تەواوی ئەو وێنانەشدا ڕووخساری کەسێکی ناسیاو دووبارە دەبۆوە، ئەو ڕووخسارەش بەڕێز ئێڤار بوو. دیارە کە لە جەنگی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەر بە هۆی ئەوەشەوە بە بۆنەی خانەنیشین بوونی بە چەکێکی گرانبەها خەڵات کرابوو. هاڤی هەمیشە حەزی بە بابەتی جەنگی دەهات، لە ڕاستیدا دەیتوانی ناوی تەواوی پۆستە سەربازییەکانت بۆ بڵێت، نەوەکو هەر ئەمە، بەڵکو ناوی زۆربەی تفەنگ و دەمانچەکانیشی دەزانی. بۆیە کاتێک سەیری وێنەکانی دەکرد، ئەوا سەرسام دەبوو. کاتێکیش لە سووچی ژوورەکە نزیک بۆوە، ئەوا تێبینی دۆلابێکی کرد، دیار بوو کە هەندێک شتی تێدایە. چوار دەرگای سەرەوەی دۆلابەکەی کردەوە و هیچی وای نەدۆزییەوە، بەڵام کە کۆتا دەرگای خوارەوەی کردەوە، ئەوا سندووقێکی درێژی بینی کە بە پێستێکی ڕەنگ جەرگی ڕازاندرابۆوە و سووچەکانیشی بە ئاسنێک کە بە ڕەنگی زێڕ بۆیاغ کرابوون توندکرابوون، سندووقەکەی کردەوە و دەمانچەیەکی لە جۆری (گلۆک-19) لەگەڵ چەند مەخزەنێکی فیشەک لەناویدا دۆزییەوە. دیار بوو کە ئەوە ئەو دیارییە بوو کە بە بەڕێز (ئێڤار)یان بەخشی بوو بەوەی کە دەمانچەیەکی ڕەشی جوان بوو. بەم دۆزینەوی زۆر خۆشحاڵ بوو. کاتێک هەستا، ئەوا بە ڕێکەوت قاچی بەر دۆلابەکە کەوت، دۆلابەکە کەمێک جووڵا، ئەمەی بەلاوە سەیر بوو. بۆیە دۆلابەکەی بەرەو لای ڕاست جووڵاند و دواتر لەپڕ شمشێرێک کە لەناو کیفەکەیدا بوو کەوتە سەر زەوی. شمشێرەکەی دەرهێنا و بینی کە شمشێرێکی کورتی تیژە. دیار بوو کە ئەوەش موڵکی بەڕێز ئێڤار بووە، وە بە تیژییەکەیەوە ئاشکرا بوو کە بەڕێز ئێڤار باش ئاگاداری بووە. ڕێک لەو کاتەدا ئێلا کە پاڵی بە دەرگایەکەوە نابوو گوتی: هیچی باشت دۆزییەوە؟

هاڤی بەمە ڕاچڵەکی و خەریک بوو بە هۆی ترسەوە باز بداتە ئاسمان. کاتێک (ئێلا)ی بینی، ئەوا هێمن بۆوە، دواتر گوتی: ناتوانیت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی ئاگادارم بکەیتەوە کە لێرەیت؟

ئێلا بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: ببوورە، نەمدەزانی کە وا بە ئاسانی دەترسیت .

-واز لەمە بێنە، سەیرکە چیم دۆزییەوە.

ئێلا سەرسامی دەمانچەکە نەبوو، بەڵام شمشێرە کورتەکە سەرنجی ڕاکێشا. بۆیە لێی سەند و گوتی: ئەمەم دەوێت.

هاڤی دژی ئەمە نەوەستایەوە بەوەی کە شمشێرەکەی لا گرنگ نەبوو، بەڵکو خۆشحاڵیش بوو کاتێک شمشێرەکەی پێدا.

-لە چێشتخانەکە هیچت نەدۆزییەوە؟

-نەخێر، هیچ جۆرە خۆراکێک یان شتێکی بەسوودی لێ نەبوو، بۆیە هاتمە سەرەوە تاکو ببینم تۆ چیت دۆزیوەتەوە. وە دەبینم کە ئەم شمشێرە جوانە و ئەو دەمانچەیەت دۆزیوەتەوە، دیارە کە هاتنمان بۆ ئێرە بیرۆکەیەکی باش بوو.

-بەڵێ، هاوڕام. کەوایە با لێرە بڕۆین، ئەوەی ویستمان بەدەستمان هێنا.

دوای ئەم قسەیە هەردووکیان بە پلیکانەدا هاتنە خوارەوە و لە دەرگایەکەوە ڕۆیشتنە دەرەوە، دواتریش بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

## بەشی شەشەم

## مەشقێکی پێویست

دوای ئەوە کە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو چەکانەیان پشکنی کە بەدەستیان هێنابوو. هاڤی ڕۆیشتە سەر مێزی نانخواردنەکە و لەسەر کورسییەک دانیشت، داری بەیسبۆڵەکەی لەسەر زەوی دانا و ئەو سندووقەی کە دەمانچەکەی تێدابوو لەسەر مێزەکە دانا. دواتر سندووقەکەی کردەوە و دەمانچەکەی دەرهێنا. کە دەریهێنا و هەڵیگرت، ئەوا زۆر پێی سەرسام بوو، سەرسامییەکەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەوە یەکەم جار بوو چەکێکی ڕاستەقینە بە دەستەکانی خۆی هەڵگرێت. هەرچەندە پێشووتر لە ڕێگەی پەرتووکێک لە نووسینی چاد شێلبارگر دەربارەی جۆری چەکەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان خوێندبۆوە، بەڵام خوێندنە دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنان و زانینی خودی بەکارهێنان دوو شتی زۆر لێک جیاوازن. دەیزانی کە پێویستی بە مەشقە، بۆیە بیرۆکەیەکی بۆ هات. پێش ئەوەی هاڤی بچێت بۆ لای ئێلا، ئەوا ئێلا لەو کاتەدا کە لە ژووری میوان بوو شمشێرە تازەکەی تاقیدەکردەوە، بەوەی کە شمشێرێکی کورت بوو، ئەوا بارستاییەکی زۆری نەبوو، بۆیە هەڵگرتنی ئاسان بوو. هەرچەندە جێی باسە کە نەیدەزانی چۆنی بەکاربێنێت بەوەی کە ئەویش یەکەم جاری بوو چەکێکی لەو شێوەیە هەڵگرێت. دوای چەند خوولەکێک هاڤی ڕۆیشتە لای ئەو تاکو پێشنیاری ئەوە بکات کە مەشق لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو چەکانە بکەن. ئێلا ئەمەی بەدڵ بوو، دەیزانی کە پێویستی بە مەشقە.

-بە هۆی ئەوەی کە نازانم چۆن ئەم شمشێرە بەکاربێنم، ئەوا بیرۆکەی مەشقم بەدڵە. بەڵام هیچ کەسێک نییە تاکو مەشقم پێ بکات، بۆیە نازانم چی بکەم.

لەو کاتەدا هاڤی بیری هاتەوە کە لە پەرتووکخانە بچووکەکەی پەرتووکێکی دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی شمشێر هەیە کە لە نووسینی (ئالفرێد هەتن)ە، بۆیە خێرا ڕۆیشتە ژوورەکەی و پەرتووکەکەی بۆ هێنا، دواتر گوتی: بگرە، هەرچەندە تاکو ئێستا نەمخوێندۆتەوە، بەڵام دڵنیام کە سوودی بۆت دەبێت. پێش ئەوەی بیکڕم، ئەوا بیستم کە پەرتووکێکی بەناوبانگە، بەڵام لەو کاتەدا چەندین پەرتووکی ترم دەخوێندەوە، بۆیە ئەمەیانم لەبیر کرد. بەهەرحاڵ، ئەمە بخوێنەوە تاکو هەنگاو بە هەنگاو فێری چۆنیەتی وەشاندنی شمشێر بیت.

-هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە ڕۆژێک دابێت سوود لە پەرتووکێک ببینم، سوپاس! ئەی تۆ چۆن مەشق دەکەیت، ئایا هیچ شتێک لە بەکارهێنانی ئەو دەمانچەیە دەزانیت؟

-بەڵێ، هەڵبەتە وابزانم. خۆت دەزانیت کە من شەیدای چەک و بواری جەنگیم، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش پەرتووکێکم لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە خوێندەوە، هێشتا هەنگاوەکانیم بیرە، بۆیە تاقی دەکەمەوە.

-ئەی چی دەربارەی شوێنی مەشقەکە؟ ناکرێت لێرە مەشق لەسەر ئەم چەکە مەترسیدارانە بکەین.

-بیرم لەوە کردۆتەوە. ئەو ڕۆژەی کە بە ڕاکردنەوە لە دوکانی بەڕێز (داریوس)ەوە دەگەڕامەوە، ئەوا کۆمەڵێک لەو "ئاکورا"یانەم لەسەر شەقامەکان بینی، دەمەوێت ئەم چەکانە لەسەر ئەوان تاقی بکەینەوە. بۆ تۆش شتێکی باش دەبێت بەوەی کە تاکو ئێستا ڕووبەڕووی هیچ کام لەو بوونەوەرانە نەبوویتەوە، ئەم مەشقە لەسەر ئەم کارە ڕات دێنێت.

هەرچەندە ئەو بوونەوارنە دڕندە بوون، بەڵام ئێلا نەیدەویست بیانکوژێت، چونکە خودی بیرۆکەی کوشتنی نەفسێک وای دەکرد کە بێز بکات. هەمیشە ڕقی لە مەرگ بووە، بە هەموو شێوەکانی. بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە پێویستی دەزانی بەوەی کە

ئەو کارەی لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆیدا دەبێت. بۆیە بە دڵێکی نیگەرانەوە پێشنیارەکەی هاڤی قبوڵ کرد. هەردووکیان ڕێککەوتن کە بۆ حەفتەی داهاتوو بڕۆنە دەرەوە تاکو چەکەکانیان بەکاربێنن. هۆکاری ئەم کاتە زۆرەش ئەوە بوو کە هەردووکیان دەیانەویست زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکەکانیان بخوێننەوە، بۆیە بۆ ماوەی حەفتەیەک بە شەو و ڕۆژ هەر بەردەوام بوون لە خوێندنەوە، کە حەفتەکەش تەواو بوو، ئەوا ڕۆیشتنە دەرەوە.

دوای ئەوەی کە حەفتەیەکیان لە خوێندنەوەدا بەسەر برد، ئەوا زۆر دڵخۆش بوون کاتێک چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی بەرجەستەی ئەو شتانە بکەن کە خوێندبوویانەوە. لە هەمان کاتیشدا ترسێک دڵیان داگیر کردبوو، ئەم ترسەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوی گرتبوو کە ڕووبەڕووی ئەو بوونەوەرە سامناکانە دەبنەوە، هەر یەکێکیش لە جێی ئەوان بووبا، ئەوا هەستی بە هەمان ترس دەکرد، بگرە زیاتریش. بەهەرحاڵ بە بوێرییەکی زۆرەوە ڕۆیشتنە دەرەوە، کاتێکیش بە کۆڵان و شەقامەکاندا دەڕۆیشتن، ئەوا بە وریایی و بێدەنگییەکی زۆرەوە ڕێگایان دەبڕی، هەر یەکێک ئەوانیان لەو ساتەدا بینیبا، ئەوا وایدەزانی کە ئەوان لەسەر پەنجەکانیان دەڕۆن. دوای تێپەڕینی دە خوولەک، ئەوا دووچاری یەکەمین ئاکورا بوونەوە. هاڤی کە ئەوی بینی، ئەوا چەکەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا و ئاماژەی گرت، بەڵام دواتر چەکەکەی نزم کردەوە و ڕووی لە ئێلا کرد، وەکو ئەوەی بیر لە شتێک بکاتەوە، ئەوا گوتی: دەزانیت چی، تۆ ئەنجامی بدە. مادام بە تەنیایە و لاواز دیارە، ئەوا بە شمشێرەکەت سەری بپەڕێنە.

ئێلا بە چاوێکی ترسەوە سەیری "ئاکورا"یەکەی کرد، بۆ ساتێک لە شوێنی خۆی وەستا و بیری کردەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. کاتێک هاڤی زانی کە ئەنجامی دەدا، ئەوا کشایەوە دواوە، (ئێلا)ش کە کیفی شمشێرەکەی لە پشتی بەستبوو، ئەوا شمشێرەکەی دەرهێنا و بە دەستی ڕاستی گرتی.

"ئاکورا"یەکە دەستەکانی بەرەو پێشەوە بەرز کردبوونەوە و دەنگێکی دڕندانەی دەردەکرد، دیمەنەکە وا دەری دەخست کە دەیەوێت هەردووکیان بخوات. جێی باسە کە بوونەوەرەکە زۆر هێواش بوو، بۆیە ئەگەر ویستبایان ڕاکەن، یاخود تەنانەت بە شێوەیەکی ئاسایی بڕۆن، ئەوا بە ئاسانی لەپێشیان دەدایەوە. بەهەرحاڵ کاتێک ئەو بوونەوەرە وردە وردە نزیک دەبۆوە، ئەوا (ئێلا)ش بە هەنگاوی وریا و هێواشەوە لێی نزیک دەبۆوە. شمشێرەکەی بە دەستی ڕاستی بەرز کردبۆوە و نووکەکەی بەرەو پێشەوە بردبوو، ڕێک وەکو ئەوەی کە لە پەرتووکەکەدا هاتبوو. کاتێک مەودای دووری نێوانیان بوو بە دوو مەتر، ئەوا ئێلا خۆی ئامادەکرد تاکو هێرشی بکاتە سەر، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا کە سەرنجی ڕۆیشتە سەر ڕووخساری سامناکی شیبووەوەی، ئەوا ترسێک دایگرت کە وایکرد لە شوێنی خۆی وەکو بەردێک ڕەق بێت و شمشێرەکەی لێ بەربیێتەوە. کاتێک هاڤی ئەمەی بینی، ئەوا زانی کە ترساوە و ناتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. بۆیە دەمانچەکەی بەرز کردەوە و ئاماژەی گرت، کاتێک پەلەپیتکەکەی ڕاکێشا، ئەوا نەیتوانی تەقە بکات. وایزانی کە دەمانچەکە کێشەیەکی هەیە، کاتێکیش سەیری کرد کە بوونەوەرەکە خەریکە دەستی بە ئێلا دەگات، ئەوا بە شپرزەییەکی زۆرەوە و بە خێرایی دەمانچەکەی پشکنی تاکو بزانێت کێشەی چییە. کە سەیری کرد، ئەوا بینی کە قوفڵی دەمانچەکەی نەکردۆتەوە، بۆیە خێرا دوگمەی قوفڵەکەی داگرت و کردییەوە، دواتر بە ڕاکردنەوە لەوان نزیک بۆوە و تەقەی کرد. کاتێک تەقەی لێ کرد، ئەوا هەردووکیان بە ڕاددەیەک لێیەوە نزیک بوون کە وایکرد خوێنی پرژاوی مێشکی بکەوێتە سەر هەردووکیان. لەگەڵ تەقەکە، ئەوا ڕێک لاشەکە کەوتە سەر زەوی. دواتر ئێلا کەوتە سەر ئەژنۆیەکانی و بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە گوتی: داوای لێبووردن دەکەم، هەرچەندی هەوڵمدا، بەڵام نەمتوانی هێرشی بکەمە سەر ! کاتێک سەیری ڕووخساریم کرد، ئەوا هەستم بە ترسێک کرد کە وایکرد وەکو سەهۆڵ ڕەق بم ! نازانم کە بۆچی وا کاری تێکردم.

هاڤی کاتێک گوێی لەم قسانە بوو، ئەوا لەسەر ئەژنۆیەکانی لە نزیک ئەو دانیشت و بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: کێشە نییە ئازیزەکەم، هەر کەسێک لە جێی تۆ بووبا، ئەوا هەمان ترس دایدەگرت. منیش کە یەکەم جار ڕووبەڕووی یەکێک لەوانە بوومەوە ترسێکی بێشوومار دایگترم، بگرە هێشتاش دەترسم، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم ترسەمان ڕابێین و بەسەریدا زاڵ بین.

دواتر باوەشێکی لێ دا کە وایکرد بێتەوە سەر خۆی و چیتر فرمێسک نەڕێژێت. پاش چەند ساتێک هاڤی یارمەتیدا تاکو هەستێتەوە سەر پێیەکانی، دواتریش شمشێرەکەی پێدایەوە. دوو خوولەک بەسەر ئەم ڕووداوەدا ڕۆیشتبوو کە لەپڕ چوار ئاکورا لە سووچی کۆڵانەکەوە دەرکەوتن. هاڤی کە ئەوانی بینی، ئەوا بە (ئێلا)ی گوت: دیارە دەنگی دەمانچەکە سەرنجی ئەوانی بۆ ئێرە ڕاکێشاوە، بەڵام کێشە نییە چونکە ژمارەیان کەمە. لێرە مەجووڵێ تاکو دێمەوە، خۆم چارەیان دەکەم. ئەویش بە نیگەرانییەوە سەری ڕازی بوونی لەقاند و دواتر هاڤی ڕۆیشت. چوار بوونەوەرەکە لێکەوە نزیک بوون کاتێک بەرەو ڕووی (هاڤی)یەوە دەهاتن، ئەمەش ئەوی نیگەران کردبوو. بەڵام خێرا ئەم نیگەرانییەی نەما بەوەی کە دەمانچەکەی وای لێکردبوو بڕوایەکی زۆری بە خۆی بێت. هاڤی بە خێرایی لە یەکەم دانەیان نزیک بۆوە و بە فیشەکێک مێشکی پرژاند، دواتر خێرا سەرنجی ڕۆیشتە سەر دووەم دانە و مێشکی ئەویشی پرژاند، کاتێکیش ویستی تەقە لە سێیەم دانە بکات، ئەوا لەپڕ دەمانچەکەی لەکار کەوت و تەقەی پێ نەکرا. هاڤی لە ڕوودانی شتێکی وەها دەترسا، هەرچەندە چاوەڕێشی دەکرد بەوەی کە دەیزانی هەندێک جار چەکەکان لەپڕ لەکار دەکەون. بۆیە خۆی تێک نەدا و لوولەی دەمانچەکەی گرت، دواتریش بەوپەڕی هێزەوە بۆ چەندین جار دەستگری دەمانچەکەی لەسەریدا تاکو خەڵتانی خوێنی کرد. کە سێیەم دانەی کوشت، ئەوا چوارەم دانە لێی نزیک بۆوە و کەوتە سەری. کە کەوتە سەری، ئەوا هاڤی دەمانچەکەی لێ بەربۆوە و هەردووکیانیش کەوتنە سەر زەوی. بوونەوەرەکە

**ویستی دەستەکانی بۆ ڕووخساری ببات و پارچە پارچەی بکات، بەڵام هاڤی بە هێزێکی زۆرەوە هەردوو دەستەکانی گرت و ڕێگری لێ کرد. بەڵام وردە وردە دەمی بوونەوەرە بۆگەنەکە لە ملی هاڤی نزیک دەبۆوە، بە ڕاددەیەک نزیک بۆوە کە خەریک بوو گاز لە قورگی بگرێت و گۆشتەکەی لێ بکاتەوە. لە کاتێکدا کە دەمی بوونەوەرەکە بە ڕاددەیەک نزیک بوو کە خەریک بوو ددانەکانی بەرکەوێت، ئەوا تیغی شمشێرێک دەرکەوت کە لە لای ڕاستی سەری بوونەوەرەکەی دا و لە لای چەپی هاتە دەرەوە. هاڤی پاڵی بە بوونەوەرە مردووەکە نا و کەوتە سەر زەوی.**

**کاتێکیش سەری بەرز کردەوە، ئەوا بینی کە ئەوە ئێلا بوو لەوێ وەستا بوو، ئەوە ئێلا بوو کە ژیانی ئەوی ڕزگار کرد. دواتر هەستایەوە سەر پێیەکانی و ڕووی لەو کرد، هیچ شتێکی نەگوت، بەڵام زەردەخەنەیەکی کرد و سەری ڕازیبوونی لەقاند، وەکو ئەوەی کە پێی بڵێت ئافەرین. (ئێلا)ش دڵخۆش بوو کاتێک ئەوی بە سەلامەتی بینی. شایەنی باسە کە دوای ئەوەی ئەو بوونەوەرەی کوشت، ئەوا ئێلا هەستی بە شتێکی جیاواز کرد لە خۆیدا. دەیزانی کە ئەو شتە جیاوازە بریتی نەبوو لە گۆڕانی هەڵسوکەوت یان کەسایەتی، بەڵکو هەستی کرد کە لایەنێکی دەروونی تازەی بۆ درووست بووە، لایەنێک کە وایکرد چێژ لە کوشتنی ئەو بوونەوەرە ببینێت.**

**بەهەرحاڵ دواتر ئێلا شمشێرەکەی لە سەری بوونەوەرەکە دەرهێنا و بەسەر ئەویدا خشاند تاکو خوێنەکەی لێ بکاتەوە. هاڤی دەمانچەکەی هەڵگرتەوە و خستییە ناو کیفەکەیەوە، (ئێلا)ش بە هەمان شێوە ویستی شمشێرەکەی بخاتەوە ناو کیفەکەیەوە، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا چەند "ئاکورا"یەکی تر دەرکەوتن. بۆیە شمشێرەکەی دووبارە بەرز کردەوە و (هاڤی)ش داری بەیسبۆڵەکەی کە بە قایشی کابۆیەکەی بەستبوو لێکردەوە و بە هەردوو دەستەکانی گرتی. دواتر هاڤی بە زەردەخەنەوە گوتی: ئامادەیت بۆ خولێکی تر؟**

**ئەویش بە زەردەخەنەیەک کە لە پێکەنینەوە نزیک بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: با دەست پێکەین!**

## بەشی حەوتەم

## یادەوەرییە کۆنەکان

بۆ ماوەی شەش مانگ بەم شێوەیە بەردەوام بوون، دەڕۆیشتنە دەرەوە و چەند شەقامێک دەگەڕان، کاتێکیش ژمارەیەک "ئاکورا"یان دەبینی، ئەوا پێکەوە هێرشیان دەکردە سەریان. ئێلا دەڕۆیشتە پێشەوە و بە شمشێرەکەی سەری "ئاکورا"یەکانی دەکرد بە دوو پارچە، (هاڤی)ش لە دواوە بە دەمانچەکەی مێشکی ئەو "ئاکورا"یانەی دەپرژاند کە ئێلا ئاگاداریان نەبوو، بەم شێوەیە پشتی یەکیان دەپاراست. دوای مەشقەکەیان، ئەوا هەردووکیان لە بەکارهێنانی ئەو چەکانەی پێیان بوو بە ڕاددەیەک شارەزا بووبوون کە بێ بیرکردنەوە و بەوپەڕی تواناوە دەیانتوانی چەکەکانیان بەکاربێنن. چیتر لەوە نەدەترسان کە ڕووبەڕووی یەکێک لەو "ئاکورا"یانە ببنەوە، یاخود ڕووبەری هەر جۆرە مەترسییەک ببنەوە، ئەوان چیتر ئەو دوو کەسە نەمابوون کە پێش چەند مانگێک لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر مەترسییەک بە هۆی ترسەوە چۆکیان دادەنواند.

وەکو چاوەڕوان کراو بوو، ئەوا دووبارە خواردنیان لێ بڕایەوە، شەوێک پێش ئەوەی خواردنیان لێ ببڕێت، تاکە سەرچاوەی خۆراکیان لەناوچوو کە دوکانی بەڕێز داریوس بوو، ئەویش لە ڕێگەی سووتانی دوکانەکە و خاپووربوونی. بۆ بەیانی داهاتوو کە ڕۆیشتنە ئەوێ، ئەوا تووشی شۆک بوون، نەیانزانی چی بکەن یاخود چی بڵێن، بەو دیمەنە دڵتەنگییەکی کوشندە دایانگرت. هۆکاری سووتانی دوکانەکە بە لای ئەوانەوە نامۆ بوو، هەرچەندی بیریشیان لێ کردەوە، ئەوا نەیانتوانی هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە بزانن، بەڕاستی ڕووداوێکی لەپڕ و نامۆ بوو. جێی باسە کە هەر کاتێک خواردنیان لێ بڕابا، ئەوا دەڕۆیشتن بۆ ئەوێ و بە ئەندازەی پێویست خواردنیان دەهێنا، هەرگیز

زیاد لە پێویستیان نەدەهێنا بەوەی کە پێیان وابوو کەسانی تریش هێشتا لە ژیاندا ماون، بۆیە زیادەڕۆییان نەدەکرد و هەمیشە بای پێویستیان جێدەهێشتەوە تاکو کەسانی تریش سوودی لێ ببینن. بەڵام هەرگیز هیچ کەسێک دەستی لەو خواردنانە نەدا، هەر کاتێکیش کە دەهاتنەوە، ئەوا هەموو شتێکیان وەکو خۆی و لە جێی خۆی دەبینییەوە، بەڵام هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەو شێوازەیان. ئەم بیرۆکەیەش هی ئێلا بوو بەوەی کە هیوای وابوو کەسانی تریش وەکو ئەوان هێشتا لە ژیاندا ماون، بۆیە وەکو یارمەتییەک، ئەوا هەرگیز خواردنی زیاد لە پێویستی نەدەبرد. بە پێچەوانەی ئەو، ئەوا هاڤی هیچ جۆرە هیوایەکی لەو شێوەیەی نەبوو، بەڵکو با بڵێین کە بە لایەوە گرنگ نەبوو. لەو بڕوایەش دابوو ئەگەر بەڕاستی هیتر لە ژیاندا مابێتنەوە، ئەوا چیتر مرۆڤی سادە و بێ زیان نین. بەڵکو دڵنیابوو کە ئێستا مەترسیدارن و دەبێت خۆپارێزی لەوانە بکەن. ئێلا گرنگی بەم بۆچوونەی هاڤی نەدەدا، بۆیە بە کەللەڕەقی لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بوو، (هاڤی)ش بێزار بوو کە هێندە دەمەقاڵێی لەگەڵدا بکات، بۆیە وازی لێ هێنا و بەدڵی ئەوی کرد.

دوای ئەوەی کە ئێلا دوکانەکەی بە سووتاوی بینی، ئەوا ویژدانی ئازاری پێگەیشت بەوەی کە وایزانی ئەمە هەڵەی ئەو بووە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر هەموو خواردنەکەمان بە یەکجاری بردبا، ئەوا ئێستا تووشی ئەوە نەدەبووین کە لە شوێنی تر بەدوای خواردندا بگەڕێین.

کاتێک هاڤی سەیری (ئێلا)ی کرد، ئەوا زانی کە بیر لە چی دەکاتەوە، بۆیە بە دەنگێکی یەکلاییکەرەوە گوتی: ئازاری خۆت مەدە بەوەی کە ئەم بیرکردنەوەیەت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا. تاکە شتێک کە لە ئێستادا پێویستە خەمی لێ بخۆین ئەوەیە کە شوێنێکی تر بدۆزینەوە تاکو خواردنی لێی پەیدا بکەین. ئاشکرایە کە من وەکو تۆ شارەزای ئەم شارە بچووکە نیم، بۆیە هیچ شوێنێک پێدەزانیت کە ئەگەری هەبێت خواردنی لێ بێت؟

**ئێلا کەمێک وەستا و بیری کردەوە، دواتر گوتی: بەڵێ، چەند شوێنێک هەیە.**

**کۆمەڵە دوکانێک لەناو بازاڕەکەدا هەن کە پێشووتر خاوەنەکیان یەکەی خۆراکیان دەفرۆشت، کۆگایەکی خۆراکی گەورەش لە دەرەوەی شار هەیە. وە لە زانکۆیە کۆنەکەشمان لە بەشی ناوەوەی کافتریایەکە کۆگایەکی قەبارە مامناوەندی خۆراک هەیە، هەندێک جار کە بە دەروازەی دواوەی کافتریایەکەدا دەچوومە دەرەوە، ئەوا دەرگای کۆگایەکەم بە کراوەیی دەبینی کاتێک شاگردەکان خواردنیان لێ دەهێنایە دەرەوە، هەمیشە لەناویدا چەندین سندووقی خۆراکی جۆراوجۆرم دەبینی. بۆیە بەڵێ، بەم سێ شوێنە دەزانم.**

**هاڤی بۆ ساتێک بیری لەو سێ شوێنە کردەوە کە پێشنیاریان بۆ کرا، دواتر لە بیرکردنەوە وەستا و گوتی: دوکانەکانی ناو بازاڕ پڕ مەترسین بەوەی کە هەردووکمان دەزانین ژمارەیەکی ئێجگار ئاکورا لەوێ هەن، بە تەنیا توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەمووەمان نییە. ئەو کۆگایەش کە لە دەرەوەی شارە دوورە، کاتێکی زۆریشمان لەبەر دەستدا نییە بەوەی کە برسییەتی بەرۆکی گرتووین، بۆیە لە ئێستادا ناتوانین بڕۆین بۆ ئەوێ. سەبارەت بەو کۆگایەی کە لە زانکۆشە، ئەوا ئەوەیانم بەدڵە، خۆشم هەندێک جار تێبینی ئەوێم کردبوو، بۆیە بەرەو ئەوێ بەڕێدەکەوین و لێی دەکۆڵینەوە.**

**ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە تاکو بە تەواوی خۆمان ئامادەی ڕۆیشتن بکەین، دواتریش لەوێوە بەرەو زانکۆیەکە بەڕێ دەکەوین.**

**دوای ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا خۆیان ئامادە کرد و پاش کاژێرێک بەڕێکەوتن. هەرچەندە زانکۆیەکە تەنیا نزیکەی دوو کیلۆمەتر دوور بوو، بەڵام کاتێکی زۆریان پێچوو بەوەی کە لە ڕێگادا تووشی کۆمەڵێک ئاکورا بوون، بۆیە ناچار بوون کە ڕووبەڕوویان ببنەوە، ئەمەش وایکرد کە کاتێکی زۆریان لەدەست بچێت.**

**کاتێک لە کوشتنی کۆمەڵەی یەکەم تەواو بوون، ئەوا توانیان نیوکیلۆمەتر بە بێ کێشە ببڕن، بەڵام دووبارە تووشی کۆمەڵەیەکی تری ئاکورا بوونەوە کە ئەم جارە ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو. ئەم جارە وەکو جاری یەکەم نەیانتوانی ڕووبەڕوویان ببنەوە بەوەی کە ژمارەیان زۆر بوو، وە لە هەمان کاتیشدا برسییەتی و ماندوویی کاریان تێکردبوو، بۆیە لەناو ئۆتۆمبێلێک کە چەند مەترێک لە خۆیانەوە دوور بوو خۆیان شاردەوە تاکو کۆمەڵەکە تێپەڕی. دواتر هاتنە دەرەوە و دووبارە بەڕێکەوتنەوە، ئەم جارە تووشی هیچ شتێک نەبوون، بۆیە بێ بوونی هیچ کێشەیەک ڕێگایەکان بڕی و بە زانکۆیەکە گەیشتن. زانکۆیەکە وەکو زانکۆیەکانی تر دەروازەیەکی گەورەی لە پێشەوە هەبوو، وە لە بەشی دواوەش دەروازەیەکی بچووکتری هەبوو، خاوەنی سێ بێنای خوێندن و بینایەکی بەڕێوبردن بوو، وە گۆڕەپانێکی گەورەشی هەبوو کە لە سووچەکانی چەندین جۆر درەخت چێندرابوون. کە گەیشتنە بەردەم دەروازەکە، ئەوا ژمارەیەکی ئێجگار "ئاکورا"یان بینی، پێشووتر هەرگیز لە یەک کاتدا ئەو هەموو ژمارە زۆرەیان نەبینی بوو. دوای ئەوەی کە هاڤی ئەوەی بینی، ئەوا گوتی: ئاشکرایە کە ناتوانین بە دەروازەی سەرەکیدا بڕۆین بەوەی کە ئەمە کارێکی خۆکوژییە، بۆیە بە دەوری زانکۆیەکەدا دەسووڕێینەوە و بە دەروازە بچووکەکەدا دەچینە ژوورەوە. دڵنیام لای دەروازە بچووکەکە "ئاکورا"ی کەمتری لێیە. بۆچوونی هاڤی ڕاست بوو بەوەی کە کاتێک گەیشتنە لای دەروازە بچووکەکە، ئەوا بینیان کە ژمارەیەکی ئێجگار کام "ئاکورا"ی لێیە، دوو دانە لای دەرگای دەروازەکە بوون و شەشی تریش بە درێژایی ڕێگای دەروازەکە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە. هەر کە لە دەرگای دەروازەکە نزیک بوونەوە، ئەوا هاڤی داری بەیسبۆڵەکەی دەرهێنا و (ئێلا)ش شمشێرەکەی دەرهێنا، بە ئاسانی و بێدەنگی توانیان دوو "ئاکورا"ی لای دەرگایەکە بکوژن. دواتر لە ناوەوە کەمێک لە دەروازەکە دوورکەوتنەوە و (هاڤی لە پێشەوە و (ئێلا)ش لە دواوە) ڕۆیشتنە بەردەم دوو ئاکورا کە پێکەوە لە شوێنی خۆیان دەسووڕانەوە، کاتێک (هاڤی)یان بینی، ئەوا بە هێواشی لێی نزیک بوونەوە تاکو بیخۆن. هاڤی لەو ساتەدا گوتی: ئێلا، مادام تۆ لە**

**کوشتنی ئەوانەدا خێراتریت، ئەوا بڕۆ چارەی ئەو چوار دانەی پێشەوە بکە، منیش چارەی ئەم دووانە دەکەم.**

**ئێلا ڕازی بوو، بۆیە بە بێ دەنگی لە هاڤی و دوو "ئاکورا"یەکە دوورکەوتەوە، دواتر سووڕایەوە تاکو ڕووبەڕووی چوار "ئاکورا"یەکە ببێتەوە. وەکو چۆن کە دوو بوونەوەرەکە بە هێواشی لەو نزیک دەبوونەوە، ئەوا (هاڤی)ش بە هەمان شێوە بە هێواشی لێیان نزیک دەبۆوە. داری بەیسبۆڵەکەی بەرز کردەوە، کاتێکیش کە لە یەکەم دانە بە ئەندازەی پێویست نزیک بۆوە، ئەوا بە یەک لێدان سەری شکاند و کوشتی، دووەم دانەش کە چەند مەترێکی کەم دوور بوو، ئەوا لەویش نزیک بۆوە و دواتر پاڵی پێوەنا، بوونەوەرەکە بەربۆوە و کەوتە سەر زەوی. دوای ئەمە خستییە سەر زگی و قاچی لەسەر پشتی دانا تاکو لە جووڵەی بوەستێنێت، دوای ئەوەی کە ڕایگرت، ئەوا بەوپەڕی هێزەوە دارەکەی لە پشتی سەری دا و خەڵتانی خوێنی کرد. دوای ئەوەی کە ئێلا سووڕایەوە و ڕووبەڕووی "ئاکورا"یەکان بۆوە، ئەوا ئەویان بینی و بە هێواشی بەرەو لای ئەو هاتن. دانەیەک چوار مەتر لێیەوە دوور بوو، سێ دانەکەی تریش لە دووری پازدە مەترەوە بوون. یەکەم دانەی بە شێوەیەکی ئاسان کوشت، دواتر لە سێیەکانی تریش نزیک بۆوە. بە شێوەیەکی خێرا شەقێکی لە ئەژنۆی دووەم دانە دا و شکاندی، کەوتە سەر زەوی و ڕێک لەو ساتەدا شمشێرەکەی خستە ناو چاوی ڕاستی و تاکو مۆخی نەوەستا. دوای ئەمە شمشێرەکەی لە مۆخی دەرهێنا تاکو ڕووبەڕووی سێیەم دانە ببێتەوە. بە هەمان جووڵەی پێشووتر سێیەم دانەشی کوشت، کاتێک لە کوشتنی ئەویش تەواو بوو، ئەوا ڕوویکردە چوارەم دانە کە بە ڕاددەیەک نزیک بووبۆوە کە خەریک بوو گازی لێ بگرێت. ئێلا بە شمشێرەکەی ڕێگری لێ کرد و خستییە ناو دەمییەوە، دواتر بۆ سەرەوە پەستانی خستە سەر شمشێرەکە تاکو دەم و لووت و نێوچاوانی بڕی و سەری کرد بە دوو پارچە.**

دوای ئەمانە بە یەک گەیشتنەوە و ڕۆیشتن بۆ لای سووچێکی گۆڕەپانەکە، دوای ئەوەی کە گەیشتنە ئەوێ، ئەوا خۆیان نزم کردەوە و سەیری پێشەوەیان کرد. بینیان کە پێشەوەی ئەو بینایەی کافتریایەکەی لێیە بە تەواوی لە لایان ئەو "ئاکورا"یانەوە گیراوە، بۆیە بە دەوری بینایەکەدا سووڕانەوە تاکو بە دەروازەی دواوەی بینایەکەدا بڕۆنە کافتریایەکە.

کاتێک گەیشتنە ئەوێ، ئەوا دەرگایەکەیان بە قوفڵکراوی بینی، بۆیە هاڤی بە هێزێکی زۆرەوە پاڵی پێوەنا و دواتر کردییەوە، بەم شێوەیەش توانیان بڕۆنە ناو کافتریایەکە. هیچ کەسێک و هیچ شتێکیان نەبینی، جگە لە بەتاڵی و کۆن بوونی شوێنەکە هەست بە بوونی هیچی تر نەدەکرا. هۆکاری ئەوەی کە هیچ "ئاکورا"یەکیش لەوێ نەدەبینرا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەرگای پێشەوەی کافتریایەکە لە ناوەوە داخرابوو. هەرچەندە دەبوایە دڵخۆش بووبان کە ئەوێیان بە بەتاڵی بینی، بەڵام شتێک نەبوو تاکو دڵیان پێ خۆش بێت. چونکە دڵیان توونـد بوو کاتێک بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەو شوێنە ڕۆژگارێک شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک بووە، شوێنی کۆبوونەوەی ئەو دووانە بووە، شوێنێک کە ڕۆژانە پێکەوە چەندین کاژێریان تێدا بەڕێ دەکرد و کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، شوێنێک کە تێیدا ئەو دووانە بوون بە هاوڕێی یەکتر.

بۆ ماوەی چەند خوولەکێک ئەم بیرۆکانە بە هزریاندا دەهاتن و دەچوون، تاکو لە کۆتایی هاڤی قسەی کرد و گوتی: ئێمە بۆ ئەوەی نەهاتووین تاکو بیر لە یادەوەرییەکانی ڕابردوو بکەینەوە، بۆیە با بڕۆین.

ئێلا هاوڕای بوو، بۆیە ڕۆیشتنە لای کۆگایەکە و بینیان کە دەرگایەکە کەمێک کراوەتەوە، ئەمە ئەوانی خستە حاڵەتی ئاگادارییەوە بەوەی کە دەیانزانی شتێکی ئاسایی نییە دەرگای کۆگایەکە بەم شێوەیە کراوەبێت.

چەکەکانیان دووبارە بەرز کردەوە و هاڤی بە هێواشی دەرگایەکەی کردەوە، کاتێکیش دەرگایەکەی بە تەواوی کردەوە، ئەوا هەردووکیان سەریان لەوە سووڕما کە بینیان.

## بەشی هەشتەم

## دیدارێکی چاوەڕوان نەکراو

**کە ڕۆیشتنە ژوورەوە، ئەوا جەستەی کچێکیان بە بێ هۆشی لەسەر زەمینی کۆگایەکە بینی، لێی نزیک بوونەوە تاکو بزانن زیندووە یان نا. کاتێک لێی نزیک بوونەوە، ئەوا هاڤی دەستی بۆ برد، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا دوو کەس لەپڕ دەرکەوتن و ئەوانیان لەهۆش خۆیان برد. کاتێک هاڤی چاوەکانی کردەوە، ئەوا بینی کە هێرشبەرەکان ئەویان لەسەر زگ ڕاکشاندووە و دەستەکانیشیان لە دواوە بە گوریسێک بەستۆتەوە. سەیری لای چەپی کۆگایەکەی کرد و ئەو کچەی بینی کە پێشووتر بێ هۆش بووبوو، تێبینی کرد کە سەری بە خوێندا هاتووە و بە ئەستەم دەتوانێت چاوەکانی بکاتەوە. دواتر سەیری لای ڕاستی کۆگایەکەی کرد و لە سووچەکە (ئێلا)ی بینی کە بە ئاسنی ڕەفێکەوە بەسترابۆوە. بانگی کرد و گوتی: ئێلا، ئایا باشیت، ئایا ئازارت پێگەیشتووە؟**

**لەو ساتەدا سەری ئێلا گێژی دەخوارد بەوەی کە هێرشبەرەکان بە پارچەیەک ئاسن لە سەریان دابوو، دوای ئەوەی کە گوێی لە دەنگی هاڤی بوو و ئەوی بینی، ئەوا گوتی: تەنیا هەست بە گێژبوون دەکەم، ئەگینا ئازارم پێنەگەیشتووە. ئەی تۆ، ئایا سەلامەتیت؟**

**-بەڵێ، من باشم.**

**دوای ئەوەی کە لە سەلامەتی ئێلا دڵنیابۆوە، ئەوا تێبینی کۆگایەکەی کرد کە چەندە تاریکە، بۆی دەرکەوت کە ئەوان ماوەی چەندین کاژێرە بێ هۆشن و ئێستاش شەو داهاتووە.**

لە پڕێکدا و لە سووچێکی تاریکی کۆگایەکە دوو کەس دەرکەوتن، کوڕ و کچێک بوون کە دیار بوو لە سەرەتای تەمەنی بیست ساڵیدا بوون، هەر کە ڕووناکی مۆمەکان کەوتنە سەر ڕووخساریان، ئەوا ڕاستەوخۆ هاڤی و ئێلا ئەوانیان ناسییەوە. ئەوانە (ڕێرێک) و (ئاتێیا)ن، هاوپۆلی کۆنی ئەوان ! ئەو دووانە لە زانکۆ هاوڕێی یەکتری بوون، لە چەپەڵترین قوتابییەکان بوون، هەمیشە گاڵتەیان بە قوتابییانی تر دەکرد و سووکایەتیشیان بە لاوازەکان دەکرد. هەڵبەتە هاڤی دەیزانی کە ڕێرێک بەو شێوەیەیە، بەڵام نەیدەزانی کە (ئاتێیا)ش وەکو ئەو خراپە، ئەوەش بۆ دەگەڕایەوە کە خۆشەویستی بۆ ئەو بەرچاوی کوێر کردبوو.

هەردووکیان شۆک بوون کاتێک ئەو دووانەیان لەوێ بینی، کۆتا جار کە ئەوانیان بینی زیاتر لە شەش مانگ پێش ئێستا بوو، پێش ڕووداوەکە. ئێلا کە ئەوانی ناسییەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ گوتی: ئەوە ئێوەن ! هەرگیز چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد، بەڕاستی ئەمە دیدارێکی چاوەڕوان نەکراوە ! بۆچی لەوێ وەستاون؟ وەرن ئازادمان بکەن.

کاتێک گوێیان لەمە بوو، ئەوا کردیان بە قاقای پێکەنین، هاڤی هەر لە سەرەتاوە بۆی دەرکەوتبوو کە ئەوان بوون هێرشیان کردبوونە سەر، بەڵام ئێلا تاکو پێکەنینی ئەوانی نەدی، ئەوا هەستی پێنەکرد. دوای ئەوەی کە (ئێلا)ی درکی بەو ڕاستییە کرد، ئەوا بە تووڕەییەکی زۆرەوە گوتی: ئەمە بە مانای چی دێت؟! بۆچی ئێمەتان قۆڵبەست کردووە؟! ئێمە یەکتری دەناسین، چۆن بوێری ئەوەتان هەیە کە ئێمە قۆڵبەست بکەن؟!

ڕێرێک و ئاتێیا بەم تووڕەبوونەی ئێلا زیاتر و زیاتر پێکەنین، تاکو وای لێهات بە هۆی پێکەنینەوە ڕووخساریان سوور هەڵگەڕابوو. کاتێکیش کە لە پێکەنین وەستان، ئەوا ئاتێیا هاتە پێشەوە و گوتی: دەمزانی کە سۆزانیت، بەڵام نەمدەزانی کە بەم ڕاددەیە ساویلکەیت، بەڕاستی جێی پێکەنینیت. دواتر ڕێرێک نزیک بۆوە و ئەویش گوتی: هەڵبەتە سۆزانییەکی جوان، هەر لەو ساتەوەی کە بۆ یەکەمین جار بینیم، ئەوا ویستم

**کاری سەرجێی لەگەڵدا بکەم. ئێستاش کە بەخت یاوەرم بووە و بۆ منی هێناوە، ئەوا جێی داخ دەبێت کە سوود لەم هەلە نەبینم.**

**-ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چەکەکانی ئەوانمان بەدەستهێناوە، بۆیە چیت دەوێت لێی بکە. بەڵام دوای ئەوەی لە کارەکەت تەواو بوویت، ئەوا بیرت بێت کە ئەم سێیانە ببەیت بۆ گۆڕەپانەکە تاکو ببن بە خۆراکی ئەو بوونەوەرانە.**

**-جارێ مێشکم بەم شتە لاوەکییانە پڕ مەکە، ئەوەی لە ئێستادا گرنگە ئەوەیە کە من چێژی خۆم وەرگرم!**

**دوای ئەم قسەیەی، ئەوا ئاتێیا ڕۆیشتە دواوە تاکو سەیری چەکە تازەکان بکات، (رێرێک)یش وردە وردە لە ئێلا نزیک دەبۆوە. کاتێک ئێلا زانی کە بەتەمای چییە، ئەوا ویستی خۆی دەرباز بکات، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە گوریسەکە تووند بوو، بۆیە کاتێک لێی نزیک بۆوە، ئەوا بە زمانێکی پڕ لە جنێو و بە چەندین شەق هەوڵیدا رێرێک دووربخاتەوە. یەکێک لە شەقەکان بەر خوار پەراسووی کەوت، ئەوەش ئازارێکی گەورەی پێگەیاند. بەڵام رێرێک هەر کۆڵی نەدا، بۆیە کاتێک ئێلا شەقێکی تری هاویشت، ئەوا قاچی گرت، دواتر قاچەکەی تریشی گرت، دوای ئەمە دەستەکانی بۆ لای کەمەری بەرز کردەوە و پانتۆڵەکەی لێ داکەند!**

**لە کەمەرییەوە تاکو بنی پێیەکانی (ئێلا)ی ڕووت کردەوە. ئێلا بەمە وەکو شێتێکی لێ هات، بۆیە بە شێوەیەکی توند خۆی دەجووڵاند و شەقی دەهاویشت تاکو لە خۆی دوورخاتەوە، بەڵام ئەم کارەی سوودی نەبوو بەوەی رێرێک مستێکی هاویشت کە ئەوی لەهۆش خۆی برد، ئێلا چیتر دەنگ یان جووڵەی لێوە نەهات.**

**کاتێک رێرێک سەیری خوارەوەی کەمەری کرد و ئەندامی مێینەی ئەوی بینی، ئەوا چاوەکانی زەق بوون و دەمی بە ڕاددەیەک کردەوە کە خەریک بوو لیکی پێدا بێتە**

**خوارەوە، دواتر گوتی: ئاهـ، کە لووس و جوانە، دڵنیام کە تاکو ئێستا تامی هیچ چووکێکی نەکردووە.**

**دوای ئەم قسەیەی رێرێک زیاتر لێی نزیک بۆوە و دواتر پانتۆڵەکەی خۆی داکەند، بە دەستێکی چووکی بەرز کردەوە و ئامادەبوو تاکو دەستدرێژی بکاتە سەر. رێک لەو ساتەدا پێش ئەوەی رێرێک بەکاری خۆی هەستێت، ئەوا هاڤی بەوپەڕی توندڕەوییەوە هێرشی کردە سەر و خستییە سەر زەوی.**

**لە کاتێکدا کە رێرێک و ئاتێیا قسەیان دەکرد، ئەوا هاڤی چەقۆیەکی بچووکی دەرهێنا کە لەناو قایشی پانتۆڵەکەیدا شاردبوویەوە، تاکو ئەو ساتەی کە خەریک بوو رێرێک دەستدرێژی بکاتە سەر ئێلا، ئەوا بەردەوام بوو لە پچڕاندنی گوریسەکە. لە کۆتا ساتدا توانی گوریسەکە بپچڕێنێت و ئێلا لەو ڕووداوە نەخوازراوە ڕزگار بکات.**

**کاتێک هاڤی ئەوی خستە سەر زەوی، ئەوا وەکو شێتێک هێرشی کردە سەری و مست بارانی کرد، لەگەڵ هەر مستێک جنێوی دەدا و نەفرەتی لێ دەکرد. هێندەی مست لێدا تاکو وای لێهات ڕووخساری رێرێک خەڵتانی خوێن بێت، بە ڕادەیەک لێیدرابوو کە خەریک بوو ببوورێتەوە. ئاتێیا کە ئەمەی بینی، ئەوا خێرا لەوێ ڕایکرد. دواتر هاڤی وازی لەو هێنا و ڕۆیشتە لای ئێلا، گوریسەکەی پچڕاند و ڕایکشاندە سەر زەوی، پانتۆڵەکەشی بۆ پۆشییەوە. دوای خوولەکێک یان دووان ئێلا بەهۆش خۆی هاتەوە، کاتێکیش کە هاڤی بینی بە ئاگایە، ئەوا دڵی ئاسوودە بوو. دواتر گوتی: دەمزانی کە خێرا بە ئاگا دێیتەوە، تۆ زۆر لەوە بەهێزتریت تاکو مستێک کارت تێبکات.**

**دوای ئەم قسەیەی زەردەخەنەی بۆ کرد و گوتی: دەبێت بڕۆم ئەو کچە ئازاد بکەم، بۆیە لێرە دانیشە تاکو دەگەڕێمەوە.**

**دواتر لە جێی خۆی جێهێشت و ڕۆیشت بۆ لای ئەو کچەی کە لە سووچەکەی تر بەسترابۆوە. گوریسی ئەویشی پچڕاند و دواتر کچەکەی ڕاکشاندە سەر زەوی، دەیزانی کە بێ هۆش نییە، بەڵام برینی سەری ئازارێکی وەهای پێگەیاند بوو کە وەکو بێ هۆشی لێ هاتبوو، وە دیاربوو کە تینوویش کارێکی زۆری لێ کردبوو. لە کاتێکدا کە ئەوی لەسەر زەوی ڕاکشاند، ئەوا هاڤی هەستا و سەیری دەوروبەری کرد، کارتۆنێک دەبە ئاوی بینی کە لەسەر ڕەفەیەک بوو، بۆیە دەبەیەکی هەڵگرت و بردی بۆ لای کچەکە. دەستی لەژێر سەری دانا و بەرزی کردەوە، دواتر گوتی: ئەم ئاوە بخۆوە.**

**کچەکە بە هۆی ئازار و تینویەتییەوە تەنانەت توانستی جووڵاندنی لێوەکانیشی نەبوو، بۆیە خۆی دەمی بۆ کردەوە و ئاوەکەی پێدا. بەوە کچەکە کەمێک هاتەوە سەر خۆی، چاوەکانی کردەوە و هەوڵیدا هەستێت، بەڵام توانای وەستانی نەبوو، بۆیە پاڵی بە دیوارەکەوە دا و دانیشت.**

**هاڤی بە ڕوویەکی پڕ لە سۆزەوە گوتی: دیارە کە ئێستا باشتریت، بەوە خۆشحاڵم. من ناوم (هاڤی)یە، ئەی تۆ ناوت چییە؟**

**کچەکە بە دەنگێکی نزم و بێ هێزەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: چاوان، ناوم (چاوان)ە.**

**زەردەخەنەیەکی میهرەبان کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: خۆشحاڵم بە ناسینت چاوان.**

**لە کاتێکدا هاڤی و چاوان لە گفتوگۆدا بوون، ئەوا ئێلا هێزی بە خۆیدا تاکو هەستێتەوە سەر پێیەکانی. دوای ئەوەی کە هەستایەوە سەر پێیەکانی، ئەوا ڕۆیشتە لای ئەو مێزەی کە ئاتێیا چەکەکانی لەسەر دانابوو، شمشێرەکەی هەڵگرت و بەرەو لای ڕێرێک ڕۆیشت. کاتێک لە نزیک ئەو وەستا، ئەوا بینی کە ڕووخساری خەڵتانی خوێن کراوە، بە ڕاددەیەک بریندار کرابوو کە ئەگەری هەبوو بەمزووانە بمرێت. کاتێک**

**ڕێرێک بینی کە ئێلا لە نزیک ئەو وەستاوە، ئەوا دەستێکی بۆ بەرز کردەوە و گوتی: یارمەتی... تکایە یارمەتیم بدە... تکا...**

**ئێلا نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات کە لەپڕ شەقێکی بەهێزی لە گونەکانی دا. دواتر لەسەر ئەژنۆیەکانی وەستا و چووکی (ڕێرێک)ی گرت، لە کاتێکدا بە دەستی چەپی چووکی ئەوی گرتبوو، ئەوا بە دەستی ڕاستی کە شمشێرەکەی بەدەستەوە بوو چووکی ئەوی بڕی. ڕێرێک ویستی هاوار بکات، بەڵام خوێن قورگ و بۆڕی هەناسەی ئەوی گیر کردبوو، بۆیە تەنیا دەنگێکی نزمی لێوە هات. دواتر ئێلا هەستا و چووکە بڕاوەکەی خستە دەمی (ڕێرێک)ەوە، بە پەستانێکی وەها زۆرەوە خستییە دەمییەوە کە وایکرد چیتر نەتوانێت هەناسە بدات. بەڵام نەیهێشت بەو شێوەیە بمرێت، شمشێرەکەی خستە ژێر قورگی و بە هێواشی بۆڕی هەوای ئەوی بڕی، بە شێوەیەکی وەها قووڵی بڕی کە خوێنەکەی بۆ چەندین خوولەک بێ وەستان دەڕژا.**

**دوای ئەوەی کە (ڕێرێک)ی کوشت، ئەوا هاڤی و چاوان ڕۆیشتنە لای. کە بینیان ڕێرێک مردووە، ئەوا هاڤی سەری ڕازیبوونی بۆ ئێلا لەقاند، (چاوان)یش بە مەرگی ئەو دڵخۆش بوو، بەڵام نەیتوانی سەیری لاشەکەی بکات، بۆیە سەر خستە سەر شانەکانی هاڤی و چاوەکانی داخست. دواتر ئێلا ڕۆیشتەوە بۆ لای مێزەکە، بۆیە ڕۆیشتەوە بۆ ئەوێ چونکە سەرەتا کە شمشێرەکەی لێ هەڵگرتەوە، ئەوا تێبینی دوو جانتای کرد.**

**بۆیە کە لە مێزەکە نزیک بۆوە، ئەوا جانتایەکی هەڵگرت، دواتر ڕۆیشتە لای ڕەفەکان و دەبە ئاوەکانی تێهاویشت، دوای ئەمەش ڕۆیشتە لای ڕەفەکانی تر و خۆراکی ناو سندووقەکانی دەرهێنا. (هاڤی)ش بە هەمان شێوە جانتایەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە لای ڕەفەکان تاکو جانتایەکەی پڕ بکات، لە هەمان کاتیشدا چاوان یارمەتی دەدا. دوای ئەوەی کە هەردوو جانتایەکان پڕ بوون و خۆراکیان بای چەند حەفتەیەک کۆکردەوە، ئەوا هاڤی گوتی: ئاشکرایە کە ئەو دووانە زۆربەی خۆراکی ئەم کۆگایەیان خواردووە،**

**بەڵام هێشتا خۆراکی پێویستی چەند مانگێکی تێدایە. بۆیە دەگەڕێینەوە بۆماڵەوە و خواردنەکان لەوێ جێدەهێڵین، دواتر دەگەڕێینەوە و دووبارە جانتایەکان پڕ دەکەینەوە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبین تاکو ئێرە هیچ شتێکی لێ نامێنێت. ئێلا بەمە ڕازی بوو، بۆیە سەری ڕازیبوونی لەقاند. بەڵام چاوان دوای قسەکانی ئەو گوتی: من ناتوانم لەگەڵتان بێم بەوەی کە چەند ڕۆژێکە برایەکی نەخۆشم لە ماڵەوە جێهێشتووە. کۆتا جار کە جێم هێشت تایەکی بەهێزی لێبوو، خواردنیشمان نەبوو تاکو پێی بدەم و کەمێک بیگەڕێنمەوە سەر باری ئاسایی خۆی. بۆیە هاتمە ئێرە چونکە دەمزانی خۆراکی لێیە، بەڵام هەر کە دەرگای ئێرەم کردەوە، ئەوا ئەو دووانە هێرشیان کردمە سەر. لەو کاتەوەش هەر بێ هۆش بووم، تاکو ئێوە هاتن و ڕزگارتان کردم. بۆیە کەمێک خۆراکم پێ بدەن تاکو بتوانم بگەڕێمەوە لای برایەکەم، تکایە.**

**هاڤی و ئێلا کە ئەوەیان بیست، ئەوا بەزەییان پێداهاتەوە، سەیری یەکتریان کرد و بڕیاریان دا کە یارمەتی بدەن. دواتر هاڤی گوتی: پەلەمان لە گەڕانەوە نییە، بۆیە لەگەڵت دێین و لە ڕێگادا دەتپارێزین، کە گەیشتینە لای برایەکەشت، ئەوا بە پێی توانا یارمەتی ئەویش دەدەین.**

**چاوان کە گوێی لەم قسانە بوو، ئەوا بە دڵخۆشییەکی زۆر و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی: سوپاستان دەکەم ! لە قوڵایی دڵمەوە سوپاستان دەکەم !**

## بەشی نۆیەم

## هەڵاتن لە دۆزەخ

کاتێک ڕۆیشتنە لای دەرگای کۆگایەکە، ئەوا هاڤی تێبینی کرد کە دەرگایەکە کەمێک کرابۆوە، ئەوەش بۆ دەگەڕایەوە کە ئاتێیا لەو کاتەدا بەپەلە کردبوویەوە تاکو ڕابکات. بەهەرحاڵ هاڤی ویستی دەست بۆ دەرگایەکە ببات و بە تەواوی بیکاتەوە تاکو لەوێ بڕۆنە دەرەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەستی پێبگات، ئەوا گوێی لە دەنگی شتێک بوو. گوێیەکانی لە دەرگایەکە نزیک کردەوە و دواتر لە کەلێنی دەرگایەکەوە سەیری ناو کافتریایەکەی کرد، بۆ چەند ساتێک لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بوو تاکو لە کۆتاییدا دەرگایەکەی داخست و کەمێک گەڕایەوە بۆ دواوە. ئێلا و چاوان ئەمەیان بەلاوە سەیر بوو، بۆیە ئێلا پرسی: چی بووە، بۆچی دەرگایەکەت داخست؟

هاڤی بە شپرزەییەکی زۆرەوە گوتی: کافتریایەکە پڕە لە ئاکورا!

ئەم هەواڵە ئەوانی زۆر نیگەران کرد، دواتر ئێلا گوتی: بەڵام کە هاتین بۆ ئێرە، ئەوا هیچ "ئاکورا"یەکی لێ نەبوو، دەرگای پێشەوەی کافتریایەکە داخرابوو و هەموویان لە هۆڵە گەورەکە گیریان خواردبوو. کەوایە چۆن توانیویانە بێنە ژوورەوە؟!

هاڤی بۆ خوولەکێک وەستا و بیری کردەوە، دواتر گوتی: کاتێک ئاتێیا ڕایکردە دەرەوەی کۆگایەکە، ئەوا دیارە ڕۆیشتووە تاکو دەرگای پێشەوەی کافتریایەکە بکاتەوە تاکو "ئاکورا"یەکان بێنە ژوورەوە، دواتریش خۆی بە دەرگای دواوەی کافتریایەکەدا ڕایکردووە.

ئێلا کە زانی ئەمە هۆکاری هاتنە ژوورەوەی ئەو "ئاکورا"یانە بووە، ئەوا بە توڕەییەکی زۆرەوە گوتی: ئەو سۆزانییە چەپەڵە دەکوژم!

**دواتر چاوان ڕوویکردە هاڤی و پرسی: ئەی ئێستا چی بکەین؟**

**-ئاشکرایە کە ئێستا ناتوانین بچینە دەرەوە بەوەی کە ژمارەیان ئێجگار زۆرە، مەحاڵە کە بتوانین بە ناویاندا بڕۆین و بە زیندوویی بۆی دەرچین. بۆیە تاکو سبەی بەیانی ئەم دەرگایە بە داخراوی جێدەهێڵین و لێرە دەمێنینەوە. دڵنیام کە تاکو ئەو کاتە بەشێکی کەم لە ڕێگەی دەرگای دواوە دەچێتە دەرەوە و بەشە زۆرەکەش لە ڕێگەی دەرگای پێشەوە، بەم شێوەیە بەربڵاو دەبن و ئێمەش دەتوانین لێرە ڕاکەین. ئێستا ئەو دووانەتان پشوو بدەن و هەوڵبدەن بخەون، سەرەتا من چاودێری ئێرە دەکەم، دواتر سەرەی ئێلا دێت.**

**هەر یەکە لە ئێلا و چاوان ئەم پلانەیان بەدڵ بوو، بۆیە ئێلا جانتا و چەکەکانی دانا تاکو بتوانێت بە ئاسوودەیی ڕاکشێتە سەر زەوی، (چاوان)یش بە هەمان شێوە لە نزیک ئەوەوە ڕاکشایە سەر زەوی.**

**هاڤی چەند کاژێرێک لە نزیک دەرگایەکە وەستا و چاودێری کۆگایەکەی کرد، گوێی لە دەنگی پێیەکانی ئەوان بوو کە بەوێ و بەوێدا دەڕۆیشتن، کاتێکیش گوێی لە دەنگێکی نامۆ دەبوو، ئەوا خێرا گوێیەکانی لە نزیک دەرگایەکە نزیک دەکردەوە تاکو بزانێت چییە.**

**لە ماوەی ئەو چەند کاژێرەی کە هاڤی بەرپرسیار بوو لە چاودێری کردن، ئەوا هیچ شتێک ڕوویندەدا. هاڤی وردە وردە هەستی بە ماندوویی و خەو دەکرد، کاتێکیش کە خەریک بوو چاوەکانی داخات و لە شوێنی خۆی بخەوێت، ئەوا خۆی بە ئاگا هێنایەوە. لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت، بۆیە (ئێلا)ی لە خەو هەستاند تاکو ئەو ئەو چاودێری شوێنەکە بکات. ئێلا لە شوێنی خۆی هەستا و (هاڤی)ش ڕۆیشتە سەر جێگای ئەو، دوای چەند ساتێک لە ڕاکشانی، ئەوا خەوی لێکەوت. ئێلا تاکو بەرەبەیان چاودێری کۆگایەکەی کرد. دوای چەند کاژێرێک کاتێک لە کەلێنی دەرگایەکەوە بینی کە ژمارەی**

"ئاکورا"یەکان کەم بۆتەوە و ڕووناکی خۆر بە دەرەوەیە، ئەوا هەردووکیانی لە خەو هەستاند. سەرەتا هاڤی لە خەو هەستا، کاتێک چاوەکانی کردەوە، ئەوا بینی کە چاوان لێی نزیک بۆتەوە و بە خەوتوویی باوەشی پێدا کردووە، هۆکاری ئەوەش بۆ دەگەڕایەوە کە شەوەکە پلەی گەرمی کۆگایەکە نزم بووە، بۆیە بۆ ئەوەی هەستی پێ بکات، ئەوا باوەشی پێدا کردووە تاکو گەرمی بە خۆی ببەخشێت. لە کاتێکدا هێشتا چاوەکانی چاوان داخرابوون، ئەوا هاڤی سەیری ڕووخساری دەکرد. بینی کە ڕووخسارێکی ئارام و میهرەبانی هەیە، ڕووخسارێکی وەها جوان و پاکی هەبوو کە بە لایەوە سەیر بوو تازە هەستی پێدەکات. هاڤی چێژی لەو دیمەنە جوانە دەبینی، بۆیە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک تێیڕاما. دواتر (چاوان)یش لە خەو هەستا و (هاڤی)ش سەیری دەکرد لە کاتێکدا کە چاوەکانی دەکردەوە. کاتێک چاوەکانی ئەوی بینی، ئەوا هەستی بە شتێک کرد کە هەرگیز پێشووتر هەستی پێنەکردبوو. هەستی کرد چاوە میهرەبانەکانی ئەو بوون بە ئاگرێک کە ڕوحی ساردی ئەوی گەرم کردەوە، چاوانێک گەرمییەکی وەها ئاسوودەبەخشی پێ بەخشی کە وای لێکرد هەرگیز نەیەوێت کۆتایی پێ بێت، چاوانێک کە وای لێکرد نوقمی جیهانێکی تازە بێت، چاوانێک کە لە ڕێگایەوە گەردوونێکی تەواوی بینی. بیری هاتەوە کە لە پەرتووکێک شتێکی خوێندنەوە کە تاکو پێش ئەو ساتە باوەڕی پێ نەبوو، شتێک کە لە ڕابردوودا مایەی پێکەنینی ئەو بوو، بەڵام ئێستا ڕاستییەکی بێ چەند و چۆنە.

بیرییەتی کە پەرتووکەکە لە نوسینی ئۆلیڤەر باودن بوو، لە پەرتووکەکەدا باسی لە جۆری ئافرەتان دەکرد کە بەم شێوەیە بوو (ئەم نووسینەی ئێستا دێت داڕێژراوەی وتەکانی ئەو نووسەرەیە): "دوو جۆر ئافرەتی جوان لەم جیهانەدا هەیە. جۆری یەکەم ئەو ئافرەتانەن کە جوانییەکەیان وا لە پیاوان دەکات ڕووبەڕووی یەکتری ببنەوە و بجەنگن تاکو بتوانن جوانی ئەو ئافرەتە بەدەست بێنن.

جۆری دووەمیش ئەو جۆرانەن کە جوانییەکەیان هەستێکی ئارام و ئاسوودەبەخش بە پیاوان دەبەخشن، وە تاکە پیاوێکیش ئەو جوانییە بەدەست دێنێت بەوەی کە سەرنجی پیاوانی تر زیاتر لەسەر جوانی ئافرەتی جۆری یەکەمە."

لە ڕابردوودا هەر کاتێک هاڤی ئەم دێڕانەی دەخوێندەوە، ئەوا گاڵتەی پێ دەکرد و بە نووسینی پووچی هەژمار دەکرد. بەڵام ئێستا کە بە چاوەکانی خۆی بینی، ئەوا درکی بەم ڕاستییە کرد، وە لەوەش زیاتر، خۆی بوو بە نموونەی بەرجەستەی ئەو دێڕانە. هەر کەسێک بە شێوەیەکی ئاسایی سەیری (چاوان)ی کردبا، ئەوا جوانییەکی سادەی دەبینی، هەر ئەمەندە، جوانییەکی سادە. بەڵام ئەوەی بە سەرنجەوە سەیری ڕووخساری پاک و چاوە میهرەبانەکانی ئەوی کردبا، ئەوا جوانییەکی بێخەوشی دەبینی، جوانییەک کە هاڤی بینی، جوانییەک کە بوونێکی تازەی بەو بەخشی.

کاتێک چاوان بینی کە لە نزیک ئەو خەوتووە و باوەشی پێدا کردووە، ئەوا خێرا خۆی دوورخستەوە و دواتر شەرمێک دایگرت کە وایکرد ڕووخساری سوورهەڵگەڕێت. بە ڕادەیەک شەرم دایگرت کە نەیدەتوانی قسە بکات، هاڤی هەستی بەمە کرد، بۆیە ڕۆیشتە لای و گوتی: پێویست بە شەرم ناکات، چونکە ئەوە شتێکی ئاساییە.

دواتر زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و لێی دوورکەوتەوە. پاش ئەمە هاڤی ڕۆیشتە لای ئێلا و گوتی: بارودۆخی دەرەوە چۆنە، ئایا ڕێگای چوونە دەرەوەمان سەلامەتە؟

-بەڵێ. وەکو گوتت، ئەوا ژمارەی "ئاکورا"یەکان لەناو کافتریایەکە کەم بۆتەوە. بەڵام شتێکی تر نیگەرانی کردووم، دڵنیام کە وەکو دوێنێ ڕێگای پشتەوەی بینایەکە بەتاڵ نییە، بڕوام وایە کە بەشێک لەوان بەوێدا ڕۆیشتبێتنە دەرەوە و ئێستا ڕێگایەکەیان گرتبێت.

-دڵنیام کە ژمارەی زۆر نییە، بەڵام هەر دەبێت بە بێ دەنگی و بێ بوونی هیچ ڕووبەڕوو بوونەوەیەک لێرە بڕۆینە دەرەوە. وزەی ئەوەمان نییە کە ڕووبەڕوویان ببینەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە پێویستە وریای (چاوان)یش ببین .

-زۆرباشە، کەوایە با لێرە بڕۆین.

دواتر ئێلا ڕۆیشت بۆ لای چاوان و گوتی: دڵنیابە کە ئێمە باش دەتپارێزین، بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت گرەنتی داهاتوو بکات. بۆیە ئەم چەقۆیە بگرە، ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش هاڤی ئەمەی پێدام تاکو بەرگری لە خۆم بکەم، منیش ئێستا بە تۆی دەدەم تاکو لە ڕێگەیەوە بتوانیت بەرگری لە خۆت بکەیت. ئەگەر یەکێک لەو بوونەوەرانە لێت نزیک بۆوە، ئەوا نووکی چەقۆیەکە بۆ پێشەوە بەرز بکەوە و بەوپەڕی هێزەوە لە چاوی بخە تاکو دەچێتە ناو مۆخی. ئەمەت باش بیر بێت، باشە؟

چاوان بە وردی گوێی لە قسەکانی گرت، دواتر چەقۆیەکەی وەرگرت و گوتی: سوپاست دەکەم، هەرچەندە هیوادارم تووشی ئەوە نەبم کە بەکاری بهێنم.

دوای ئەمە هاڤی و ئێلا جانتا و چەکەکانیان هەڵگرت، لەگەڵ چاوان لە دەرگایەکە نزیک بوونەوە، هاڤی دەستی بۆ دەرگایەکە برد و بە هێواشی کردییەوە. "ئاکورا"یەک لە پێشەوەی دەرگایەکە بوو، بۆیە ئێلا خێرا لێی نزیک بۆوە و بە شمشێرەکەی کوشتی. دواتر ڕۆیشتنە لای دیوارێک و خۆیان نزم کردەوە تاکو "ئاکورا"یەکانی تر نەیانبینن. لەم کارەیان سەرکەوتوو بوون بەوەی کە توانیان بێ ئەوەی هیچ "ئاکورا"یەک بە بوونی ئەوان بزانێت بە دەرگایەکەدا بڕۆنە دەرەوە. کاتێک ڕۆیشتنە دەرەوە، ئەوا دیمەنێکی سامناکیان بینی. دەیەها ئاکورا لەسەر ڕێگایەکە بەربڵاو بووبوون، ژمارەیان بە ڕاددەیەک زۆر بوو کە وایکرد هاڤی بۆ ساتێک لە جێی خۆی ڕەق بێت. چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ڕێگای پشتەوەی بینایەکە بەتاڵ نەبێت، بەڵام چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە ئەو هەموو ژمارە زۆرە لەوێ کۆبووبێتنەوە. دواتر ئێلا خێرا ڕووی لە هاڤی

کرد و گوتی: ناتوانین به دزییەوە بچینە دەرەو بەوەی کە دڵنیام دەمانبینن، بۆیە پێویستە بەوپەڕی خێراییەوە بەناویاندا ڕاکەین، هەرچی هاتە سەر ڕێگاشمان، ئەوا سەری دەپەڕێنین.

هاڤی سەری ڕازیبوونی لەقاند، دواتر بە دەستی ڕاستی دەمانچەکەی دەرهێنا و بەرزی کردەوە، دەستی (چاوان)ی گرت و گوتی: پێویستە ڕاکەین، نابێت بۆ ساتێک هێواش ببینەوە ! دەستی منیش نابێت بەردەیت تاکو دەگەینە شوێنێکی سەلامەت، تێگەیشتیت؟

چاوان دەستی ئەوی گوشی و سەری ڕازی بوونی لەقاند. دوای ئەوەی کە هەرسێکیان ئامادە بوون، ئەوا دەستیان بە ڕاکردن کرد. ئێلا لە پێشەوە بە شمشێرەکەی سەر "ئاکورا"یانە دەپەڕاند کە لەپێشیان بوون، (هاڤی)ش لە دواوە تەقەی لەوانە دەکرد کە لە لای ڕاست و چەپەوە بەرەو ڕوویان دەهاتن. بەم شێوەیە بەردەوام بوون تاکو هاڤی فیشەکی لێبڕا، دەمانچەکەی خستەوە ناو کیفەکەی و هەوڵی دەدا داری بەیسبۆڵەکەی لە قایشەکەی بکاتەوە. لە کاتێکدا کە هەوڵی دەدا دارەکە دەربێنێت، ئەوا "ئاکورا"یەک شانی (چاوان)ی گرت، خەریک بوو گۆشتی ملی بە ددانەکانی لێکاتەوە، بەڵام هاڤی بە هانایەوە هات و بە دارەکەی سەری شکاند. دوای ئەوەی کە هیچ لەسەر ڕێگایان نەما، ئەوا کەمێک لە خێراییەکەیان کەم کردەوە، بەڵام لە ڕاکردن نەوەستان، لە کۆتاییدا لە زەوی زانکۆیەکە دەربازیان بوو. کاتێک گەیشتنە لای بینایەک نزیک لە خۆیان، ئەوا پاڵیان بە دیوارەکەوە دا تاکو هەناسەیەک هەڵمژن. چەند خوولەکێک لەوێ ماناوە و پشوویان دا. دواتر هاڤی کەمێک دوورکەوتەوە و سەیری دواوەی کرد تاکو دڵنیابێت کە هیچ لەو بوونەوەرانە بەدوایان نەکەوتوون. کە لەوە دڵنیابۆوە، ئەوا گەڕایەوە بۆ لای ئەوان و گوتی: لە ئێستادا سەلامەتین، بەڵام پێویستە دووبارە بەڕێکەوینەوە، شتێکی باش نییە کە زۆر لێرە بمێنینەوە.

**دواتر ڕوویکردە چاوان و گوتی: چاوان، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بڕۆین بۆ لای برایەکەت.**

**چاوان کە بەم قسەیە دڵخۆش بوو، ئەوا گوتی: زۆر باشە،ماڵەکەمان چوار کیلۆمەتر لێرەوە بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات دوورە.**

**هاڤی بە سەرسامییەوە گوتی: چوار کیلۆمەتر؟ واتا چوار کیلۆمەترت بڕیوە تاکو گەیشتوویت بە ئێرە؟ !**

**-لەپێناو برایەکەمدا، ئەوا ئامادەم زۆر لەوەش زیاتر ببڕم!**

**دواتر هاڤی و ئێلا سەیری یەکتریان کرد، بەم کارەی ئەو سەرسام بوون. دوای ئەمە هاڤی گوتی: زۆرباشە، کەوایە با بەڕێکەوین.**

## بەشی دەیەم

## دوو ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو

**لە کاتێکدا کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، ئەوا دووچاری کۆمەڵە مەترسییەک بوونەوە، بەڵام گرنگییەکی وەهایان نەبوو بەوەی کە سەرچاوەی تەواوی ئەو مەترسییانە بریتی بوون لە کۆمەڵە "ئاکورا"یەک کە هاڤی و ئێلا بە ئاسانی دەیانکوشتن. چاوان سەرسامی بوێری و توانستی خێرا کوشتنی ئەوان بوو، هەر کاتێک (ئێلا)ی دەبینی کە چۆن بە شمشێرەکەی سەریان دەپەڕێنێت یاخود کە چۆن هاڤی بە دەمانچەکەی لە دوورەوە مێشکیان دەپرژێنێت، ئەوا چاوەکانی زەق دەبوون و ستاییشی ئەوانی دەکرد. هەرچەندە پێشووتر ڕقی لە خوێن ڕشتن بوو و بێزی لێ دەکرد، بەڵام ئێستا لای گرنگ نییە بەوەی کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا دووچاری زۆر ڕووداو بوو کە وایکرد چیتر گرنگی بە خوێن ڕشتنی ئەو بوونەوەرانە نەدات. دوای بڕینی نزیکەی کیلۆمەتر و نیوێک لە لای بەشی چەپی دوو سایدەکە دیمەنێکی سەیریان بینی. پێنج "ئاکورا"یان بینی کە لە دەوری ئۆتۆمبێلێک کۆبووبوونەوە، دیار بوو کە شتێکی ناو ئۆتۆمبێلەکە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشابوو. سەرەڕای ئەوەی کە بەلایانەوە دیمەنێکی سەیر بوو، بەڵام گرنگیان پێ نەدا، بۆیە دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە و لەسەر ڕێگای خۆیان بەردەوام بوون. دوای ئەوەی کە چەند هەنگاوێک دوورکەوتنەوە، ئەوا لەپڕ گوێبیستی هاوارێک بوون کە لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەوە دەهات کە "ئاکورا"یەکان دەوریان دابوو. دەنگەکە لە هاوارکردن بەردەوام بوو و هەر دەیگوت: یارمەتی، تکایە یارمەتی!**

**بە هۆی ئەوەی کە کەمێک لێیانەوە دوور بوو، ئەوا هیچیان ئەو دەنگەیان نەناسییەوە، نەیانزانی کە ئەوە کێیە وا هاوار دەکات. دواتر چاوان گوتی: ناکرێت ڕێگە بدەین کە لەسەر دەستی ئەو بوونەوەرانە بمرێت، پێویستە یارمەتی بدەین!**

هاڤی ئەم قسەیەی بەدڵ نەبوو، چونکە لای گرنگ نەبوو کە کێ لەوێدایە، ئەوەشی لا گرنگ نەبوو کە ژیانی لە مەترسیدایە. بۆیە گوتی: ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، با بۆ خۆی لەمە دەربازی بێت.

-چۆن دەکرێت وا دڵ ڕەق بیت؟! پێویستە یارمەتی بدەین!

دوای ئەم قسەیەی، ئەوا ویستی بەرەو ئۆتۆمبێلەکە بڕوات. هاڤی کە بینی بەڕاستی دەیەوێت بەرەو ئەوێ بڕوات، ئەوا ڕێگەی لێ گرت و گوتی: سەیرکە، ناتوانم ڕێگەت پێ بدەم بڕۆیت بۆ ئەوێ بەوەی کە پڕ مەترسییە. بۆیە من دەڕۆم تاکو یارمەتی بدەم.

(ئێلا)ش گوتی: کەوایە منیش لەگەڵتدا دێم، باش نییە کە بە تەنیا بڕۆیت.

-نەخێر، نامەوێت ئێوە ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە.

دوای ئەمە ئێلا هیچی تری نەگوت و ڕازی بوو. لە کاتێکدا کە هاڤی بەرەو ئۆتۆمبێلەکە دەڕۆیشت، ئەوا چاوان بانگی کرد و گوتی: لە دووری نیو کیلۆمەتر لێرەوە کابینەیەکی بچووکی سوور هەیە، لەوێ چاوەڕێت دەکەین.

دواتر لێک جیابوونەوە و هاڤی بەرەو ئۆتۆمبێلەکە بەڕێکەوت. دوای ئەوەی کە بە بێدەنگی بە ئەندازەی پێویست لە ئۆتۆمبێلەکە نزیک بۆوە، ئەوا داری بەیسبۆڵەکەی بەرز کردەوە. بە خێرایی ڕایکردە لای "ئاکورا"یەکان و سەری یەکەم دانەی بە یەک لێدان شکاند. دووبارە دارەکەی وەشاندەوە و لە دەمی دووەم دانەی دا، بە شێوەیەکی وەها بەهێز لێیدا کە ددانەکانی لەگەڵ وەشاندنەکە دەرپەڕین، دواتر کەوتە سەر زەوی و سەری ئەویشی شکاند. دوای ئەمە کەمێک گەڕایەوە دواوە تاکو مەودایەک لە نێوان خۆی و سێ دانەکەی تر درووست بکات. سێ "ئاکورا"یەکە لە ئۆتۆمبێلەکە دوورکەوتنەوە و دواتر بەرەو لای ئەو هاتن، دوو دانە لە نزیکی یەکتر بوون و دانەکەی تریش لەو دیوی ئۆتۆمبێلەکەوە دەهات. کە دوو "ئاکورا"یەکە لێی نزیک بوونەوە، ئەوا

شەقێکی لەوەی پێشەوە دا، خستییە دواوە و دواتر بەر ئەوەی دووەم دانە کەوت، ئەوەی پشتەوە کەوتە سەر زەوی، ئەوەی پێشەوەش بەرەو پێشەوە هاتەوە. هەر کە ئەوەی پێشەوە دووبارە لێی نزیک بۆوە، ئەوا بە دارەکەی سەری شکاند. دواتر یەک ساتی بەفیڕۆ نەدا و بە خێرایی ڕایکردە لای ئەوەی دووەم، دارەکەی بەرز کردەوە و سەری ئەویشی شکاند. دواتر ڕوویکردە لای چەپ و بینی کە سێیەم دانە وا نزیک دەبێتەوە، بۆیە لە شوێنی خۆی وەستا و چاوەڕێی کرد تاکو لێی نزیک بۆوە. کە لێی نزیک بۆوە، ئەوا دارەکەی لە قاچی ڕاستیدا و شکاندی، ڕێک کەوتە سەر زەوی. لای سەر وەستا و بە پێی ڕاستی شەقی لێدا، وەکو شێتێک هەر لێی دا و لێیدا تاکو سەری هاڕی.

دوای ئەوەی کە تەواوی "ئاکورا"یەکانی لەناوبرد، ئەوا ڕۆیشتە لای ئۆتۆمبێلەکە و گوتی: وەرە دەرەوە، ئێستا ئێرە سەلامەتە.

کاتێک هاتە دەرەوە، ئەوا هاڤی تووشی شۆک بوو، باوەڕی بەوە نەکرد کە بینی چونکە ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە هاتە دەرەوە ئاتێیا بوو!

کاتێک هاتە دەرەوە، ئەوا سەیری لاشە مردووەکانی کرد، بەوە زۆر دڵخۆش بوو. لە کاتێکدا کە ڕووی بەرەو هاڤی بەرز دەکردەوە، ئەوا دەیگوت: سوپاس بۆ ڕزگارکردنم، تۆ بەڕاستی پاڵەوانیت ! تۆ...

ڕێک لەو کاتەدا چاوی بە هاڤی کەوت، چاوەکانی بە ڕادەیەک زەق بووبوون و پێستی وەها سپی هەڵگەڕابوو کە وەکو ئەوە وابوو خێوی بینیبێت. بە ڕادەیەک ترسابوو کە نەیتوانی لە شوێنی خۆی بجووڵێت، لە کاتێکدا کە هاڤی لێی نزیک دەبۆوە، ئەوا ئەو هەر لە شوێنی خۆی وەستا بوو و بە نیگەرانییەوە سەیری دەکرد. هاڤی بە ڕادەیەک نزیک بۆوە کە مەودای نێوانیان تەنیا نیو مەتر بوو. هاڤی کە لێی نزیک بۆوە، ئەوا گوتی: سەیرکەن کێ لێرەیە ! ئەمە یەکەم جارە بەخت یاوەرم بێت، هەرگیز نەبووە کە

بەم ڕاددەیە بە بەخت بم ! باوەڕ ناکەیت کە چەندە خۆزگەم بۆ ئەم ساتە دەخواست، بۆ ئەو ساتەی کە دووبارە یەکتری ببینینەوە و سەرت بپەڕێنم!

ئاتێیا بەم قسەیە کەوتە لەرزەوە، دواتر گوتی: سەیرکە، ئەوەی رێرێک کردی ویستی خۆی بوو، من بە کارەکەی ڕازی نەبووم. وە جێی باسە کە ئەو بوو ناچاری کردم هێرشتان بکەمە سەر و بە گوریس بتانبەستمەوە ! وە کاتێکیش ویستی دەستدرێژی بکاتە سەر ئێلا، ئەوا زۆرم پێ ناخۆش بوو، ویستم ڕێگری لێ بکەم، بەڵام دەسەڵاتی ئەوم نەبوو ! بۆیە تکایە، تکایە ئازارم مەدە!

-با بڵێین باوەڕت پێ دەکەم، بەڵام کاتێک کە ڕاتکرد، ئەوا بۆچی دەرگای پێشەوەی کافتریایەکەت کردەوە و ئەو بوونەوەرانەت هێنایە ژوورەوە؟

زمانی ئاتێیا وەکو گرێیەکی لێ هاتبوو، نەیدەزانی کە چۆن خۆی لەوە دەرباز بکات. دوای ساتێک بێدەنگی گوتی: ئەوە... ئەوەیان... من...

هاڤی وەکو ئەوەی گاڵتەی پێ بکات گوتی: چییە، پشیلە زمانی گەزیویت؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ بوەستە... نەکا بڵێیت کە ئەم کارەش هەر رێرێک بوو ناچاری کردیت ئەنجامی بدەیت؟!

-ئەو... ئەوەیان...

هاڤی لەم گفتوگۆیە بێزار بوو، بۆیە دەمانچەکەی هێنایە دەرەوە و گوتی: ئاشکرایە کە ناتوانم ڕێگەت پێ بدەم لێرە بە زیندوویی بڕۆیت، بۆیە پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانت بهێنم، ئایا دەتەوێت هیچ شتێک بڵێیت؟

ئاتێیا بەم هەڕەشەیە زیاتر ترسا و گوتی: سەیرکە، سەیرکە ! ئەگەر ڕێگەم پێ بدەیت لێرە بە زیندوویی بڕۆم، ئەوا هەرچییەک بتەوێت بۆتی ئەنجام دەدەم!

بیرمە کە لە زانکۆ حەزت بە من دەهات، بەڵێ، ئاگادارم ! بۆیە ئەگەر لێم خۆش بیت و ڕێگەم پێ بدەیت لێرە بڕۆم، ئەوا هەر لێرە و ئێستا کاری سەرجێیت لەگەڵدا دەکەم ! دەی، دەزانم کە حەزت لێیە!

دواتر جلکەکانی دانا و خۆی بۆ ڕووت کردەوە، دوای ئەمە لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: دەبینیت کە لەسەر قسەی خۆمم، بۆیە ڕات چییە؟

هاڤی بۆ ساتێک وەستا و سەیری جەستەی ڕووتی ئەوی کرد، بۆ ساتێک سەرنجی لەسەر هیچ شتێک نەما جگە لە دیمەنی سەرنجڕاکێشی سنگی ڕووتی ئەو. دواتر سەرنجی لەسەر ئەوێ لابرد، سەیری خوارەوەی کرد و ئەندامی مێینەی بینی. دوای ئەوەی کە بۆ چەند ساتێک لەوێش ڕاما، ئەوا گوتی: بەڕاستیتە؟ ئەگەر ڕێگەت پێ بدەم بڕۆیت، ئەوا کاری سەرجێیم لەگەڵدا دەکەیت؟

ئاتێیا زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: بەڵێ گیانەکەم. چیت ویست، ئەوا بۆتی ئەنجام دەدەم.

دواتر ئاتێیا لێی نزیک بۆوە و بە دەستەکانی ئێقەکانی گرت، بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لێوەکانی لە لێوەکانی ئەو نزیک کردەوە، دواتر ماچێکی نەرمی لێوەکانی کرد کە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک بەردەوام بوو. دواتر ئاتێیا سەری کشاندەوە دواوە تاکو سەیری ڕووخساری بکات، کە سەیری کرد، ئەوا هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر ڕووخساری نەبینی. وایزانی کە بە بینینی ئەو بە ڕووتی و ماچکردنی، ئەوا تووشی شۆک بووە، پێی وابوو کە ئەوە شتێکی باشە. دواتر دەستێکی لەسەر ئێقەکەی لابرد و بەرەو خوارەوەی برد، دەستی بردە ناو پانتۆڵەکەی و دواتر چووکی ئەوی گرت، ویستی ئارەزووی هەستێنێت، بۆیە هەر بۆی خشاند و خشاند. بەو دەستەشی کە هێشتا ئێقەکەی گرتبوو، ئەوا دووبارە لە خۆی نزیک کردەوە و ماچی کردەوە. لە کاتێکدا کە ماچی دەکرد، ئەوا ئاتێیا لەپڕ لە بەشی خوارەوەی پەراسووی چەپی هەستی بە

ئازارێکی کوشندە کرد، ئازارێک کە وای لێ کرد بکەوێتە سەر ئەژنۆیەکانی. دەستی لەو شوێنە دا کە ئازاری هەبوو، کاتێکیش سەیری لەپی دەستەکانی کرد، ئەوا خوێن بە دەستەکانییەوە دیار بوو. کە سەیری شوێنی ئازارەکەی کرد، ئەوا بینی کە شوێنەواری چەقۆی پێوە دیار و وا خوێنی لێ دەڕژێت. بە ڕاددەیەک بێ هێز بوو کە نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی بجووڵێت، دواتر سەری بەرز کردەوە و ڕووخساری هاڤی بینی کە زەردەخەنە کەوتبووە سەر لێوەکانی. پاش ئەمە هاڤی گوتی: ئایا بەڕاستی لەو بڕوایەدا بوویت کە لەگەڵ تۆدا جووت ببم و خۆم پیس بکەم؟ ئایا بەڕاستی لەو بڕوایەدا بوویت کە ڕێگەت پێ بدەم لێرە بە زیندوویی دەربازت بێت؟ ئایا بەو ڕاددەیە ساویلکە و گەمژەیت؟ بەڵێ، دیارە کە بەڕاستی بەو ڕاددەیە گەمژەیت!

دوای ئەمە سەرزەنشتی خۆی کرد و گوتی:

باوەڕ بەوە ناکەم کە لە ڕابردوودا حەزم بە تۆ هاتووە، باوەڕ بەوە ناکەم کە چەندە بەرچاو تاریک و گەمژە بووم!

ئاتێیا توانستی قسەکردنی نەبوو، تەنیا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک و ئازارەوە سەیری دەکرد. کاتێک هاڤی بەو شێوەیەی بینی، ئەوا چێژێکی زۆری لێ بینی.

دوای ئەمە چەکەکەی بۆ لای سەری بەرز کردەوە، پێش ئەوەی بە فیشەک مێشکی بپرژێنێت، ئەوا گوتی: لەپێناو ئێلا و چاوان.

دوای ئەم قسەیە، ئەوا دەمانچەکەی تەقاند و مێشکی (ئاتێیا)ی پرژاند. دواتر تفی لێ کرد و لەوێ ڕۆیشت. کاتێک گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە پێشووتر لەگەڵ ئێلا و چاوان لێی وەستابوو، ئەوا بۆ ساتێک وەستا و دواتر بەرەو ئەو کابینەیە بەڕێکەوت کە چاوان بۆی باس کرد. زۆری پێ نەچوو کە لە کابینەکە چاوی بەوان کەوتەوە، هەر کە هاڤی ئەوانی بینی، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە لایان. ئێلا کە ئەوی بینی، ئەوا گوتی: ماوەیەکی زۆرت پێ چوو، ئەوە چیت دەکرد؟

**-کوشتنی ئەو پێنجانە لەوە قوورستر بوو کە چاوەڕێم دەکرد، بۆیە کاتێکی زۆرم لێ ڕۆیشت تاکو لە کۆتاییدا توانیم بیانکوژم.**

**دواتر (چاوان)یش پرسی: ئەی ئەو کەسەت ڕزگار کرد کە هاواری دەکرد، ئایا سەلامەتە؟**

**-بەڵێ، ڕزگارم کرد و دواتر سوپاسی کردم. پێم گوت کە خواردنمان لایە، بۆیە پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد کە بێتە پاڵمان. بەڵام بە ڕێزەوە پێشنیارەکەی منی ڕەت کردەوە و بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.**

**-هەرچییەک بێت، ئەوا خۆشحاڵم کە توانیت یارمەتی بدەیت.**

**دوای ئەم قسانەی، ئەوا ئێلا بە چاوێکی گوماناوییە سەیری کرد، دواتر گوتی: هاڤی، با بچینە دەرەوە، دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم.**

**(هاڤی)ش بەدەم داواکارییەکەیەوە هات و لەگەڵی ڕۆیشتە دەرەوە. دواتر ئێلا بە دەنگێکی یەکلاییکەرەوە گوتی: دەزانم کە درۆت لەگەڵ (چاوان)دا کرد، وا نەزانیت کە ناتوانم درۆیەکانت ببینم، تۆ لە هەموو کەسێک باشتر دەناسم. بۆیە ڕاستییەکەم پێ بڵێ، لەوێ چی ڕوویدا؟**

**هاڤی دەیزانی کە شاردنەوەی ڕاستییەکان لەو کارێکی بێ سوودە، بۆیە تەواوی ڕووداوەکانی بۆ گێڕایەوە.**

**ئێلا بە وردی و سەرنجێکی زۆرەوە گوێبیستی قسەکانی بوو، کاتێکیش هاڤی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان تەواو بوو، ئەوا ئێلا گوتی: کەوایە بەم شێوەیە بووە، چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد. بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ڕاستییەکەت پێ گوتم، وە ئەوەی ئەنجامت دا کارێکی پێویست بوو بەوەی کە شایەنی سزایەکی لەو شێوەیە بوو. لێت**

تێدەگەم کە بۆچی درۆت لەگەڵ (چاوان)دا کرد، دڵنیام کە بە بیستنی ئەم جۆرە شتانە تێک دەچێت، بۆیە نهێنییەکەت لای من پارێزراوە.

دوای قسەکانیان، ئەوا گەڕانەوە بۆناو کابینەکە. بۆ نزیکەی کاژێرێک لەوێ مانەوە و پشوویان دا، دواتر دووبارە بەڕێکەوتنەوە سەر ڕێگای خۆیان.

کاتێک ئەوەندە ڕێگایەیان بڕی کە مابوو، ئەوا ڕۆیشتنە ئەو کۆڵانەی کە ماڵی (چاوان)ی لێ بوو. لە کۆڵانەکە چەندین "ئاکورا"ی لێ بوو، بۆیە هاڤی داوای لە چاوان کرد کە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە تاکو خۆی و ئێلا دەچن ئەوان دەکوژن. چاوان بە قسەی کرد و ئەوانیش بەڕێکەوتن. بەوەی کە ژمارەی "ئاکورا"یەکان نزیکەی سی دانە بوو، ئەوا سەروو کاژێرێکی تەواویان پێچوو تاکو هەمووانیان لەناوبردن. دواتر هاڤی گەڕایەوە بۆ لای چاوان و لەگەڵ خۆی هێنایەوە. دوای ئەمە هاڤی و چاوان پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ماڵی ئەو، (ئێلا)ش لە بەردەم دەرگایەکە وەستابوو تاکو چاودێریان بکات. خانووەکەیان خانوویەکی بچووکی سێ ژووری بوو. ژوورێکی میوان، چێشتخانەیەک، لەگەڵ ژوورێکی خەو. لە حەوشەکەش لە لای بەشی ڕاستی سەراوێک و شۆرگەیەکی لێبوو، بەشی چەپی حەوشەکەش بەتاڵ بوو. شایەنی باسیشە کە زەمینی بەشی چەپی حەوشەکە بە پێچەوانەی لای ڕاستی دانەڕێژرابوو، بەڵکو بە گڵ داپۆشرابوو. بەهەرحاڵ کاتێک پێکەوە چوونە ناو حەوشەکە، ئەوا تێبینی ئەوەیان کرد کە دەرگای ڕێڕەوەکە کراوەتەوە، ئەوە (چاوان)ی زۆر نیگەران کرد و گوتی: کە ڕۆیشتم، ئەوا دەرگایەکەم داخستبوو، بۆچی و کێ کردوویەتییەوە؟!

هاڤی ویستی دڵنەوایی بداتەوە، بۆیە گوتی: لەوانەیە برایەکەت خۆی کردبییەوە.

-باوەڕ ناکەم بەوەی کە داوام لێکرد بە هیچ شێوەیەک نەیکاتەوە، ئەویش بەڵێنی پێدام کە بە قسەم بکات.

-تاکو نەچینە ژوورەوە، ئەوا هیچ شتێک ڕوون نابێتەوە.

**دوای ئەم قسەیە هەردووکیان بە هەنگاوی هێواشەوە ڕۆیشتنە ژوورەوە. بە ڕێڕەوەکەدا بەرەو ئەو ژوورە ڕۆیشتن کە برای (چاوان)ی لێبوو، کاتێک لە دەرگای ژوورەکە نزیک بوونەوە، ئەوا هەردووکیان نیگەران کەوتن بەوەی کە بینیان دەرگای ژوورەکەش کەمێک کراوەتەوە. هاڤی بە (چاوان)ی گوت کە لە شوێنی خۆی نەجووڵێت، دواتر خۆی دەسکی دەرگایەکەی گرت و کردییەوە. کە دیمەنی ژوورەوەی بینی، ئەوا بەوە شۆک بوو کە بینی. "ئاکورا"یەک کەوتبووە سەر جەستەی برای چاوان و ڕیخۆڵەکانی ئەوی دەخوارد!**

**کە ئەمەی بینی، ئەوا بە خێراییەکی زۆرەوە داری بەیسبۆڵەکەی بەرز کردەوە و دواتر لە "ئاکورا"یەکە نزیک بۆوە، بە هێزێکی زۆرەوە دارەکەی لە سەری دا و خستییە سەر زەوی، دواتر دانەیەکی تریشی لێدا و سەری شکاند. ڕێک لەو ساتەدا چاوان هاتە ژوورەوە، کە لاشەی مردووی برایەکەی بەو شێوەیە بینی، ئەوا ڕێک کەوتە سەر زەوی. هاڤی خێرا بەرەو لای ئەو ڕایکرد، دواتر سەری بەرز کردەوە و هێنایەوە هۆش خۆی. دوای ئەوەی کە چاوان بەئاگا هاتەوە، ئەوا بە دڵێکی شکاوەوە و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە ڕۆیشتە لای ئەو و گوتی: برایەکەم ! برایە خۆشەویست و جوانەکەم ! بۆچی مردیت برایە جوانەکەم؟! هێشتا زوو بوو! ئەگەر خێراتر هاتبامەوە لات و تۆم پاراستبا، ئەوا هەرگیز ئەمە ڕووی نەیدەدا ! ئەمە هەڵەی منە، نەمتوانی ئاگادارت ببم و بتپارێزم ! ئاخ برایەکەم!**

**هاڤی کە گوێی لە ناڵەی ئەو بوو و چاوە پڕ فرمێسکەکانی بینی، ئەوا بەزەییەکی زۆری پێدا هاتەوە. پاش پێنج خوولەک لە بێدەنگی، ئەوا هاڤی ڕۆیشتە لای چاوان و گوتی: داوای لێبووردن دەکەم، خۆزگە توانیبامان زووتر بگەینە ئێرە تاکو یارمەتی بدەین. دیارە کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا گیانی لەدەستداوە بەوەی کە لاشەکەی بۆگەنی کردووە، بۆیە هیچ کام لە ئێمە هیچ جۆرە کارێکی لەدەستەوە نەدەهات. پێم باشە بینێژین تاکو ڕوحی ئاسوودە بێت.**

چاوان هیچ شتێکی نەگوت، تەنیا بە بێدەنگی و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە سەری ڕازیبوونی لەقاند. دوای ئەوەی کە ئەو ڕازی بوو، ئەوا هاڤی لاشەی مردووی ئەوی بە بەتانییەک پێچایەوە و بۆ دەرەوەی هەڵیگرت. لە کاتێکدا کە لاشەکەی هێنا دەرەوە و (چاوان)یش لە پشتییەوە بوو، ئەوا ئێلا لە حەوشەکە وەستابوو، کاتێک هاڤی و (چاوان)ی بەو شێوەیە بینی، ئەوا تێگەیشت کە برای چاوان مردووە، بۆیە ڕۆیشتە لایان و لەگەڵ چاوان وەستا. هاڤی لاشەکەی لەسەر زەمینە گڵەکە دانا و دواتر پێمەڕەیەکی هێنا کە لای سەراوەکە بوو، چاڵێکی لەناو زەمینە گڵەکە هەڵکەند، نزیکەی نیوکاژێری پێچوو تاکو تەواو بوو. لە ماوەی ئەو کاتەشدا ئێلا باوەشی لە چاوان دابوو، قسەی بۆ نەدەکرد، دڵنەوایی نەدەدایەوە، تەنیا باوەشی پێدا کردبوو و لەگەڵی وەستابوو. دوای ئەوەی کە هاڤی لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا لاشەکەی لەناو چاڵەکە هاویشت و دواتریش بە گڵ پۆشی. دوای ئەوەی کە نێژرا، ئەوا هەر یەکە لە چاوان و ئێلا لە گۆڕەکە نزیک بوونەوە و وەستان، دواتر (هاڤی)ش لەپاڵ ئەوان وەستا. لە کاتێکدا کە چاوان لە بەردەم گۆڕی برایەکەی وەستابوو، ئەوا بە دڵێکی شکاوەوە گوتی: تۆ تاکە خانەوادەی من بوویت، تاکە هاوڕێی من بوویت، هەموو شتێکی من بوویت. ئێستاش کە منت جێهێشتووە، ئەوا نازانم ڕوو لە کوێ بکەم، نازانم چی بکەم. خۆزگە منیشت لەگەڵ خۆت بردبا تاکو هەست بەم تەنیاییە نەکەم، خۆزگە منیش مردبام تاکو لە دونیایەکەی تر بە یەکەوە بووباین، خۆزگە...

دواتر بە هۆی گریانی زۆرەوە نەیتوانی هیچ قسەیەکی تر بکات. پاش ئەوەی کە هەرسێکیان بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوون، ئەوا هاڤی ڕووی لە چاوان کرد و گوتی: شتێک نییە کە بتوانم بیڵێم بۆ ئەوەی دڵنەواییت بدەمەوە، شتێک نییە کە بتوانم بیڵێم بۆ ئەوەی برایەکەتی پێ زیندوو بکەمەوە، بەڵام دەتوانم شتێکی تر بڵێم... تۆ تەنیا نیت، تۆ بێ هاوڕێ نیت، تۆ بێ خانەوادە نیت. هەرچەندە ناتوانین جێی

**برایەکەت بگرینەوە، بەڵام ئێمە ئێستا هەموو شتێکی تۆین، وە تۆش هەموو شتێکی ئێمەیت، لەوە دڵنیابە!**

**(ئێلا)ش بە هەمان شێوە قسەکانی ئەوی پشتڕاست کردەوە و گوتی: لەمەودوا ئێمە خانەوادەی تۆین.**

**دوای ئەوەی کە چاوان گوێی لەو قسانە بوو، ئەوا نەیزانی کە چی بڵێت، بۆیە تەنیا باوەشێکی توندی بە (ئێلا)دا کرد و دواتر ڕوویکردە لای هاڤی. هاڤی باوەشی بۆ کردەوە بەوەی کە وایزانی باوەشیش لەو دەدا. بەڵام چاوان کە لەو کاتەدا فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، ئەوا گوتی: باوەشت لێ نادەم.**

**هاڤی کە گوێی لەمە بوو، ئەوا دڵی بە ئەندازەیەک شکا کە خەریک بوو وای لێ بێت بە هۆی ئازارەوە فرمێسک بڕێژێت. دەستەکانی نزم کردەوە و ڕوویەکی خەماوی ڕووخساری داگرت.**

**دواتر چاوان لێی نزیک بۆوە، دەستەکانی بردە بن گوێیەکانی و سەری ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لە هەمان کاتیشدا سەری خۆی لار کردەوە تاکو لووتی بە لووتی ئەو نەکەوێت. دوای ئەمە، ئەوا لێوەکانی بۆ پێشەوە برد و ماچێکی ناو دەمی کرد.**

**دواتر کە لە ماچەکەی تەواو بوو و سەری کەمێک دوور خستەوە، ئەوا چاوان بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: سوپاس.**

**هاڤی هیچی نەگوت بەوەی کە زمانی گیرابوو، (ئێلا)ش بە پێویستی نەزانی کە هیچ جۆرە قسەیەک بکات. بۆیە هەرسێکیان لە شوێنی خۆیان وەستان، دەستی یەکتریان گرت و بۆ ماوەی خوولەکێک لە نزیک گۆڕی ئەو بە بێدەنگی مانەوە.**

## بەشی یازدەیەم

## سەرەتایەکی تازە

چوار مانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە تێیدا برای چاوان مرد، لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا، ئەوا هاڤی لەگەڵ ئێلا (چاوان)یان فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکەکان دەکرد، ئەمەش دوو هۆکاری لە پشتەوە بوو. یەکەمیان بۆ ئەوە بوو تاکو چاوان فێری ئەوە بێت کە چۆن بەرگری لە خۆی بکات، دووەمیش بۆ ئەوە بوو تاکو کەمێک سەرقاڵ بێت و خەمی لەدەستدانی برایەکەی کەم خامۆش بێتەوە. بەم شێوەیە بەردەوام بوون تاکو لە کۆتاییدا چاوان فێری تەواوی تەکنیکەکانی بەکارهێنانی چەقۆ و تەقاندنی دەمانچە بوو. ئەم مەشقە سوودێکی دەروونی باشی بۆ چاوان هەبوو بەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەم لەسەر لێوەکانی دەڕۆیشت. لەو ماوەیەی کە هاڤی مەشقی پێدەکرد، ئەوا ئەو دووانە زیاتر و زیاتر دەکەوتنە داوی خۆشەویستی یەکترییەوە، تاکو وای لێهات هاڤی ڕۆژێک بە ئامادەبوونی ئێلا ئەڵقەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و داوای هاوسەرگیری لێ کرد. چاوان بێ دوودڵی ڕازی بوو، بۆیە ئەڵقەکەی خستە ناو پەنجەیەوە و دواتر یەکتریان ماچ کرد.

ئێلا ڕۆیشتە بەردەمیان و پیرۆزباییان لێکرد، زۆر بۆیان دڵخۆش بوو. دوای ئەوەی کە پیرۆزبایی لە هەردووکیان کرد، ئەوا گوتی: بەڵام چۆن هاوسەرگیرییەکە بەجێ دەهێنن لە کاتێکدا دادوەرێکی یاسایی بوونی نییە؟

هاڤی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: پێویست بەوە ناکات بەوەی کە ئێمە چیتر ملکەچی ڕێسایەکانی ژیانی ڕابردوو نین.

ئێلا هاوڕای قسەکەی بوو، ئەویش لەو بڕوایەدا بوو کە چیتر یاسا و ڕێسایەکانی ژیانی ڕابردوو بەسەر ئێستادا جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو بگرە هیچ نرخێکیشیان نەماوە.

دوای ماوەیەک، ئەوا ڕۆژێکیان هاڤی ڕۆیشتە دەرەوە تاکو لە بارودۆخی دەرەوە بکۆڵێتەوە. ئەمەش کارێکی ڕۆتینی بوو بەوەی کە هەر سێ ڕۆژ جارێک هاڤی یان ئێلا دەڕۆیشتە دەرەوە تاکو هەواڵ بێنێت. بەهەرحاڵ کاتێک هاڤی سێ کیلۆمەتر لەو شوێنە دوورکەوتەوە کە تێیدا خۆیان حەشار دابوو، ئەوا دیمەنێکی بینی کە ئەوی تاساند. بینی کە هەزارەها ئاکورا بەرەو باکوور دەجووڵێن، بەرەو ئەو شوێنەی کە ئێلا و (چاوان)ی لێیە. هەر کە ئەوەی بینی، ئەوا ڕایکرد و بەرەو لای ئەوان گەڕایەوە، کە هاڤی گەڕایەوە، ئەوا بە شپرزەیی و ترسێکی زۆرەوە گوتی: هەر ئێستا خۆتان بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەن، پێویستە لێرە ڕاکەین!

ئێلا و چاوان بەم قسە لەپڕەی نیگەران کەوتن، بۆیە ئێلا گوتی: چی بووە هاڤی، بۆوا شپرزەیت؟

-ڕەوەیەکی گەورەی ئاکورا بەرەو ئێرە دێت، پێویستە هەر ئێستا لێرە بڕۆین و سواری ئۆتۆمبێلەکە بین!

ئێلا پرسی: کام ئۆتۆمبێل، ئەوە باسی چی دەکەیت؟

هاڤی بیری هاتەوە کە باسی ئۆتۆمبیلەکەی بۆ ئەوان نەکردبوو، بۆیە گوتی: لە ڕێگادا بۆتان باس دەکەم، با جارێ لێرە بڕۆین!

دواتر هەردووکیان بەقسەیان کرد و خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن، زۆری پێ نەچوو کە لە ماوەیەکی کەمدا توانیان بە خێرایی لەوێ بڕۆن. دوای ئەوەی کە هەرسێکیان کەوتنە سەر ڕێگا، ئەوا بەرەو ڕووی ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتن، بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکە. لە کاتێکدا کە بە خێرایی بەسەر ڕێگادا دەڕۆیشتن، ئەوا هاڤی دەستی بە قسەکردن کرد و

گوتی: ویستم تاکو ماوەیەکی تریش بوونی ئۆتۆمبێلەکە بشارمەوە، دەمویست ببێت بە سوپرایز. بەهەرحاڵ دڵنیام تێبینی ئەوەتان کردبوو کە هەر جارێک بە تەنیا دەڕۆیشتمە دەرەوە، ئەوا کاتێکی زۆرم پێ دەچوو تاکو دەگەڕامەوە. هۆکاری ئەمەش بریتی بوو لەوەی کە ئۆتۆمبێلێکی گەورەم دۆزییەوە کە کاری دەکرد، بەڵام بەنزینی تێدا نەبوو. بۆیە هەر جارێک کە دەچوومە دەرەوە، ئەوا بەنزینم لە بەنزینخانە کۆنەکان کۆدەکردەوە، هەرچەندە بەنزین کەم بوو، بەڵام توانیم بای پێویست کۆبکەمەوە. دواتریش ڕۆیشتمە سەر ئۆتۆمبێلە جێهێڵدراوەکان تاکو بەنزینیان لێ دەربهێنم، بەم شێوەیە توانیم چەندین دەبەی گەورە پڕ بکەم تاکو لە ڕێگادا ئۆتۆمبێلەکە بە هۆی کەمی بەنزینەوە لەکار نەکەوێت. دەمزانی کە تووشی ڕۆژێکی لەم شێوەیە دەبین، بۆیە تاکو ئەمڕۆ هەر خەریکی ئامادەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلە بووم. با خێراکەین، ئۆتۆمبێلەکە لێرەوە دوور نییە، لە سووچێکی نادیاری بن بینایەک شاردوومەتەوە.

دوای چەند خوولەکێک ڕۆیشتنە لای ئەو بینایەی کە هاڤی باسی لێوە کرد، ئۆتۆمبێلەکەیان دۆزییەوە و سەرکەوتنە سەری. شتەکانیان لە دواوە دانا و دواتر بەڕێکەوتن. لە کاتێکدا کە هاڤی شۆفێری دەکرد، ئەوا ئێلا بە وریاییەوە سەیری دواوە و پێشەوەی دەکرد، (چاوان)یش کە لە تەنیشت ئەو لە دواوە دانیشت بوو بە هەمان کار هەستا. لە کاتێکدا کە لە شارەکە دەچوونە دەرەوە، ئەوا چەند "ئاکورا"یەک لەسەر ڕێگا دەرکەوتن، هاڤی کە ئەوانی بینی، ئەوا نەوەستا، بەڵکو خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی زیاد کرد و پێی لە هەموویان نا. دوای نزیکەی بیست خوولەک، ئەوا لە شارە کۆنەکەیان چوونە دەرەوە. دوای ماوەیەک لە بەجێهێشتنی ئەوێ، ئەوا هاڤی لایدایە سەر ڕێگایەکی قیرنەکراوی چۆڵ. بۆ ماوەیەک لەوێ وەستان، سەیری دەوروبەریان کرد تاکو دڵنیابن کە هیچ مەترسییەک لە دەرەوە بەرۆکیان ناگرێت.

دوای ئەوەی کە لە سەلامەتی دەرەوە دڵنیابوونەوە، ئەوا هەرسێکیان لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنە دەرەوە و کەوتنە گفتوگۆکردن. سەرەتا چاوان دەستی بە قسە کرد و گوتی: ئایا بەڕاستی پێویستی دەکرد شارەکە بەجێ بهێڵین؟ وەکو گوتت ڕەوەکە بەرەو باکوور دەڕۆیشت، بۆچی ئێمە بە ئاڕاستەی پێچەوانە نەڕۆیشتین؟ بەم شێوەیە لەدەستی ئەوان ڕزگارمان دەبوو و ناچاریش نەدەبووین شوێنێک بەجێ بهێڵین کە لێی شارەزاین.

هاڤی وەڵامی دایەوە و گوتی: بەرەو هەر ئاڕاستەیەک ڕۆیشتبان، ئەوا هەر مایەی مەترسی بوون. دڵنیام کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا ئاڕاستەی خۆیان دەگۆڕی، وە دڵنیاشم کە بە پێی کات ژمارەیان زیاتر دەبوو، بۆیە نەمتوانی سەرکێشی بکەم و ڕێگە بدەم لەوێ بمێنینەوە.

(ئێلا)ش هاوڕای قسەکانی ئەو بوو.

دوای ئەوەی کە چاوان دانی بە درووستی قسەکانی ئەو دانا، ئەوا گوتی: زۆرباشە، لەوە تێدەگەم. بەڵام ئەی ئێستا چی بکەین، ڕوو لە کوێ بکەین؟

هاڤی نەخشەیەکی لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و نیشانی ئەوانی دا، دواتر ئاماژەی بە شوێنێک کرد و گوتی: لە دووری سەد کیلۆمەتر بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتەوە گوندێک هەیە کە لەناو دۆڵێکی قووڵدایە، شوێنێکی دوورەپەرێزە، بۆیە دڵنیام کە لەوێ هیچ "ئاکورا"یەکی لێ نییە. وە شایەنی باسیشە کە دارستانێک لەوێ نزیکە و جۆرەها داری میوەی تێدایە، لە هەمان کاتیشدا زەمینی گوندەکە بۆ کاری کشتوکاڵی زۆر باشە. ئەو گوندە بیست کیلۆمەتر لەو شارۆچکەیە دوورە کە تێیدا گەورە بووم، زۆرجار سەردانی ئەو گوندەم دەکرد بەوەی کە شوێنێکی جوان و بێدەنگ بوو. دڵنیام کە ئێستا هیچ کەسێک لەوێ ناژیت بەوەی کە ماوەی چەندین ساڵ پێش ئێستا گوندنشینە کۆنەکانی ئەوێ بەرەو شار گواستیانەوە. ژمارەی خانووەکان بریتین لە

چوار دانه، بۆیە گوندەکە بچووکە. بەڵام ئەمە شتێکی باشە بەوەی کە دەتوانین باش بیپارێزین، دەتوانین درەختەکانی نزیک ئەوێ ببڕین و دیوارێکی دارین لە دەوری گوندەکە درووست بکەین. ئەوێ باشترین و سەلامەتترین شوێنە کە تێیدا بتوانین دووبارە دەست بە ژیانکردن بکەینەوە.

قسەکانی ئەو سەرنجی هەر یەکە لە ئێلا و (چاوان)ی ڕاکێشا، بۆیە بە پێشنیاری چوونیان بۆ ئەوێ ڕازی بوون. دواتر هاڤی نەخشەکەی هەڵگرتەوە و هەرسێکیان دووبارە سەرکەوتنەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە. هەرچەندە شوێنی مەبەست تەنیا سەد کیلۆمەتر دوور بوو، بەڵام نەیانتوانی خێرا ئەو دوورییە ببڕن بەوەی کە ڕێگا پڕ بوو لە ئۆتۆمبێلی جێهێڵدراو و لاشەی مردوو. زۆر جار ڕاستەوخۆ بەسەر ڕێگای قیرکراودا نەدەڕۆیشتن، بەڵکو بەسەر ڕێگای گڵکراوی نزیک ڕێگا سەرەکییەکەدا دەڕۆیشتن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئۆتۆمبێلە جێهێڵدراوەکان ڕێگایان بە تەواوی گرتبوو. کاتێک ڕێگا گڵکراوەکەش کۆتایی پێ دەهات، ئەوا دەگەڕانەوە سەر ڕێگای سەرەکی، دواتریش کە تووشی ئۆتۆمبێلی تر دەبوون، ئەوا هەرسێکیان دادەبەزین و پاڵیان پێوەدەنا تاکو لەسەر ڕێگای لابەرن. بە هۆی ئەم بەربەستانەوە، ئەوا ڕۆژی یەکەم توانیان تەنیا بیست کیلۆمەتر ببڕن. کاتێکیش کە شەو داهات، ئەوا لە شارۆچکەیەکی بچووکی بەتاڵی نزیک خۆیان لایاندا. شەوەکەیان لە یەکێک لە خانووە چۆڵەکان بەسەر برد و بۆ بەیانی داهاتووش بەڕێکەوتنەوە. ڕۆژی دووەم لە ڕۆژی یەکەم باشتر بوو بەوەی کە ڕێگا بەربەستی کەمتری لەسەر بوو، ئەمەش وایکرد کە بتوانن مەودایەکی باش ببڕن. دوای ماوەیەک بەسەر پردێکی گەورەدا پەڕینەوە کە دوو شارۆچکەی بچووکی بە یەکەوە دەگەیاند. لە کاتێکدا کە بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە، ئەوا لە نزیک کەنار ڕووباری خوار پردەکە گوێیان لە دەنگی هاواری کۆمەڵە کەسێک بوو. پاش ئەمە لە ئۆتۆمبێلەکەیان دابەزین و بینیان کە کۆمەڵە "ئاکورا"یەکی زۆر دەوری گروپێکی شەش کەسیان داوە. دوو کوڕ لە پێشەوە کە هەر یەکەیان لقی

**دارێکی گەورەیان پێ بوو، ئەوا ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. لە دواوەش سێ کچ و کوڕێکی بچووک وەستابوون کە بە هۆی ئەو دیمەنەوە ترسێکی تۆقێنەر دایانگرتبوو، هەر هاواریان دەکرد و داوای یارمەتییان دەکرد.**

**کاتێک ئەوەیان بینی، ئەوا هاڤی سەیری (چاوان)ی کرد، دەیزانی کە ناچاری دەکات بە هانایانەوە بچێت، بۆیە پێش ئەوەی چاوان قسە بکات، ئەوا هاڤی گوتی: دەڕۆین و ڕزگاریان دەکەین، ئێلا، خۆت ئامادە بکە. چاوان، تۆش لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنەوە.**

**-نەخێر، منیش لەگەڵتان دێم.**

**-ئەمە کارێکی پڕ مەترسییە، ناتوانم ڕێگەت پێ بدەم .**

**-چوار مانگ مەشقتان بە من کرد تاکو بۆ ساتێکی لەم شێوەیە خۆم ئامادە بکەم، ئێستاش کە ئامادەم، ئەوا دەمەوێت منیش یارمەتیتان بدەم.**

**-بەڵام ...**

**-پێویست ناکات نیگەران بیت گیانەکەم، دەزانم کە چی دەکەم.**

**دواتر لێوی لە لێوەکانی نزیک کردەوە و ماچێکی نەرمی کرد.**

**دوای ئەمە ئێلا ڕوویکردە هاڤی و گوتی: ڕاست دەکات هاڤی، ئەو ماوەیەکی زۆرە خۆی بۆ ساتێکی لەم شێوەیە ئامادە دەکات.**

**هاڤی کە گوێی لە پێداگیری هەردووکیان بوو، ئەوا ناچار بوو کە بە قسەیان بکات، بۆیە ڕازی بوو کە (چاوان)یش لەگەڵ خۆیان ببات.**

**هاڤی داری بەیسبۆڵەکەی بە قایشەکەی بەست و دەمانچەکەشی بەرز کردەوە، (ئێلا)ش شمشێرەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا و دواتریش چاوان ئەو چەقۆیەی هەڵگرت کە ماوەیەک لەمەوبەر ئێلا پێیدا بوو.**

هەرسێکیان خۆیان ئامادەکرد و دواتر بەرەو خوارەوەی پردەکە بەڕێکەوتن. کە ڕۆیشتنە خوارەوە و ڕووبەڕووی "ئاکورا"یەکان بوونەوە، ئەوا هاڤی بە پێچەوانەی کاتەکانی تر یەکەم کەس بوو کە ڕۆیشتە پێشەوە، بە دەمانچەکەی پازدە فیشەکی تەقاند و هەر پازدە فیشەکەکەش ئامانجی خۆیان پێکا. لاشە مردووەکان لە بەردەم ئەودا وەکو دڵۆپەی باران بەردەبوونەوە. هۆکاری ئەم سەرکێشییەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە دەیویست خێرا کۆتایی بەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بێنێت تاکو چاوان لەوێ دوورخاتەوە. بەهەرحاڵ کاتێک مەخزەنی دەمانچەکەی تەواو بوو، ئەوا دەمانچەکەی خستەوە ناو کیفەکەی و داری بەیسبۆڵەکەی لە قایشەکەی کردەوە، دارەکەی بەرز کردەوە و دووبارە هێرشی کردەوە سەریان. لە هەمان کاتدا کە ئێلا و چاوان پێکەوە بوون، ئەوا پێکەوە هێرشیان دەکردە سەر "ئاکورا"یەکان، ئێلا لە لای ڕاست و (چاوان)یش لە لای چەپ. ئێلا وەکو هەمیشە خێرا و بەتوانا بوو، بە شمشێرەکەی هێرشی دەکردە سەریان تاکو لە کۆتاییدا نزیکەی یازدە "ئاکورا"ی کوشت.

هەرچەندە چاوان وەکو ئێلا خێرا نەبوو، بەڵام توانایەکی باشی هەبوو بەوەی کە کاتێک "ئاکورا"یەک دەهاتە پێشییەوە، ئەوا وەکو چۆن ئێلا فێری کردبوو نووکی چەقۆیەکەی دەخستە ناو چاویان و تاکو مۆخیان پاڵی پێوەدەنا، بەم شێوەیە توانی نزیکەی پێنج ئاکورا بکوژێت. کاتێک کە ڕووبەڕوو بوونەوەکە کۆتایی پێهات، ئەوا کەنار دەریایەکە وەکو دەریایەک لە خوێنی لێهاتبوو. دوای ئەوەی کە گروپەکەیان ڕزگار کرد، ئەوا ڕۆیشتنە لایان. هاڤی لە دوو کوڕەکە نزیک بۆوە و گوتی: هەرچەندە ئاشکرایە کە لە شەڕکردندا باش نین، بەڵام بەوپەڕی توانا و بوێرییەوە ڕووبەڕوویان بوونەوە، لە هەمان کاتیشدا گروپی خۆتان پاراست، ڕێز لەم کارەتان دەگرم. من ناوم (هاڤی)یە، ئەمەی لای ڕاستم ناوی (ئێلا)یە، ئەمەی لای چەپیشم هاوسەرەکەمە، چاوان.

دواتر یەکێک لەوان هاتە پێشەوە کە دیار بوو لە هەمووان گەورەتر بوو، لێیان نزیک بۆوە و گوتی: منیش ناوم (براگی)یە، ئەوەی ئێستاش لە نزیک منەوەیە برایەکەمە، ئیرۆس.

دوای ئەمە ئاماژەی بە سێ کچەکە و کوڕە بچووکەکە کرد، دواتر ئەوانیشی ناساند و گوتی: ئەمانەش بریتین لە فلۆرا، مایا، فریێا، وە (دامۆن)ی بچووک.

دوای ئەوەی کە براگی لە ناساندنی ئەوان تەواو بوو، ئەوا ئێلا بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە گوتی: خۆشحاڵین بە ناسینتان.

کاتێک براگی ڕوویکردە لای ئێلا، ئەوا ڕووخساری سوورهەڵگەڕا و لەپڕ هەناسەی لێ بڕا. هەرگیز لە ژیانیدا کچێکی بەو ڕاددەیە جوانی نەبینی بوو. ویستی قسەیەک بکات، بەڵام زمانی گیری خواردبوو، نەیزانی چی بڵێت. بۆیە بە شەرمەوە ڕووی لێوەرگێڕا، ئێلا ئەمە ڕوو وەرگێڕانەی ئەوی بەلاوە سەیر بوو، بەڵام هیچی نەگوت. بەهەرحاڵ دواتر براگی کەمێک هاتەوە سەر خۆی و پاش چەند ساتێک ڕووی لە هاڤی کرد، گوتی: سوپاستان دەکەین، ئەگەر ئێوە نەبوویان، ئەوا تێدا دەچووین.

(هاڤی)ش گوتی: شایەنی نییە، خۆشحاڵم کە توانیمان یارمەتیتان بدەین.

دوای ئەم قسەیە، ئەوا هاڤی کشایەوە دواوە و خێرا ماڵاوایی کرد، بەڵام چاوان ڕێگری لێ کرد و پێی گوت: ئاشکرایە کە ئەوانە کەسانێکی باشن، وە پێویستیان بە یارمەتی ئێمەیە، ناکرێت لێرە بە تەنیا جێیان بهێڵین لە کاتێکدا کە منداڵێکی بچووکیان لەگەڵە.

-ئەوەی لەسەرمان بوو ئەنجاممان دا، هیچی ترمان پێناکرێت.

-نەخێر، هەڵەیت. هێشتا کارێکی تر ماوە کە بتوانین ئەنجامی بدەین.

دواتر چاوان ڕۆیشتە لای ئەوان و گوتی: سەیرکەن، نازانم کە ئایا شوێنێکتان هەیە بۆی بچن یان، بەڵام پێم باشە کە لەگەڵ ئێمەدا بێن. ئێمە بەرەو شوێنێکی سەلامەت دەچین، وە خۆراکی پێویستیشمان پێیە، بۆیە ڕاتان چییە؟

هاڤی خێرا قۆڵی (چاوان)ی گرت و لەوێ دووری خستەوە، دواتر گوتی: ئەوە شێت بوویت؟! بۆچی ئەوەت پێ گوتن؟! ئێمە ئەوانە ناناسین، نابێت متمانەیان پێ بکەین!

چاوی قۆڵی خۆی لە دەستی ئەو دەرهێنا و گوتی: وەکو گوتم کە ناتوانین لێرە بە تەنیا جێیان بهێڵین. دەزانم کە متمانەیان پێ ناکەیت، بەڵام دەتوانیت متمانە بە من بکەیت. مادام لە من دڵنیایت، ئەوا دەتوانیت لەوانیش دڵنیا بیت، من گرەنتییان دەکەم. هەروەها ئازیزەکەم، ناکرێت بۆ هەتاهەتایە بوونی کەسانی تر لە ژیانماندا ڕەت بکەینەوە، پێویستە یەک بگرین تاکو بەسەر ئەم بارودۆخەدا زاڵ بین.

لە کاتێکدا کە هاڤی و چاوان دەمەقاڵێیان بوو، ئەوا ئێلا گوێی لە هەموو شتێک بوو. بۆیە ڕۆیشتە لایان و گوتی: هاڤی، چاوان ڕاست دەکات. پێویستە ئەوانە لەگەڵ خۆمان ببەین بەوەی کە دەتوانین سوود لە دەستەی کاری ئەوان ببینین. ئەگەر ئەوانە لەگەڵمان بێن، ئەوا لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانین دیوار بۆ گوندەکە دروست بکەین، وە چەندین سوودی تریشیان دەبێت.

ئێلا ئاماژەی بە چەند خاڵێکی جواندا، بۆیە هاڤی بە پێشنیاری چاوان ڕازی بوو. کاتێک هەرسێکیان لە گفتوگۆیەکەیان تەواو بوون، ئەوا دووبارە گەڕانەوە لایان. هاڤی ڕۆیشتە پێشەوە و گوتی: وەکو هاوسەرەکەم پێشنیاری کرد، ئەوا حەز دەکەین لەگەڵمان بێن، دڵنیابن کە دەتانپارێزین. ئەو شوێنەی بۆشی شوێنێکی سەلامەتە، بەڵام پێویستی بە کارێکی زۆرە تاکو بە کەڵکی ژیانکردن بێت، بۆیە پێویستە ئێوەش یارمەتیمان بدەن.

کاتێک براگی ئەو پێشنیارەی بیست، ئەوا زۆر دڵخۆش بوو، ئەوە هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەوان. دواتر مۆڵەتی لە هاڤی وەرگرت تاکو بچێت قسە لەگەڵ گروپەکەیدا بکات، ئەوانی ڕازی کرد و دواتر بە ڕوویەکی دڵخۆشەوە گەڕایەوە. ڕوویکردە هاڤی و گوتی: بۆ ئێمە جێی شانازییە کە بتوانین لەگەڵ ئێوەدا بێین، وە دڵنیات دەکەمەوە کە هەرچییەک لە تواناماندا بێت بۆ یارمەتیدانی ئێوە، ئەوا ئەنجامی دەدەین.

دواتر هاڤی و براگی تۆقەیان کرد و ڕێککەوتن.

دوای ئەوەی کە هەمووان ڕازی بوون، ئەوا سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێکەوتن.

نزیکەی دوو ڕۆژی تریان پێچوو تاکو بە شوێنی مەبەست گەیشتن، بەڵام ئەوە شتێکی باش بوو بەوەی کە ئەو دوو ڕۆژە هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساند باشتر یەکتری بناسن، لە هەمان کاتیشدا هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساند کە لای هەندێک گوند و شارۆچکەی چۆڵ لابدەن تاکو هەندێک کەرستە و کەلووپەلەلی دیاریکراو بدۆزنەوە. بۆتان باسی تەواوی ڕووداوەکان ناکەم بەوەی کە زیاد لە پێویست درێژە دەکێشێت، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە گروپی براگی خۆی سەلماند بەوەی کە لە دۆزینەوەی پێداویستی سەرەتایی و کەرستەی پێویست شارەزا بوون، بۆ هەر شوێنێک ڕۆیشتبان، ئەوا شتێکیان دەدۆزییەوە کە سوودی هەبێت. هاڤی لە کۆتاییدا دانی بەوە دانا کە ئەوە بیرۆکەیەکی باش بوو ئەوان لەگەڵ خۆیان ببەن. بەهەرحاڵ کاتێک گەیشتنە دۆڵە قووڵەکە، ئەوا چیتر ڕێگایەک نەما تاکو ئۆتۆمبێلەکە بتوانێت پێیدا بڕوات. بۆیە ئۆتۆمبێلەکەیان لای کۆمەڵە درەختێک شاردەوە و خۆشیان بە پێ بەڕێکەوتن. بارێکی قورس کەوتبووە سەر شانیان بەوەی کە شتانێکی زۆریان هەڵگرتبوو. هەرچەندە بارەکەیان قورس بوو، بەڵام بەرگەیان گرت و بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن. کاتێک گەیشتنە لای گوندەکە، ئەوا وەکو هاڤی پێشبینی کرد هیچ کەسێک و هیچ "ئاکورا"یەک لەوێ بوونی نەبوو، بە تەواوی چۆڵ بوو.

**دواتر بارەکانیان لای خانووەکان دانا و ڕۆیشتنە ناوەوە. بینیان کە بەکەڵکی ژیانکردن دێت، بۆیە دوو خانوو درا بە گروپی براگی، دوو خانووەکەی تریش یەکێکیان بوو بە موڵکی هاڤی و چاوان، ئەوی تریش بوو بە موڵکی ئێلا. هەڵبەتە هاڤی داوای لێکرد کە بێتە پاڵ ئەوان بژیت، بەڵام ئێلا ڕەتی کردەوە و گوتی کە باشترە بە تەنیا بێت.**

**دوای چەند ڕۆژێک لە ئامادەکردنی خانووەکان بۆ ژیانکردن، ئەوا تەواو بوون. پاش ئەمە هاڤی پلانی بەستنی دیوارە دارینەکەی بۆ براگی و ئیرۆس باس کرد، هەردووکیان ئەو بیرۆکەیان بەدڵ بوو، بۆیە ڕاستەوخۆ دەست بەکار بوون. تەورەکانیان هەڵگرتوو و بەرەو دارستانەکە بەڕێکەوتن تاکو دەست بە بڕینی درەختەکان بکەن. تەنیا ئەو درەختانەیان دەبڕی کە بەروبوومیان نەبوو، دەستیان لەو درەختانە نەدەدا کە خۆراکیان بۆ ئەوان دابین دەکرد. دوای حەفتەیەک لە درەخت بڕین، ئەوا داری پێویستیان کۆکردەوە تاکو بە دەوری گوندەکەدا دیوارێک درووست بکەن. هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی چەند کاژێرێکی زۆر قەدی دارەکانیان بە شێوەیەک دەبڕی کە لە ڕووی بەرزییەوە هاوئاستی یەکتری بن. پاش ماندووبوونێکی زۆر، ئەوا لە کۆتاییدا و دوای نزیکەی سێ مانگ توانیان دیوارێکی دارینی بەرز بە دەوری گوندەکەدا ببەستن. دیوارەکە نزیکەی دە مەتر بەرز بوو، لە ناوەندیشییەوە دەروازەیەکی گەورەی پتەوی بۆ درووستکرابوو تاکو بتوانن پێیدا هاتووچۆ بکەن. هەمووان شانازیان بەو سێیانەوە کرد و ستاییشیان کردن بەوەی کە لە کۆتاییدا توانیان بە کارێکی وەها هەستن.**

**شەو کە هاڤی دوای تەواوبوونی دیوارەکە گەڕایەوە بۆ خانووە بچووکەکەی، ئەوا بە ماندوویی ڕۆیشتە ژوورەوە و ڕاکشایە سەر زەوی، بە ڕاددەیەک ماندوو بوو بوو کە خۆی پێ نەدەجوولا. دواتر چاوان هاتە لای و گوتی: بە بۆنەی تەواوکردنی دیوارەکە دەمەوێت دیارییەکت پێ ببەخشم.**

**هاڤی ڕاکشایە سەر لای ڕاستی و دەستی لە ژێر سەری دانا، دواتر پرسی: چ دیارییەک؟**

**-با بڕۆینە سەر جێگای خەوتنمان، لەوێ دیارییەکەت نیشان دەدەم.**

**هاڤی لە مەبەستی تێگەیشت، بۆیە زەردەخەنەی کرد و گوتی: باش دەزانیت کە من هەمیشە حەزم بە دیارییەکانت دێت، بەڵام ئێستا ماندووم، توانستی ئەو کارەم نییە، بۆیە با بۆ شەوێکی تر بێت.**

**پاش ئەم قسەیەی، ئەوا چاوان لێی نزیک بۆوە و بە شێوەیەک ماچی ناو دەمی کرد کە وایکرد هاڤی ئارەزووی هەستێت. ئەمە وایکرد کە هاڤی لە قسەی خۆی پەشیمان بێتەوە و بڵێت: دەزانیت چی، بەو ڕاددەیەش ماندوو نیم کە نەتوانم دیارییەکەی تۆ ببینم.**

**دوای ئەم قسەیەی، ئەوە بە چالاکییەکی زۆرەوە هەستا. دواتر دەستی یەکیان گرت و بە خێرایی ڕۆیشتنە سەر جێگای خەوتنیان.**

## بەشی دوازدەیەم و کۆتایی

## بەهەشتێک لەناو دۆزەخدا

دوازدە ساڵ بەسەر نیشتەجێبوونی ئەوان لە گوندەکەدا تێپەڕی، لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا زۆر شت ڕوویدا، لە نموونەی ئەو ڕووداوانەش، ئەوا چوار دانەی گرنگ دەخەینە ڕوو.

ڕووداوی یەکەم بریتی بوو لە فراوانکردنی سنووری دیوارەکان بەوەی کە لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر هاتنە پاڵیان، بۆیە ناچار بوون کە دیوارەکان فراوانتر بکەن تاکو جێگەی زیاتر بۆ خەڵک بکەنەوە. هەڵبەتە ئەمە شتێکی باش بوو بەوەی کە تاکو دەستەی کاری زیاتر هەبێت، ئەوا کارەکان بە شێوەیەکی خێراتر و باشتر ئەنجام دەدرێن. هۆکاری ئەو زیاد بوونەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هاڤی و ئێلا لە کاتی گەشتە ڕۆتینییەکانیاندا خەڵکانێکی زۆریان ڕزگار دەکرد، دواتریش دەیانهێنان بۆ گوندەکە. ئەمە لە ساڵانی سەرەتا ڕوویدا، ئەو ساڵانەی کە پێویستیان بە دەستەی کار بوو. چاوان بەوە دڵخۆش بوو کە لە کۆتاییدا هاڤی دڵی بۆ خەڵک کردەوە و چیتر ئەوانی لە خۆی دوور نەدەخستەوە. هەڵبەتە ئەمە کەمێک ڕاست بوو، بەڵام بە تەواوەتی نا بەوەی کە وەکو گوتمان هۆکاری سەرەکی هێنانی ئەوان بۆ گوندەکە بۆ ئەوە بوو تاکو سوود لە دەستەی کاری ئەوان ببینن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵی هاڤی کەمێک بۆ دەوروبەری نەرم بوو، ئەمەش گۆڕانێکی گەورە بوو. هۆکاری سەرەکی گۆڕانی ئەویش بریتی بوو لە چاوان، ئەو یارمەتیدا تاکو ببێت بە کەسێکی باشتر.

ڕووداوی دووەمیش بریتی بوو لە هاوسەرگیری ئێلا و براگی... بەڵێ، هاوسەرگیری ئێلا و براگی.

وەکو ئاشکرا بوو لەو ساتەوەی کە براگی چاوی بە ئێلا کەوت، ئەوا کەوتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە. هەمیشە بیری لێ دەکردەوە، تاکو وای لێهات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر بکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە. سەرەڕای ئەو خۆشەویستییە زۆرەی بۆ ئەو، ئەوا براگی هەرگیز هەستی خۆی دەرنەبڕی بەوەی کە بوێری نەبوو. هەر کاتێک براگی چاوی بەو دەکەوت پێدەکەوت، ئەوا بە هۆی شپرزەییەوە زمانی لێک دەهاڵا و قسەی بێمانای دەکرد. ئێلا کە بەو شێوەیەی دەبینی، ئەوا بەلایەوە زۆر سەیر بوو، نەیدەزانی کە بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، بۆیە وای لێهات کە لەمەودوا تەنیا سڵاوێکی سادەی لێ بکات و گرنگی پێ نەدا. ئەم گرنگی پێنەدانەی ئەو دڵی براگی شکاند، بە ڕاددەیەک دڵی شکاند کە وای لێهات شەوێکیان بە گریانەوە باسی حاڵی خۆی لای چاوان بکات. چاوان تاکە کەسێک بوو کە بتوانێت ئازاری دڵی لا باس بکات، تاکە کەسێک بوو کە لێی تێبگات. ئەو شەوەیان کە براگی باسی دڵی شکاوی و خۆشەویستی (ئێلا)ی بۆ ئەو باس دەکرد، ئەوا ئێلا بەڕێکەوت ڕێگای کەوتە لای ماڵی ئەوان تاکو سەردانی چاوان بکات. ویستی لە دەرگایەکە بدات کە لەپڕ گوێی لە دەنگی دوو کەس بوو، دەنگی ئەوانی ناسییەوە، زانی کە ئەوانە چاوان و (براگی)ن. لای دەرگایەکە وەستا و بە وردی گوێی بۆ قسەکانیان گرت. کاتێک براگی لە قسەکانی تەواو بوو، ئەوا ئێلا بە تەواوی تووشی شۆک بوو. باوەڕی بەوە نەکرد کە بیستی، باوەڕی بەوە نەکرد کە کەسێک هەبێت هەستێکی لەو شێوەیەی بۆ هەبێت. پاش ئەمە ئێلا لەوێ ڕۆیشت و گەڕایەوە ماڵەوە. ڕۆیشتە ژوورەکەی و لە سووچێکی تاریکدا کەوتە بیرکردنەوە. بۆ بەیانی داهاتوو ئێلا لەسەر جێگایەکەی هەستا، جێی باسە کە تەواوی شەوەکە بە هۆی بیرکردنەوە نەخەوتبوو.

**دوای ئەوەی کە هەستا، ئەوا خۆی یەکلایی کردەوە و بڕیاریدا کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکات. لە ماڵەکەی ڕۆیشتە دەرەوە تاکو چاوی بە براگی بکەوێت، ئەوی دۆزییەوە و پێی گوت کە دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات. کاتێک پێکەوە ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی چۆڵ، ئەوا براگی بە شڵەژاوییە سەیری (ئێلا)ی دەکرد بەوەی کە نەیدەزانی دەیەوێت چی پێ بڵێت، زیاتریش شڵەژا کاتێک ئێلا بۆ ماوەی خوولەکێکی تەواو بە بێدەنگی تێیڕاما. پاش ئەمە، ئەوا براگی بێدەنگییەکەی شکاند و بە شپرزەییەوە گوتی: وی... ویستت قسەم لەگەڵدا بکەیت؟**

**ئێلا وەڵامی نەدایەوە، تەنیا سەیری دەکرد. براگی لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک زیاتر و زیاتر شپرزەتر دەبوو، بۆیە گوتی: ئایا... ئایا شتێک ڕوویداوە؟ بۆوا بەم... بۆوا بەم شێوەیە سەیرم دەکەیت؟**

**ئێلا لێی نزیک بۆوە، بە ڕادەیەک لێی نزیک بۆوە کە خەریک بوو لووتیان بەریەک بکەوێت. دواتر ئێلا بێ پێدانی هیچ ئاگادارییەک، ئەوا بە دەستەکانی ئێقەکانی ئەوی گرت و لە خۆی نزیک کردەوە، دواتر سەری لار کردەوە و بە تووندی ماچی لێوەکانی کرد. براگی وەکو ئەوەی هەورەبرووسکە لێیدابێت لە شوێنی خۆی ڕەق بوو، نەیزانی کە چی بڵێت یاخود چی بکات، تەنیا لە شوێنی خۆی بە چاوێکی زەق و سەرسامییەوە وەستا.**

**دوای ئەوەی کە لە ماچەکەی تەواو بوو، ئەوا ئێلا گوتی: دوێنێ شەو هەموو شتێکم بیست، قسەکانی تۆ وایانکرد تەواوی شەوەکە نەتوانم بخەوم، تەواوی شەوەکەم لە بیرکردنەوەدا بەسەر برد، بەو ڕادەیە قسەکانت کاریان تێکردم. ئەم بەیانییە کە هەستام، ئەوا خۆم یەکلایی کردەوە، بڕیارم دا کە پێویستە چاوم بە تۆ بکەوێت تاکو باسی ئەم بابەتە بکەین.**

ویستم بڵێم کە ئێمە بۆ یەکتری گونجاو نین و زۆریش لێک جیاوازین. بەڵام... کاتێک تۆم بەم شێوەیە بینی، ئەوا خۆم بۆ نەگیرا و ماچم کردیت. ئێستا کە منیش هەمان هەستی تۆم هەیە، ئەوا با هاوسەرگیری بکەین، با ببین بە موڵکی یەکتر و هەرگیز پشت لە یەکتری نەکەین.

براگی کە هێشتا لە حاڵەتی سەرسووڕماندا بوو، بڕوای نەدەکرد کە ئەمە ڕاستی بێت، وایدەزانی کە خەونە. بەڵام کاتێک هۆشی هاتەوە سەر خۆی و زانی کە بەڕاستی ئەمە ڕوودەدات، ئەوا دەستەکانی خستە بن گوێی ئەو و لێوەکانی لە لێوەکانی ئەو نزیک کردەوە، دواتر ماچێکی نەرمی کرد.

کاتێک ئێلا و براگی هەواڵی هاوسەرگیریان ڕاگەیاند، ئەوا هەواڵەکە گەیشتە لای هاڤی، بڕوای بەوە نەکرد، بە ڕاددەیەک پێکەنی کە ڕووخساری سوورهەڵگەڕا. ئەم پێکەنینەی بۆ گاڵتەپێکردن نەبوو، هەر ئەوە بوو کە بەلایەوە سەیر بوو. بەهەرحاڵ کاتێک ئێلا و براگی ڕۆیشتن بۆ لای هاڤی، ئەوا هاڤی بە پێکەنینەوە گوتی: چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد ! کێ بڕوای بەوە دەکرد کە ئێلا داوای هاوسەرگیری لە کەسێک بکات!

بەهەرحاڵ ئێلا، بەم هەواڵە دڵخۆشم. براگی کوڕێکی باشە، دڵنیام کە لەگەڵت باش دەبێت. تۆش براگی، بەختت هەیە بەوەی کە کەسێکی وەکو ئەو هاتۆتە ناو ژیانت.

دواتریش چاوان هاتە لایان و باوەشی لە هەردووکیان دا، پیرۆزبایی لێ کردن و هیوای ژیانێکی بەختەوەریان بۆ خواست.

دوای ساڵێک لە هاوسەرگیریان، ئەوا دوو منداڵی نێری دووانەیان بوون. منداڵی یەکەمیان ناونا هاڤی، منداڵیشی دووەمیشیان ناونا ڤالی، ئەمەش ناوی برا کۆچکردووەکەی چاوان بوو.

ڕووداوی سێیەم لە ساڵەکانی کۆتاییدا ڕوویدا، ئەو ساڵانەی کە هەمووان بە ئەستەم بەڕێیان کرد.

وەکو سەرەتا باسکرا، ئەوا گوندەکە کە ئێستا وەکو شارۆچکەیەکی لێهاتبوو شوێنێکی سەلامەت بوو، ئەمەش تاکو ساڵەکانی کۆتایی درووست بوو. بەڵام ئەم سەلامەتی و ئارامییە کۆتایی پێهات کاتێک ڕەوەیەکی گەورەی ئاکورا ڕووی لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەوان کرد. هەمووان تووشی شۆک بوو بوون کاتێک ئەو ڕەوە گەورەیان لە دۆڵەکەدا بینی، هەرگیز چاوەڕوانی شتێکی لەو شێوەیان نەدەکرد. دوای ئەوەی کە ڕەوەکە نزیک بۆوە، ئەوا هاڤی فەرمانی کرد کە هەمووان بێنە ناوەوەی دیوارەکان و دەروازەکەش داخەن. ڕەوەکە لە کۆتاییدا دیوارەکان نزیک بوونەوە و بە توندی پاڵیان پێوە دەنا، بەڵام دیوارەکان پتەو بوون و خۆیان ڕاگرت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هاڤی لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا خۆی سەرپەرشتی فراوان کردن و تۆکمەکردنی دیوارەکانی دەکرد. ڕەوەکە نەیتوانی دیوارەکان تێکبشکێنێت، ئەمەش هەمووانی دڵخۆش کرد. هەڵبەتە ئەم دڵخۆشییەش زۆری نەخایاند بەوەی کە بۆ مانگێکی تەواو ڕەوەکە لە دەرەوەی دیوارەکان بوون و زۆر دوور نەکەوتەوە، ئەمەش وای لە گوندنشینەکان کرد کە وا هەست بکەن لەناو دیوارەکاندا زیندانی کراون. هەرچەندە بای ساڵێکی تەواو خۆراکیان لابوو، بەڵام هاڤی لەم بارودۆخە بێزار بوو، وە بڕوای وابوو کە تاکو ئەو "ئاکورا"یانە زیاتر لەوێ بمێننەوە، ئەوا تووشی مەترسی زیاتر دەبنەوە. بۆیە پێشنیاری ئەوەی کرد کە خۆی و چەند کەسێکی تر بچنە دەرەوە و سەرنجیان ڕاکێشن تاکو لەوێ دووریان بخەنەوە. براگی و ئێلا و دوو پیاوی تر ڕۆیشتنە لای، دواتر گوتیان کە دەیانەوێت لەو کارەدا بەشداربن. هاڤی ڕازی بوو و پلانەکەی دانا، بۆ بەیانی داهاتووش دەستیان بە جێبەجێ کردنی پلانەکە کرد. پلانی هاڤی ئەوە بوو کە هەر یەکە لەوان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا سەرنجی کۆمەڵە "ئاکورا"یەکان ڕاکێشن، دواتریش هەمووان کۆمەڵەکانیان بەرەو لای ئەو ئۆتۆمبێلە ببەن

**که پێش چەندین ساڵ لای درەختەکان شاردبوویانەوە. هەمووان بە کاری سپێردراوی خۆیان هەستان و کۆمەڵەکانیان بۆ شوێنی مەبەست برد. کۆتا هەنگاوی پلانی هاڤی بریتی بوو لەوەی کە بە ئۆتۆمبێلەکە سەرنجیان ڕاکێشێت و بەرەو دەرەی دۆڵەکە بیانباتە دەرەوە. هەرچەندە کە ماوەی ساڵەها بوو کار بە ئۆتۆمبێلەکە نەکرابوو، بەڵام هاڤی هەر هیوای پێ بوو، هیوایەکەشی لەجێی خۆی بوو. کاتێک ڕۆیشتە ناو ئۆتۆمبێلەکە و پێیکرد، ئەوا دەنگی بزوێنەرەکە بەرز بۆوە و ئۆتۆمبێلەکە دەستی بە جووڵە کرد. ئەوە بەڕاستی پەرجوو بوو.**

**بەهەرحاڵ وەکو پلانی بۆ دانا، ئەوا بە دەنگی ئۆتۆمبێلەکە سەرنجی ڕەوەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەرەو دەرەوەی دۆڵەکەی برد. هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تاکو چیتر دۆڵەکەی لێوە دیار نەما، لە هەمان کاتیشدا، ئەوا هێشتا ڕەوەکە بەدوای ئەوەوە بوو، ئەمە بۆ ئەو دڵخۆشکەر بوو. ئەوە مانای ئەوە بوو کە گوندەکەی چیتر مەترسی لەسەر نییە.**

**هەنگاوی دواتری بریتی بوو لە ڕزگارکردنی خۆی، بەڵام هەرچەندی بیری کردەوە، ئەوا نەیزانی چی بکات. دواتر بۆ خۆشبەختانە دوای چەند کیلۆمەترێک ئەو چاڵە گەورەیەی بینی کە لە خواروی دەشتێکی فراوانەوە بوو، ئەوە بیرۆکەیەکی پێ بەخشی. چاڵەکە بە ڕاددەیەک گەورە بوو کە تێیدا جێگەی هەزارەها کەس دەبۆوە، لەم حاڵەتەشدا جێگەی هەزارەها ئاکورا.**

**پلانی ئەوەی دانا کە ئۆتۆمبێلەکە بخاتە ناو چاڵەکەوە، بەو شێوەیەش ڕەوەکە بەدوای دەکەوێت و لەوێدا گیر دەخوات. دوای ئەمە، ئەوا خێرا دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی پلانەکەی. لە نزیک چاڵەکە ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند، دواتر بەردێکی لەسەر سووکانەکە دانا تاکو دەنگی هۆڕنەکە بەردەوام بێت، دواتریش دارێکی درێژی هێنا و کردی بە دوو لەت، لەتێکی لەسەر شوێن پێی بەنزینەکە چەق کرد تاکو ئۆتۆمبێلەکە بەردەوام بێت لە جووڵە. لە کاتێکدا کە ئۆتۆمبێلەکە لە چاڵەکە نزیک دەبۆوە و ڕەوەکەش وردە**

**وردە نزیک دەبۆوە، ئەوا ڕۆیشتە پشت بەردێکی گەورە و خۆی شاردەوە. ئۆتۆمبێلەکە کەوتە ناو چاڵە گەورەکە و ڕەوەکەش بەدوای کەوت. بەم شێوەیە گوندەکەی لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار کرد.**

**ڕووداوی چوارەمیش مانگێک دوای ڕزگارکردنی گوندەکە ڕوویدا، ڕووداوێک کە وایکرد خەم و پەژارە بکەوێتە سەر لێوی هەمووان.**

**دوای ئەوەی کە هاڤی گوندەکەی ڕزگار کرد، ئەوا چاوان لەپڕ نەخۆش کەوت. هۆکاری نەخۆشییەکەی و جۆری نەخۆشییەکەی نەزانراو بوو، تەنانەت ئەو پزیشکەش کە هاڤی ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕزگاری کرد و هێنای بۆ گوندەکە، ئەوا نەیزانی کە نەخۆشییەکەی چییە. تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە نەخۆشییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرگری چاوان لاوازتر و لاوازتر دەکات. جگە لە پێدانی دەرمانی ئازارشکێن و کەمکردنەوەی ئازارەکەی، ئەوا هیچی تری پێنەکرا. چاوان بۆ دوو مانگی تەواو لەسەر جێگا کەوت، ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشتر و لاوازتر دەبوو.**

**هاڤی نەیزانی چی بکات جگە لەوەی کە هەمیشە لای بێت و ئاگای لێ بێت. هەر کاتێک هاڤی کە ئەوی دەبینی بە هۆی ئازارەوە دەناڵێنێت، ئەوا دڵی بە ئەندازەیەک توووند دەبوو وەکو ئەوەی جەڵتە لێی بدات. هەرچەندە ترس و نیگەرانییەکی تەواو ڕوحی هاڤی داگرتبوو، بەڵام ساتێکیش ئەو ترس و نیگەرانییەی نیشانی چاوان نەدا، بەڵکو هەمیشە بە ڕوویەکی دەم بە خەندەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد و قسەی خۆشی بۆ دەکرد. ڕێگەی بە هیچ کەسێکیش نەدەدا کە دەربارەی نەخۆشییەکە لەگەڵ چاوان قسە بکات بەوەی کە نەیدەویست لەوە زیاتر ئازار بچێژێت.**

**لە کۆتا ڕۆژەکاندا، ئەوا هاڤی (ئێلا)ی کردە بەرپرسی گوندەکە، تەواوی کار و بەرپرسیاریەتییەکانی خستە ئەستۆی ئەو تاکو خۆی بتوانێت بە بەردەوامی ئاگای لە چاوان بێت. ئاگاداریشی بوو، تاکو کۆتا ساتەکانی ژیانی ئاگاداری بوو. کۆتا شەو**

**پێش ئەوەی چاوان بۆ هەتاهەتایە چاوەکانی داخات، ئەوا لەسەر جێگایەکەی دەستی هاڤی گرت و گوتی: ئازیزەکەم... هەردووکمان ئەو ڕاستییە دەزانین کە من چیتر کاتێکی زۆرم لەم ژیانەدا نەماوە، بۆیە... بۆیە دەمەوێت هەندێک شتت پێ بڵێم.**

**هاڤی بە دڵێکی شکاوەوە و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە گوێی بۆ گرت.**

**چاوان کەمێک کۆخی و دواتر بە دەنگێکی بێ هێزەوە گوتی: بیرتە کە دوای ئەوەی برایەکەم مرد، ئەوا تۆ و ئێلا گوتتان کە من لەمەودوا خانەوادەی ئێوەم؟ باشم بیرە بەوەی کە ئەو ساتە یەکێکە لە خۆشترین و بەنرخترین یادەوەرییەکانم. هەردووکتان لەسەر قسەی خۆتان... هەردووکتان لەسەر قسەی خۆتان بوون و منتان بەڕاستی قبووڵ کرد. دوای ماوەیەکیش من و تۆ هاوسەرگیریمان کرد، ئەوە باشترین بڕیاری ژیانم بوو، چونکە... چونکە...**

**چاوان دووبارە کۆخییەوە، دواتر کۆخەکەی وەستا و دەستی بە قسە کردەوە: چونکە تۆ منت دڵخۆش کرد. وات لێ کردم کە هەست بکەم من چیتر لەم جیهانەدا تەنیا نیم، وات لێ کردم کە چیتر هەست بە ئازار نەکەم.**

**هاوسەرە ئازیزەکەم... تۆ تەواوکەری منیت، تۆ ڕووناکی منیت، تۆ بوونێکیت لە من.**

**تۆم... تۆم... تۆم خۆش دەوێت.**

**دواتر چاوەکانی داخستن و هەرگیز نەیکردنەوە، بەم شێوەیە ڕوحی چاوان ماڵاوایی لە جیهان کرد.**

**بۆ ڕۆژی دواتر (چاوان)یان لە نزیک درەختێکەوە ناشت، ئەو درەختەی کە هەمیشە لە ژێر سێبەرەکەی دادەنیشت و بۆ چەندین کاژێر لە ژێر ئەوێدا کاتی بەسەر دەبرد. تەواوی گوندنشینەکان لە مەراسیمی ناشتنەکە ئامادەبوون بەوەی کە هەمووان (چاوان)یان دەناسی، (چاوان)ی میهرەبان.**

**بە گەورە و بچووکەوە فرمێسکیان بۆ ڕشت، بە گەورە و بچووکەوە دڵیان شکا، بە گەورە و بچووکەوە ئازاری لەدەستدانی ئەویان چەشت.**

**لەو ڕۆژەوە هاڤی هەرگیز وەکو خۆی لێ نەهاتەوە، چیتر ئەو پیاوە نەما کە پێشووتر بوو. بە لەدەستدانی چاوان، ئەوا ئومێدی هیچ شتێکی نەما، بە لەدەستدانی ئەو، ئەوا تەواوی جیهانی ڕووخا.**

**چیتر بەشداری لە کۆبوونەوەکان نەکرد، چیتر گەشتە ڕۆتینییەکانی ئەنجام نەدا، چیتر لە ماڵەوە نەهاتە دەرەوە. پەیوەندی لەگەڵی جیهانی دەرەوە پچڕاند و لەناو ئازارەکانیدا نوقم بوو.**

**سەرەتا ئێلا لە هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتەی تێدەگەیشت، بۆیە ماوەیەک وازی لێ هێنا، چونکە وایدەزانی کە پێویستی بە کاتە تاکو دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی. بەڵام نەگەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژیش خراپتر دەبوو. بۆیە ئێلا زۆر نیگەران بوو.**

**دوای ماوەیەک ڕۆیشتە لای، لە دەرگایدا، بەڵام بۆی نەکردەوە. بۆیە خۆی دەرگایەکەی کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە. بینی کە لە سووچێکی تاریک دانیشتووە و سەری خستۆتە نێوان ئەژنۆیەکانی. ئێلا بەمە دڵی شکا و خەمێکی کوشندە کەوتە سەر لێوەکانی، دواتر ڕۆیشتە لای و گوتی: ئەوە بۆوا لە خۆت دەکەیت؟! بۆچی وا خۆت ئازار دەدەیت؟! ئایا چاوان ئەمەی لە تۆ دەویست، ئایا چاوان دەیویست وا خۆت ئازار بدەیت؟! نەخێر، ئەو دەیویست تۆ دڵخۆش بیت، کەوایە بۆچی لە ویستی ئەو یاخی دەبیت؟!**

**هاڤی بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە سەری بەرز کردەوە، ڕووی لە ئێلا کرد و گوتی: کە ئەو مرد، ئەوا بەشێک لە منیش مرد.**

ئێلا بەم قسەیەی فرمێسک کەوتە سەر چاوەکانی، دواتر لای ئەو دانیشت و باوەشی پێدا کرد. بۆ ماوەی چەند خوولەکێک بە بێدەنگی تەنیا باوەشی پێداکرد. دواتر هەستایەوە سەر پێیەکانی و دەستی گرت، بردییە دەرەوە و دواتر جانتایەکی بۆ هێنا. جانتایەکەی پڕ کردبوو لە خواردن و پێداویستی سەرەتایی. چەکەکەشی پێدایەوە و دواتر گوتی: تاکو لەو ژوورە نەفرەتییدا بمێنیتەوە، ئەوا حاڵت بەرەو خراپتر دەڕوات، منیش بەرگەی ئەوە ناگرم. بۆیە بۆ ماوەیەک ئێرە جێبێڵە و پشوو بە مێشکت بدە تاکو دەگەڕێیتەوە سەر باری ئاسایی خۆت. تکایە، تکایە بەقسەم بکە.

کاتێک هاڤی بینی کە بەو شێوەیە تکای لێ دەکات، ئەوا بە دەنگێکی بێهێزەوە گوتی: باشە، بە قسەت دەکەم.

ئێلا کە گوێی لەوە بوو، ئەوا زۆر دڵخۆش بوو، بۆیە دووبارە باوەشی پێدا کردەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر پێکەوە ڕۆیشتنە بەردەم دەروازەکە، هاڤی جانتایەکەی لەپشت کرد و چەکەکەشی لە کیفەکەی هاویشت. ئێلا ویستی داری بەیسبۆڵەکەشی پێ بدات، بەڵام هاڤی ڕەتی کردەوە و گوتی: با هی خۆت بێت، چیتر کارم پێی نییە.

دواتر دەرگای دەروازەکە کرایەوە، لە کاتێکدا کە دەچوونە دەرەوە، ئەوا ئێلا گوتی: لە ئێستاوە بیرت دەکەم، بۆیە هەوڵبدە زوو چاک ببیتەوە و بگەڕێیتەوە بۆ لامان.

هاڤی زەردەخەنەیەکی بێهێز کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: باشە ئازیزەکەم.

دواتر باوەشیان لە یەکتری دا، هاڤی نێوچاوانی ئەوی ماچ کرد و خوداحافیزی کرد. دوای ئەوەی کە هاڤی ڕۆیشت، ئەوا ئێلا هەستی بە شتێکی سەیر کرد، هەستێک کە پێی دەگوت هاڤی هەرگیز ناگەڕێتەوە، هەستێک کە ئەوی دەترساند و ئازاری دەدا.

ئەم هەستە لە کۆتاییدا بوو بە ڕاستی بەوەی کە ئەوە کۆتا جار بوو ئێلا و هاڤی یەکتری ببیننەوە.

**هاڤی کاتێک لەسەر لێواری ئەو بینایە وەستابوو، ئەوا هەموو ئەمانەی لە ساتێکدا بیر هاتەوە. دڵخۆشی و دڵتەنگی، توندڕەوی و میهرەبانی، ژیان و مەرگ، هەموو ئەمانە لە ساتێکدا لە بیری ئەودا کەڵەکە بووبوون.**

**چیتر نەیتوانی بەرگەی لێشاوی ئەو هەموو هەست و بیرۆکانە بگرێت، بۆیە بڕیاریدا کە لەوێ کۆتایی بە هەموو شتێک بێنێت. لە کۆتا ساتی ژیانیشیدا، ئەوا هاڤی ڕوویکردە ئاسمان و گوتی: چاوان... ئازیزەکەم، وا هاتم.**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا دەمانچەکەی تەقاند و بە فیشەکەکە مێشکی خۆی پرژاند.**

# کۆتایی

باوکی تێگەیشتن ڕێنوێنیمان بکات